# قاوەخانەکەی دووره ڕێ

نوسینی : جۆن سترێڵکی
وەرگێڕانی لە ئنگلیزیەوە : ئدریس مستەفا


وێنەی نووسەر

پێشکەشە بە کەیسی و مایک و ئاننا...... جۆن

**دەربارەی نوسەر ...** (ئەمە لە ناوەوەی بەرگی دووەم نوسراوە-وەرگێڕ)

جۆن سترەڵەکی، شارەزایە لە بواری رێ نیشاندان و راوێژکاری خەڵک بۆ باشترکردنی ژیانیان کە پێشتر زۆرتر لە گفتوگۆ رادیۆییەکان و پێشکەشکردنی وانەکانیەوە بە رێگەی تر، کارکردی لەسەر ملیۆنان خەڵک داناوە. ئەمە یەکەمین بەرهەمی نوسینێتی بە شێوەی وێژەیی بینوسێت.
ئەم پەرتوکە، قاوەخانەکەی دوورە ڕێ، یەکێک لە پڕفرۆشترین پەرتوکە چیرۆکی ساڵ بوو. تا ئێستا جارێکی تر، دوای یەکەمین چاپی لە ساڵی 2003، لە چاپ درایەوە لە ساڵی 2006 دا. بۆ هەژدە زمان وەرگێڕدراوە. ئێستا لەو جێگایانە دەخوێنرێت یان ئەو قوتابیانە دەیخوێنن کە نیازی رۆیشتنیان هەیە بۆ خوێندن لە زانکۆ.
جۆن سترێلکی، ئێستا لە شاری (ئۆرلاندۆ)ی سەر بە هەرێم (فلۆریدا) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی.

## دەربارەی ئەم وەرگێڕانە ~

دوو خاڵ بە پێویست دەزانم لەم بارەیەوە...

یەکەم:

بە راستی دەیڵێم، من وەرگێڕنیم. وەرگێڕان هەر بە تەنها زمان زانین نیە بەڵکو رۆشنبیریەکە بۆخۆی، کە من تا ئێستا خۆم لە قەرەی ئەو رۆشنبیریە نەداوە، بە تایبەت بەم شێوەیەی ئێستا کە کارێکی تارادەیەک قورسە بۆ وەرگێڕان هەرچەندە بەرهەمەکە زۆر گەورە نیە لە قەبارەدا بەڵام گەورەیە لە باس و خواسدا، دەوڵەمەندە بە پرسیار و وەڵام و بیرۆکەکانی ناوی. ئەم چیرۆکە یەکێک بوو لەو وانانەی کۆرسی زمانی ئنگلیزی لێرە،لە وڵاتی کەنەدا، خوێندمان. ئەوەی پاڵی پێوەنام ئەم بەرهەمە وەربگێڕم بابەت و گفتوگۆ زیندووەکانی نێوەخنەکەیەتی، کە دڵنیام خوێنەری کوردیش وەک خوێنەرانی زمانەکانی دی دەخاتە کەڵکەڵەی بیرکردنەوە و تێرامانەوە، لە ژیان لە بوونی خۆی لە دەوروبەری ، کە خودی "جۆن"، نوسەرەکە، یەکەمین کەسی ئەو بیرکردنەوە و تێڕامانە بووە.

دووەم:

The Why Café

ناوی راستەقینەیی ئەم چیرۆکەیە. وەرگێرانی بۆ کوردی نەک هەر زەحمەت نیە بگرە هیچ مانایەک نادا بە دەستەوە. نەک هەر وەرگێڕانی پیت بە پیت و وشەیی ناتوانێ بۆ کوردی مانایەکی هەبێ بگرە وەرگێڕانی مانایی و واتاداریش مانایەکی ئەوتۆی پێ نابەخشێ. بە کوردی ئاوهای لێدێت (قاوەخانەی بۆ، قاوەخانەی بۆچی و ..هتد) یان (قاوەخانەی هۆدار، قاوەخانەی هزر،...هتد) دوای مشتومڕێکی زۆر لە نێوان من و ئەو تایتڵەدا لە لایەک و زمانی ئنگلیزی و کوردی لە لایەکی تر، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ئێستا، (قاوەخانەکەی دوورە ڕێ) کە هەم لە شێوە و هەم لە ناوەڕۆکدا چیرۆکەکە لە خۆدا چڕ دەکاتەوە. هەروەها، لە چەند زمانێکی تردا تایتڵەکەی گۆڕاوە؛ بۆ نموونە، لە ئەڵمانیدا کراوە بە (جیهان لە پەراوێزی قاوەخانەیەکدا)، بە چینی کراوە بە (قاوەخانەی ژیان).

ئدریس مستەفا

تۆرۆنتۆ، کەنەدا سەپتەمبەری 2009

## پێشەکی نووسەر ~

هەندێ جار، کاتێک بە تەمای شتێک نیت و هەر لە چاوەڕوانیدا نیت بۆی هەرچەندە ئەو شتە لەوانەیە زۆر پێویست بێت، خۆت لە شوێنێکی تازەدا دەبینیەوە، لەگەڵ خەڵکی نوێ و فێر بوونی شتی نوێ تر. ئەوە بە تەنیا لە شەوێکی تاریک و تنۆک و ڕێگە بارێکێکی درێژدا بەسەر مندا هات. بە نیگایەکی خیرا لە گەڕانەوە بۆ ئەو کاتە، حاڵەتەکەی تێی کەوتبووم ڕەمزێک بوو بۆ کۆی ژیانم. هەر وەک چۆن ڕێگەم لێ ون بوو، ئاوهاش لە ژیان ون ببووم، دڵنیا نەبووم بۆ کوێ دەڕۆم و بەرەو چ ئاراستەیەک ملم ناوە.

هەفتەیەک پشوم وەرگرت لە کارەکەم. ئاواتم ئەوە بوو دوور بکەمەوە لە هەر شتێک کە پەیوەندی بە کارەکەمەوە هەبێت. کارێ خۆم نەبوو خۆم حەزم پێی بێ بۆیە زۆر لە لام ناخۆش بوو. بێگومان، لە بێ هیواییەکی بێ وێنەدا رای گرتبووم، سەرم لەوە سوڕ دەما باشە ناکرێ لە جیاتی دە دوانزە سەعات سەرقاڵ بوون بە بیرکاری و ژمێریاریەوە کەمێک بۆ خۆم بژیم. بهرە هەندێ جار خۆی لە دوانزە چواردە سەعات دەدا گەر پێویستی بکردایە.

لە دەمانی قۆناغی ئامادەییدا خۆم یامادە دەکرد بچم بۆ پەیمانگە؛ لە پەیمانگەش خۆم ئامادە دەکرد لە ئیش و کاری جیهانیدا شارەزایی پەیدا بکەم. لەو کاتەوە، لە وەرگرتنم بە کارمەند لە کۆمپانیایەک هەموو کاتەکانی ڕۆژانەمی بۆخۆی برد. نووکە، پرسیارێکم  دەکرد لەو خەڵکانەی ڕێگەیان پێ نیشان دام بخوێنم بۆ ئەم کارە، ئایا ئێستاش بە سووک و ئاسانی هەمان ئامۆژگاریم دەکەنەوە یاخود ئەوانیش هەمان شت بە خەڵکانی پێش خۆیان وتۆتەوە.

لە راستدا، ئامۆژگاریەکان خراپ نەبوون، بەڵام ئەو رێ نیشاندەریەش نەبوو کە مەرامەکانمی تێدا بهێنمە دی. وا هەست دەکرد هەموو ژیانی من ئەوەیە لە بواری  بازرگانیدا کاربکە و پارە پەیدا بکە. ئەمە بۆخۆی بازرگانیەکی

باش نەبوو بۆ ژیان و ماناکانی. کاتێک ڕێم کەوتە (قاوەخانەکەی دوورە ڕێ) زانیتم سەرم لێ تێک چووە، مێشکم تەواو نیە.
کاتێ ئەم چیرۆکەم بۆ کەسانی تر دەگێڕایەوە، باوەڕیان نەدەکرد و گوزارەی " ئەفسانە" یان بۆ بەکار دەبرد. هەندێ جار دۆش دادەمێنم، دەڵێم تۆ بڵێی ئەو ئەزموونە دە تەواوی ڕاست بووبێت کە من دیتم. کاتێ ئەم هەستە بە گیانمدا دێت دەچمە سەر مێزی خوێندنەوە و نوسینەکەم لە ماڵەوە، ئەو خۆراکنامەیە دەکەمەوە کە کەیسی بە دیاری پێێ دام و دەکەومە خوێندنەوەی ئەو چەند وشەیەی کەیسی لەسەر بەرگەکەی وەک دیاریەک لەسەری نوسیتی. ئەوەم دێنێتەوە یاد کە ئەو شتانە چەند ڕاست بوون.
تا ئێستا بە خەیاڵمدا نەهاتووە بچمەوە بۆ سەردانی (قاوەخانەکەی دوورە ڕێ). ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەو چەقی ڕێگەیەی، کە بەهۆیەوە قاوەخانەکەم دۆزییەوە، لەوانە نیە وەک خۆی مابێ؛ تەنها لەو ساتەدا، لەو شەوەدا ئەو جەقە بوونی هەبوو، بوونەکەشی تەنها بۆ ئەوەبوو کە من خۆمی تێدا ببینمەوە. هەندێ جار بەشێکی ئێجگار بچوک لە دڵم پێم دەڵێ گرنگ نیە ئەو ئێوارەیە چەندە ڕاستە یا ڕاست نیە، گرنگە ئەوەیە، لەو ئێوارەیەدا، کەڵکەڵەی گەڕان بە دوای بوونی خۆمدا تیا دۆزیەوە.
لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕۆم بۆ سەردانی قاوەخانەکە. یاخود، لەوانەیە شەوێک خۆم لەبەردەم قاوەخانەکەدا ببینمەوە و لە پڕا خۆم بکەم بە ژووردا و بە (کەیسی و مایک و ئاننا) بڵێم ئەو شەوەی لەگەڵ ئێوەدا دانیشتم چەندە ژیانمی گۆڕی. پرسیارەکان چۆن بە ڕوومدا دەتەقینەوە کە بیری چەندان باسی لە مێشکمدا هەڵکەند، ئەو باسانەی کە جاران تەنها وەک خەیاڵ وابوون لە لام.
کێ دەزانێ، لەوانەبوو ئەو شەوە لەگەڵ کەسێکی تردا بکەوتمایەتە قسە کە چۆن بزر بووە و چۆن ڕێی کەوتۆتە قاوەخانەیەکی دوورە ڕێ و منیش ئەزموونەکەیم دەکردە پەرتوکێک و بەڵکو ببێتە بەشداریەک و بڵاوکردنەوەیەک بۆ ئەو باسانەی لە قاوەخانەکەدا دەدرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە و تێڕامان.

## جۆن سترێڵکی

## یەک ~

هەر وەک چۆن لە یاری کێبرکێی ماشین سواریدا ماشینەکان لادەدەنە سەرلاڕێیەکان، منیش ئاوها تایەیەکی ماشینەکەم بەسەر قەراغی جادەکەدا دەهاژوو بەڵام زۆربە خاوی، بە پێچەوانەی خێرایی ئەوانەوە. دوای کاتژمێرێک لە ماشین لێخوڕین بەو شێویە جادەکە هەر بە تەواوی راوەستا. ویستم رادیۆکە داگیرسێنم بەڵام هیچم لێ هەڵنەکڕاند.

دوای بیست خولەک لەو وەستانە، هەر یەکە و لە ماشینەکەی خۆیەوە دەهاتە دەر. هەرچەندە ئەمە هیچی لە مەسەلەکە نەدەگۆڕی بەڵام کە هەر یەک لە لای خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی دەهات تەسکینیەک بوو بۆ دڵ.

کابرای مینی ڤانەکەی پێشمەوە گلەیی ئەوەی دەکرد گەر تا سەعات شەش فریا نەکەوێت ئەوا ئەو ژووری ئوتێلەی بە کرێ گرتوویەتی لە دەستی دەدات. لە دەستە چەپیشمەوە، ژنێک کە لە ناو ماشینێکی سەقف دڕیاو دابوو بە مۆبایلەکەی دەستی لەگەڵ کەسێکدا قسەی دەکرد و باسی بێ کەڵکی رێگاوبانەکەی بۆ دەکرد. لە پشتیشمەوە، سەیارەیەکی گەنجانەی تیمی وەرزشی بەیسبۆڵ بوو کە دەیویست ژنە بەڕیوەبەری یاریەکەی بگێنێتە شوێنی مەبەست. لە دووریشەوە گوێم لە ژنێک دەبوو بۆڵە بۆڵی ئەوەی دەکرد کە ئەمە دوایین جارە دێتە سەر ئەم جادە خێرایە. بە هەرحاڵ، من تاکە ریشاڵێکی زۆر بچووک بووم لە چاو ئەو شریتە درێژ و فراوانەی گلەیی کردنە لەسەر جادەکە دەبیستران.

بیست و پێنچ دەقیقەی تر رۆیشت و هیچ ئامارژەیەکیش دیار نیە بۆ بە جوڵەکەوتنی سەیارەکان، بەڵام پۆلیسێکی هاتووچۆ، کە سەیارەکەی بە ناو

گژوگیای لای جادەکەدا دەهاوژوت، هەر چەند مەترێک رادەوەستا و دیاربوو بە خەڵکەکەی دەوت هۆکاری ئەم دواکەوتنە و گیرکردنی جادەکە چیە.

لە بەرخۆمەوە گوتم "ئاخ خۆزگە ئەو پۆلیسە پۆلیسی بڵاوەپێکردنی ئاژاوەگێڕی بوایە."
بە هەڵچوونێکی زۆرەوە چاوەڕوانی نۆبەتی خۆمان دەکرد بزانین ئەو پۆلیسە ئافرەتە چی دەڵێت. لە ئاخردا گەیشتە بەردەممان لە جادە خێراکە و پێی راگەیاندین لە دوورایی پێنچ میل لە ئێمەوە تەنکەرێکی بارهەڵگر وەرگەڕاوە کە پێدەچێ مادەی کیمیایی ژەهراویشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت، بۆیە رێگەکە بە تەواوی گیراوە. هەروەها پێی گوتین کە دەتوانن رێگەی تر بدۆزنەوە بۆ دەرچوون لەم قەرەباڵەغیە ئەگەر لەگەڵ ئەم دۆخەدا ناتوانن ئارام بگرن. پاککردنەوەی رێگاکە لەوانەیە سەعاتێکی تری پێ بچێت.

تەماشای پۆلیسەکەم دەکرد کە چوو بۆ لای کۆمەڵی شۆفێری پەست و بێ تاقەتی تر. کاتێ گوێم لە کابرای مینی ڤانەکەی بەردەمم بوو کە هەر دەیگوت تا سەعات شەش گەر فریا نەکەوم ئەوا ئوتێلەکەم لە دەست دەچێ، منیش سەبرم لێ بڕاو لە بەرخۆمەوە وردە بۆڵەیەکم کرد و گوتم
" باشە بۆ دەبێ شتی وا روو بدات هەر کات بمەوێ بۆ ماوەیەک خۆم لە سەرقاڵی ئیش و کار دوور بخەمەوە."

خەریک بوو ئۆقرەم لێ دەبڕا، بە تایبەت کە گوێم لە پرتە و بۆڵەی کابرای مینی ڤانەکەی بەردەمم دەبوو کە هەر دەیگوتەوە سەعات شەش، ئیتر بە تەواوی پەتی سەبرم بچڕا. هەر ئەوەندەی ئەو تۆزێک رێگەکەی بۆ چۆڵ کردم یەکسەر لە جادە خێراکە لام دا و بە ناو گژوگیاکەی تەکمەوە پێچێکم بە سەیارەکە کردەوە و بە پێچەوانەی ئاراستەوە کەوتمە لێ خوڕینی ماشین.

........................................................

## دوو ~

پێش ئەوەی دەست بەم سەفەرەم بکەم، نەخشەی ڕێگەکەم لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە چاپ کرد و لەگەڵ خۆمدا هێنام. لەو کاتەدا خۆم زۆر بە شارەزا دانا و گوتم پێویستی زۆرم بەم نەخشەیە نیە و تەنها تابلۆی ڕێگەکان بەسە بۆ ئەوەی ئاراستەی ڕێگەکە بە دروستی بگرمەبەر. بە خەیاڵی خۆم بەرەو باکور دەڕۆم کەچی بەرەو باشور مل دەنێم، بێ تاقەتیم دەستی پێکرد. پێنج میل ڕێم کرد و هیچ دەرچونێک نەهاتمە ڕێم، پێنچ میل بوو بە دە، دە بوو بە بیست.

لە پەشێوی مێشکی خۆمدا بە دەنگێکی کەمێک قایم بە خۆمم گوت "لەگەڵ ئەوەی نازانم بەرەو کوێ دەچم بەڵام ڕێگەیەک بۆ دەرچون هەر دەدۆزمەوە." لە کۆتاییدا، لە بیست و هەشتەمین میلدا ڕێگەیەکم بۆ دەرکەوت.

لە نێوقەدی ڕێگەکەدا ڕاوەستام و بە خۆمم گوت "ئەمە شتێکی سەیر نیە." هەر دەڵێی لە شوێنێک دام کە لە جیهاندا شوێنی وانیە، نە بەنزینخانەیەک، نە چێشتخانەیەک، نە ڕێڕەوێک بتباتەوە سەر جادەیەکی خێرا، نە هیچ شتێک...

بە لای چەپدا ڕوانیم هیچم نەدیت. بە لای ڕاستدا ڕوانیم هەر بەتاڵایی بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم " لەوەناچێ بزانم چ ڕێگەیەک بۆ کوێم دەبات." بام دایەوە بە لای ڕاستدا، بە عەقڵ گوتم ئەمە ئاراستەی ڕۆژئاوایە و لە چوار ڕێیانی داهاتوودا هەمدیس بە ڕاستدا بادەدەمەوە. بە پشتاوپشتیش دەگەڕێمەوە بۆ باکور. ڕێگەکە دوو ڕێڕەوی بوو، یەکێکیان زێدەتر دووری دەخستمەوە لەو شوێنەوەی لێوەی هاتووم، ئەوی دیان دەیبردمەوە بۆ جێیەکەی خۆم. بە ڕاستی نەمدەزانی کام ڕێڕەویان هەڵبژێرم. ڕیگەکە زۆر چۆڵەوانی بوو، تەنانەت هیچ ئاماژەیەکی شارستانیش دیار نەبوو. خانویەکی تایبەتم دیت لە ناو کێڵگەیەکدا لە دوورەوە، جگە لەمە تەنها دار و درەختم دیت.

دوای کاتژمێرێک لە لێخوڕین بە تەواوی گوم بووم. لەسەر چوار ریانێکی بچوکدا کە تۆزێک پێش ئێستا تێمپەڕاند تابلۆیەکی گچکە دیت کە دیار بوو ئامازەی ئەوەی پێدام کە من لە گرفتدام. کاتێک تۆ لە رێگەیک بوویت و بە درێژایی چل میل هیچ کەسێکی ترت نەدی و تابلۆیەک هاتە بەردەمت لێی نوسرابوو (کۆنە رێگە) ئەوە یەعنی ئەوپەڕی بێ هیوایی.

لە جوار ڕێیناکەی بەردەممدا کە هیچ لەوانی تر جیاوازتر یان گەورەتر نەبوو کە هاتنە رێم، بە لای راستدا پێچم کردەوە. ئەوە بۆ خۆی جۆرێک بوو لە بێ هیوایی، بەلام هەر هیچ نەبێ بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆم کە بۆ خۆم نازانم بەرەو کوێیە. بۆ نەگبەتی من، دەستپێکی ئەم رێیەش بە بینین تابلۆیەک دەستی پێکرد کە لێی نوسرابوو (کۆنە رێگە).
کات لە هەشتی ئێوارە نزیک ببۆوە، خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو. لەگەڵ دوایین ئاوا بوونی تیشکەکانی خۆردا بێ هیوایی من زیاتر دەبوو.

"دەبوو جادە خێراکەم بە جێ نەهێشتایە." بە توڕەبییەوە بە خۆمم گوت.
"دەوەرە سەعاتێکە ون بوومە، پێشتریش دوو سەعاتی ترم لە دەست چوون، کەچی ئێستاش نازانم لە کوێم."
رێک لە حاست سەری خۆمەوە مشتێکم دا بە بن میچی ماشێنەکەمدا لە کاتێکدا سەیارەکە هیچ گوناحێکی ئەم حاڵەتەی منی نیە کە تێی کەوتووم.

دە، پانزە، بیست میلێکی تریش رویشتم هەر هیچ. ماشینەکە کەمتر لە نیوە بەنزینی تێدا ماوە، ئەوەندەی بیری لێ بکەمەوە گەڕانەوەم بۆ دواوە هەڵبژاردنێکی دروست نیە چونکە لەو شوێنەی لێوەی هاتوم هیچ شتێکم نەهاتە ڕێ. بۆیە گەر بگەڕیمەوە بە جێگەی خۆمدا خۆ بەنزینخانەیەکی لێ نیە.
تەنیا هەڵبژاردن ئەوە بوو کە هێور ببمەوە و بە هیوابم لەوەی کە جێگەیەک بدۆزمەوە تاکو بتوانم سەیارەکەم پڕ بکەم لە بەنزین و هەندێ خواردنیش بۆ خۆم بکرم. نیگاگی بێ تاقەتیم جووە سەر شوێنێکی تر ئەویش گێچی بەنزینەکە بوو.

بە تەما بووم بەم سەفەرەم تۆزێک لە سەرقاڵیەکانی ژیان دوور بکەومەوە: ئیش کردن، کرێی خانوو، پارەی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و هەندێ دەردەسەری تری رۆژانە. نەمدەویست لێرەش توشی ببمەوە. من ئێستا دەبوو خەریکی ووچاندان و بووژانەوەی خۆم بوومایە، پاتریەکانم شەحن بکردنایەتەوە. بە خۆمم گوت "چ دەستەواژەیەکی ناحەز بوو. پاتریەکانم شەحن بکەمەوە، بیان کوژێنمەوە، دایان گیرسێنمەوە.... ئاخر ئاوها چۆن بە رێگەیەکی دروستدا ئاراستە دەکەم."

خۆر بە تەواوی دیار نەما، بولێڵ تەواوی دەشت و دەرەکەی داپۆشی. رەنگە سوورخونیەکەی خۆر بە لێلایی تاکە رۆشنایی بوو بەسەر رێگەکەوە بمێنێ، منیش لە ئاسمانم دەڕوانی و لە سایەی کەشێکی وەدا دیاربوو حاڵی من بەرەو خراپتر دەڕوات چونکە هێشتا هیچ ئامآژەیەک نیە ئاوەدانیەک ببینمەوە. دووبارە تەماشایەکی گێچی گازەکەم کردەوە و بە قایم هاوارم کرد "دەوەرە لە چارەکێک کەمتر گازم پێ ماوە."

لە یادمە دوایین جار کە خەو بردمیەوە لە ناو ماشێنەکەمدا ئەو دەمە بوو کە لە پەیمانگە بووم. ئەوە ساڵێک پێش نووکە بوو. بە راستی هیچ پلانێکی ترم دانەنا تاکو توشی حاڵەتێکی وەها ببمەوە بەڵام، بە داخەوە دیارە ئەمجارە بە قوڵتری دەبێ بۆی بخەومەوە لە ناو ماشێنەکەمدا. بیرم کردەوە "پێویستیم بە خەوە"، " جا ئەو دەم گوڕوتنێک دێتەوە گیانم و هێزی ئەوەم دەبێت بچم بە دوای گازپەیداکردندا بگەڕێم."

........................................................................

**سێ ~**

کاتێک چزوی گێچی گازەکەم دەدیت وا بەرەو بەتاڵ بوون دەڕوات و هەڵکردنی گڵۆپە سوورەکە کە نیشانەی نەمانی گازە، گەوجێتی دای لە مێشکم و لەسەر چوارڕیانێکی بچوک بە لای چەپدا بامدایەوە. هەر هیچ نیشانەیەک نیە بۆ دیتنی کەسێک بەدی ناکەم و لەسەر ئەو

پێچکردنەوەیەی خۆشم بەردەوامم لە لێخوڕین. هەرهیچ نەبێ تابلۆی لەو جۆرە نابینم کە لێی نوسرابێ (کۆنە ڕێگە) بەمە دڵی خۆم دەدایەوە. " وادیارە، بۆ هەر حاڵەتێکی نا ئومێدی دەبێ باجەکەی بدەی." بە دەنگەوە بە خۆمم گوت.

هەستم کرد لە ڕۆشناییەک نزیک دەبمەوە، لەوە دەچوو ڕۆشنایی گڵۆپی بان جادە بێت. ڕۆشناییەکی کەم بوو، گڵۆپێکی شیری لە ناوەڕاست شوێنێکدا ئەدرەوشایەوە لە دوورەوە  کە نەمدەزانی جێگاکە کوێیە. "خۆزگە شوێنێک بێت و خەڵکی لێ بێت." ئەمەم وەک تەهلیلە لەبەر خۆمەوە دەگوت تا هەر نزیک دەبوومەوە لێی. بەڵێ، بە دڵنیایەوە ئەوە شوێنێکە.

لە لای گڵۆپەکە سەیارەکەم ڕاگرت، لەهەڵ ئەوەی شوێنێکی ئێجگار کۆن و پیس و پۆخڵ بوو بەڵام جێگەی  تایبەت بە ڕاوەستانی  بە سەیارە بوو. لەوە سەرم سوڕما کە خانویەکی لاکێشەیی لە بەردەمما قوت بۆوە، بە تابلۆیەکی شینی نیۆن لێی نوسرابوو (قاوەخانەکەی دوورە ڕێ) بە تەکیەوە سێ ماشینی ترم بینی ڕاوەستابوون،" دڵنیام ئەوان لەو ڕێگەیەوە نەهاتوون کە منی پیاداهاتوم چونکە لەم سەعاتەی دواییدا کە من لە ڕێگە بووم هیچ کەسێکی ترم نەدیت، کە ئەوە شتێکی باشە" لە دڵ خۆمدا وتم. "هیوادارم ئەوان بزانن ئێرە کوێیە و چۆنیش بتوانم لێرە دەربازبم."

قایشی خۆبەسنەوەکەم لە خۆم کردەوە و لە ماشێنەکەم هاتمە دەر، شان و قۆڵم هەمووی ڕەق ببون، کەمێک بەملا و ئەو لادا بامدان و ئینجا بەرەو دەروازەی چوونە ژوورەوەکە ڕۆیشتم.

ئاسمان تاریک بوو، تەنها خەرمانەی مانگ و درەوشانەوەی ئەستێرەکان نەبێ کە ڕۆشناییان دەدا بە شەوەکە.

هەر ئەوەندەی دەرگاکەم کردەوە دەنگی زەنگێکی بچوک هات وەک ئەوەی بڵێت کەسێک هاتە ژوورەوە. سەرم سوڕما لەوەی بۆن و بەرامەیەکی خۆش هات بە بەر لوتمدا، ئەو دەم زانیم چەندەم برسیە. نەمزانی ئەو بۆنە خۆشە

لە کوێوە دێت بەڵام دام نابوو بە قەد سێ نەفەر داوای خواردن بکەم ئیتر چی ئەبێ با ببێت.

...................................................................

**چوار ~**

لە ناو چێشتخانەکەدا هەستت دەکرد بۆنی چێشتی قەدیمی دێت. لە ناوەڕاستدا، فوارەیەکی ڕەنگاوڕەنگ هەبوو، بە دەوریدا ریزێک کورسی، پشتی رەنگ سوریان لەسەر دانرابوو، لەبەردەمیشیاندا بەرمێزێکی سپی و تەنک هەبوو. لە لای پەنجەرەکانیش، هەندێ مێزی خڕ هەبوون کە هەر یەکەیان بە چەند کورسیەک ئەڵقە درابوو. لەسەر هەر مێزێکیش خوێدانێک ، قوتویەکی بچوکی پڕ بیبەری تفت و تیژ، دەفرێک لە شەکر و سوراحیەکی گچکە لە شیر هەبوو کە دیار بوو بۆ تێکردنە ناو قاوەوە بەکاردەهات. دەغیلەیەک، کە لە نزیکیەوە راگیرەیەکی دارینی چاکەت و پاڵتۆ هەڵواسین هەبوو، لەسەر مێزێکی بچوک لە لای دەرگای سەرەکیەوە هەبوو. جێگەیەکی ئاوها زۆر خۆشە لەگەڵ کۆمەڵی هاوڕێدا بۆ کاتێکی زۆر لێی دانیشی، بەڵام بە داخەوە من هیچ یەکێک لە برادەرەکانم لەگەڵدا نیە لێرە.

کچێکی بەردەست لەگەڵ جووتێک میواندا لەسەر مێزەکەی ئەوسەر قسەی دەکرد. بە بزەیەکەوە سەیری کردم و وتی، " فەرموو، هەر جێیەک حەزت پێیە دەتوانی لێی دانیشی." زۆر ویستم بەسەر ئەو پەشێوی و نائارامیەدا زاڵ بم کە لە ماوەی چوار سەعاتی رابردوودا حوکمی هەموو گیانمی دەکرد تاکو باقی خەندەکەی بدەمەوە. لەو کاتەی ویستم لەسەر یەکێک لەو کورسیە قەدیفە سوورانەی دەوری مێزەکەی لای دەرگاکەوە دانیشم، دیقەتی ئەوەمدا ئەو کورسیانە چەند نوێن. بە هەر چواردەوری خۆمدا روانیم، لە دڵی خۆمدا گوتم " هەموو شتەکانی ئێرە تازەن."

بە خۆمم گوت، " لەوانەیە خاوەنی ئەم چێشتخانە و قاوەخانەیە چاوەڕێی ئەوە بکات ئەم شوێنە لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە شارێکی گەورە.

رازاندنەوەی بینایەکی ئاوها لەم دووره دەستە هەر بە هیوایەکی ئاوهاوه بنیات نراوه." لەم خەیاڵ و کەڵکەڵەی کڕین و فرۆشتنی خانوو زەویەدا بووم دەنگێک رایچڵەکاندم، "بەخێر بێیت." دەنگی کچەبەردەستەکە بوو، بەردەوام بوو و گوتی؛ "ناوم (کەیسی)یە. ئەم کاتە باش."
"کاتی خۆشتان باش، ناوم (جۆن)ە. بەڵام کەمێک لەوەدەچێ رێگەم ون کردبێ."
بە زەردەیەکی تاڵەوە وەڵامی دامەوە گوتی: "بە دڵنیاییەوە تۆ رێت هەڵە کردووه."
هێندە بە سووربونەوە قسەکەی کرد وەک ئەوەی بڵێی من ناوم (ونبوو)ە نەک جۆن.
"جۆن، تۆ بۆچی لێرەیت؟" کەیسی پرسیاری کرد. "بە تەمای شوێنێک بووم بچم بۆی، بەڵام توشی هەندێ گرفت بووم. ویستم لێیان دەربازبم کەچی ئەوان بە تەواوی گومیان کردم لە نێو خۆیاندا. لەو پرۆسەیەدا لەگەڵ ئەوەی خەریک بوو گاز لە ماشینەکەم دەبڕا وەخت بوو بمرم لە برسانیشدا."
لەم کاتانەی ئەم گلەیی و گازندەییەی خۆم لەو دۆخە نالەبارە دەردەبڕی کەیسی هەمان زەردەی تاڵی بۆ کردمەوە و گوتی، "ئەزانی چی؟ من دەتوانم یەک شتت بە دڵنیاییەوە بۆ بکەم ئەویش ئەوەیە خەمی برێتییەکەت نەبێ؛ بۆ ئەوانی تریش ئەوا دوایی قسەی لێدەکەین."

خۆراکنامەیەک، لە لای دەروازەی هاتنە ژوورەکەوە کە لەگەڵ چەند دانەیەکی تردا لە دوو توێی لیڤێکسێکدا بوو، بۆی هێنام ودایە دەستم. بە هۆی رۆشنایی گڵۆپەکەوە بوو یان لە ماندوێتی مێشک و چاوەکانی منەوە بوو، سوور بووم لسەر ئەوەی کە ئەو پەڕاوەی ئەو ویستی بمداتێ وامزانی توایەوە و دروست بۆیەوە. پەڕاوی خۆراکنامەکە بوو دانرا لە سەر مێزەکە. لە دڵی خۆمداس گوتی، "لەوەدەچێ بە راستی ماندووبم."

کەیسی دەفتەرێکی بچوکی لە ناو گیرفانی دەرهێناو گوتی "تا ئەوەندەی تۆ خەریکی خۆراکنامەکە دەبیت بۆ من شتێکت بۆ نەهێنم بۆ خواردنەوە؟"
داوای گڵاسێک ئاوم کرد، کەیسی چوو بیانهێنێت.
بڕیاربوو رۆژەکەم بە پێی بەرنامە داڕێژراوێکی خۆم بچوو بایاتە پێشەوە، بەڵام دیارە دوور لە ئیرادەی خۆم شکڵی گرت. یەکەمین شت، داهاژووتنی

ماشین بۆ چەند سەعاتێک بە بێ هیچ ئەنجامێک. دووەم، گیرسانەوەم لەم قاوەخانە دوورە دەستە، ئینجا بزەی تاڵی خانمی گارسۆن. خۆراکنامەکەم گرت بە دەستەوە و سەیری بەرگەکەی پێشەوەیەیم کرد.
لە سەری سەرەوە نوسرابوو "بەخێر بێی بۆ (بۆچی ئەم قاوەخانەیە؟)" لە خواری خوارەوەش نووسرابوو "بەرلەوەی داوای خواردن بکەیت، تکایە لەگەڵ کارمەندەکانماندا راوێژ بکە تا بزانی تۆ لێرە چ کاتێکی پڕ بایەخ بەسەر دەبەیت." لەو کاتەی ویستم پەڕەی خۆراکنامەکە هەڵبدەمەوە بە خۆمم گوت، "ئومێد دەکەم ماناکەی ئەوەبێت کە خواردنێکی باشتر داوا بکەیت بۆ خواردن."
لە دوو توێی پەڕاوی ئاشنامەکەدا، لیستێکی ئاسایی خواردن رێکخرا بوو. نانی بەیانی لە سەروی دەستە چەپەوە بە ناو دانرابوو؛ ساندویچەکان لە خوار ئەمانەوە بوو.مەزە و زەڵاتە لە سەروی دەستە راستەوە دانرابوون؛ خواردنی ژەمە سەرەکیەکانیش لە خوار ئەمانەوە دانرابوو.
سەرسوڕمان لەوەوە هات کاتێک تەماشای دوا بەرگی ئاشنامەکەم کرد، سێ رستەی پرسیاری نوسرابوو، لە خوارەوەشیان ئەم دێرە نوسرابوو: "تا ئەوەندەی چاوەڕێیت، بیرێکی وردیان لێ بکەرەوە." سێ پرسیارەکە ئەمانە بوون:

**تۆ بۆ لێرەی؟**
**لە مردن دەترسیت؟**
**ئایا مەرامەکانت بەدیهاتوون؟**

وەک چۆن بە خێرایی لاپەڕەیەکی وەرزشی لە رۆژنامەیەکدا هەڵدەدەیتەوە بە پەلە خۆمم گوت، "بێگومان نەخێر." خەریک بوو دووبارە بچمەوە بەسەر سێ پرسیارەکەدا، کەیسی هاتەوە لەگەڵ گڵاسە ئاوەکەی داوام کردبوو. پێی گوتم، "هەموو شتێکت بە باشی لە خۆراکنامەکەدا ببینیەوە؟" پەڕاوی خواردنەکەم کردەوە و بە پەنجە ئامارژەم بۆ جۆری قاوەیەک کرد، گوتم "ئەمە یەعنی چی؟" ئاوها وەڵامی دامەوە:
"ئۆە، هەموو کەسێک دێتە ئێرە داوای روونکردنەوەی ئەو ناوەمان لێ دەکات. لە حەقیقەتدا، ئەوە هەر بە ناوی خودی قاوەخانەکەوە بانگ

دەکرێت ( قاوەی قاوەخانەی هۆ)یە. نوکە بفەرموو چی دەخوازی با بۆت بهێنم؟"
لە راسیدا، هێشتا خۆم حازر نەکردبوو چیم دەوێ. تەنانەت وەخت بوو دەستم بگەێنمە چاکەتەکەم و یەکسەر بەجێی بهێڵم. هەستی کرد شوێنەکە ناحەزە و جیاوازیەکی سەیری لەگەڵ چێشتخانەی تردا هەیە کە بە لای منەوە بە رووە خراپەکەی دابوو.،.
گوتم، " ببورە کەیسی. تۆزێ کاتی زیاترم دەوێت تاکو بتوانم داواکاریەکەم دیاری بکەم."
وەڵامی دامەوە " بەسەرچاو. دوای چەند خولەکێکی تر دەگەڕێمەوە بۆلات تا بزانم چی دەخۆیت."

........................................................................................

**پێنج ~**

سەیری کەیسی م دەکرد کە چووەوە بۆ لای دوو مشتەریەکەی تر. هەر کە گیشتە ئەوێ یەکسەر دەستیان کرد بە گفتوگۆ. قسە و باسەکان هەرچیەک بن دیارە باشن چونکە هەر سێکیان زەردەخەنە بەرامبەر یەکدی دەکەن و پێدەخەنن لەگەڵ یەکتردا.
لەبەر لێوەوە گوتیم' " دیارە ئەم شوێنە خراپ نیە وەک من وامزانی. با هەندێ لە ئاوەکەیان بخۆمەوە."
سەرنجم گەڕایەوە بە لای ئاشنامەکەدا، لەگەڵ خۆم پەیڤیم و گوتم، " هەر چەندە هیچ شتێکی خراپ رووی نەداوە تا ئێستا بەڵام هەر هەست دەکەم شوێنەکە کەمێک ناحەزە؛ بەس هیچ چارەیەکی ترم نیە، خەریکە گازم لێ دەبڕێ، بە درێژایی ئەو دوو سەد میلەی هاتووم جێگەیەکی ترم شک نەبرد تا تۆزێ خواردنم لێی دەست بکەوێت."

ئەم شتانە کەمێک ئارامی کردمەوە. کاتێک کەیسی م بینی دوانەکەی بەجێهێشت و بەرەو مەتبەخەکە ملی نا و بە دوو قاپی گچکەڵەی حەلوای

شلک و ڕێواسەوە هاتەوە بۆ لایان، دوو دڵیەکەم بە تەواوی ڕەوایەوەچونکە زۆر حەزم بە حەلوای شلک و ڕێواسە و چەند ساڵێک دەبێ دەمم بەری نەکەوتووە. حاڵی بووم کە خۆیان لێرە ئەو حەلوایە دروست دەکەن، بۆیە ئەمە زێدەتر پاڵی پێوە نام بمێنمەوە لێرە بۆ ماوەیەک.

پرسیارە غەریبەکان لە لایەکەوە، بڕگەکانی خواردنەکان لە لایەکەوە، باش بوون. بڕیارمدا بەلەمێک قاوەڵتی داوا بکەم هەرچەندە کاتی ئاسایی و گشتی قاوەڵتی نەبوو. کەیسی هێشتا لەگەڵ دوانەکەدا دانیشتووە و قسان دەکات. سەیری پشتی خۆراکنامەکەم کردەوە بۆ ئەو پرسیاری یەکەمەی کرابوو:

**تۆ بۆچی لێرەیت؟**

باشە ئەمە پرسیارێکی غەریب نیە لە موشتەری ناو ڕێستوران بکرێت. تۆ بڵێی ئەوە نەزانن بۆچی کەسێک دێتە ناو چێشتخانەوە؟ ئایا خەڵک گەر بۆ نان خواردن و قاوە خواردنەوە نەبێ بۆچی دێنە ئێرە؟ نەمتوانی بە تەواوی لە مانای پرسیارەکە تێ بگەم. تۆ بۆچی لێرەی؟

گەڕانەوەی کەیسی بۆ لام پەتی بیرکردنەوەی بچڕیم. پرسیاری لێکردم: "ئامادە بووی؟" خەریک بوو بە بەڵێ وەڵام بدەمەوە، بەڵام یەکسەر نیگام چووە بان ئەو ڕستەیەی دەڵێت لەو کاتانەی خەریکی هەڵبژاردنی خواردنەکەت دەبیت، لەگەڵ کارمەندەکانماندا ڕاوێژ بکە تا بزانی بەهای کاتەکەی تۆ لێرە چیە. پێم گوت، "بەڵێ ئامادە بووم،" بەڵام ئیشارەتم بە ڕستەکە کرد و گوتم، "مەبەستی سەرەکی لەمە چیە گەر بمەوێت ئاخافتنی لەبارەوە بکەم."

دیسانەوە خەندەیەکی کردەوە و وەڵامی دایەوە، "ئۆو، ئەوە." ئەمجارەیان حەزم بە خەندەکەی کرد. بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی، "بە درێژایی چەندان ساڵێکە ئێمە دیقەتمان داوە، دوای ئەوەی خەڵک دێنە ئێرە بۆ بەسەربردنی کاتێک دێنە ئێرە هەست دەکەن جیاوازیەک ڕووی داوە لە ژیانیاندا. جا بۆیە لەگەڵیاندا هەوڵ دەدەین پرسیارەکەیان بۆ سانا بکەینەوە لە ئاستێکی فراواندا لەوەی تۆ بۆچی لێرەی، بۆچی لەم قاوەخانەیەی؟ بە ئەزمونەوە. لەگەڵیاندا بیروڕا دەگۆڕینەوە لەوەی

چاوەڕوانی چی لەم پرسیارە دەکەن. ئایا بە تەواوی دەتوانن  مانای ڕەسەنێتی ئەم پرسیارە لێک بدەنەوە؟"
لەم کاتەدا بە تەواوی واقم وڕما. دڵنیا نەبووم ئایا ئێمە لەبارەی خواردنەوە، لە بارەی ئەزمونی موشتەریەوە کە دێتەوە بۆ ڕێستورانتەکە یاخود لەبارەی شتێکی ترەوە.
کەیسی گوتی: "ئەگەر حەز دەکەی داخوازیەکەی دەبەم بۆ ئاش لێنەرەکە، لەوانەیە ئەو باشتر لێت تێ بگات."
"بێگومان." بە سەرسوڕمانێکی زیاترەوە وەڵامەکەم دایەوە. بەردەوام بووم و گوتم، "لەگەڵ ئەوەی دەزانم کاتی قاوەڵتی نیە بەڵام حەز دەکەم بەلەمێک لە نانی بەیانی داوا بکەم. ئایا ئەمە ئەستەم نیە؟"
"ئەمەیە کە تۆ دەتوێت؟" کەیسی گوتی.
"بەڵێ ئەمەیە" من گوتم.
کەیسی قسەکەی لەدەم وەرگرتمەوە، گوتی، "من دڵنیام ئەمە نابێتە گرفت، بە تایبەتی لە کاتی بەیانی نزیکتر بووینەتەوە وەک لە ژەمی ئێوارە."
سەیری کاژێرەکەی دەستمم کرد سەعات دەونیوی شەو بوو. گوتم، "خۆشترین شت ئەوەیە بیر لە شتەکان بکەیتەوە."
کەیسی زەردەیەکی کرد و وتی، "زۆر یارمەتیدەربێت گەر بێتوو هەندێ کات سەیری شتەکان بکەیت لە چەند روانگەیەکەوە."

داواکەی نوسیم و لە لام رۆیی. دیقەتم دا بەرەو لای ژووری خوارنگەکە چوو، تێبینی لەسەر خۆراکنامەکەم نووسی و لەبەردەم پەنجەرەی داواکردنی خواردنەکە پەڕاوەکەی بە جێهێشت بە جۆرێک تا ئەوەی ژوورەوە بزانێ موشتەری داوای هەیە.

***

**شەش ~**

کاتێک کەیسی لەو پەنجەرەیەی داواکاری خواردنی لێدەکرێت بۆ مشتەری، بۆ یەکەم جات کابرایەکم دیت لە ناو ژووری خواردن دروستکردنەکە.
کەوچکێکی دارینی کەمێک گەورەی بەدەستەوە بوو، دیار بوو ئەمە ئەو کەسەیە خاوەنی ئەم شوێنە بێت. کاتێک کەیسی گەیشتە بەردەم پەنجەرەکە، شتێکی چرپاند بە گوێی کابرادا. منیش رێک تەماشام دەکردن، کابرا سەیرێکی کردم و لەگەڵ نیوە پێکەنینێکدا دەستێکی سڵاوی بۆ راوەشاندم. منیش لاقرتەیەکم بۆ کردەوە و دەستم بۆ راوەشاندەوە و وەک ئەوەی پێی بڵێم ئەم کردارە بێ ماناییە چیە چونکە لە هیچ قاوەخانەیەکدا لەسەر شتی وا رانەهاتووم.

کەیسی و کابراکە چەند دەقەیەک پێکەوە قسەیان کرد، پاشان کەیسی داواکەی منی خستە نێو گیرەیەکی بازنەیی مزراح ئاساوە کە لەبەردەم پەنجەرەکەدا بوو تاکو کاری خواردنەکە بچێتە پێشێ، ئینجا کەیسی هەنگاوی نا بێتەوە بۆلای مێزەکەی من. بینیم کابراکە گیرە بازنەییەکەی خولاندەوە و داواکەی منی لە پێش خۆی دانا و بۆ دوو سێ چرکە سەیری کرد و ئینجا بردی بۆ ناو خواردنگەکە لەگەڵ خۆیدا.

هەمدیس نگام چوویەوە سەر پشتی خۆراکنامەکە. خەریکی دووبارە خوێندنەوەی پرسیاری (تۆ بۆ لێرەیت؟) بووم کەیسی هاتەوە بۆ لام و لەسەر کورسیەکەی بەرامبەرم دانیشت.
گوتی : " ئەو کابرایە ناوی (مایک)ە، ئەم شوێنە هی ئەوە و هەر خۆیشی هەموو خواردنەکان دروست دەکات. گوتی دێم بۆ لای هەر ئەوەندەی دەرفەتێکم بۆ رێک بکەوێت. دەربارەی داواکەت قسەم لەگەڵدا کرد وتی ئەو هەمووە زۆرە بەڵام تۆ لەوانەیە پێت بخورێت."
گوتم : " ئەوە بۆخۆی جۆرێکە لە کارەکە و خزمەتکردنی مشتەری."
" بێگومان" بە خەندەیەک وەڵامی دامەوە " با بچینە سەر ئەو خاڵە"
ئاماژەی بە دیوی پێشەوەی خۆراکنامەکە کرد، ئەو دێڕەی کە دەڵێ (تا ئەوەندەی خواردنەکەت بۆ ئامادە دەبێت دەتوانیت راوێژ لەگەڵ کارمەندەکانماندا بکەیت.)

پێم سەیر بوو ئەو چۆن دەزانێت من عەودالّی تێگەیشتن لە پرسیارەکان و دێڕەکانی تری ئاشنامەکە بووم، بەس خۆم واتێنەگەیاند کە من ئاوها سەرم سوڕماوە لێی.
پێم گوت، " مەبەستت چیە؟"
" زۆر ئاسانە گەر بێتوو زۆر ئالۆزی نەکەی." کەیسی گوتی. بەردەوام بوو " وە ئەگەر بێتوو یەک پیتێکی لێ بگۆڕی ئەوا مانای شتەکان لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێ."
گوتم: " مانای شتەکان لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێ؟ کام جۆر لە شت؟ وەک ئەوەی من ناتوانم لێرە نان بخۆم، یان، دەبێ شتێکی تر داواکەم؟"
" نەخێر." کەیسی گوتی، بەردەوام بوو لە قسەکانی بەلاّم شتەکان لای ئەو زۆر حالّەتی جدی وەرگرت، وتی " شتی زۆر گەورە."
زۆر نەکەوتمە سەر و گوێلاکی قسەکانی، بەلاّم رۆشن بوو کە ئەو گالّتە ناکات. پێم وت:
" من زۆر بە تەواوی لێت تێ ناگەم."
کەیسی دووبارە ئیشارەی بە خۆراکنامەکە کرد و گوتی، " ئەگەر پرسیارەکە بگۆڕی و خواستت بێت نەبیت بە شتێک ئەوا لە کەسێکی تری بکە، لە بری ئەوە گەر هاتوو ئەو پرسیارەت لە خۆت کرد ئەوا تۆ چیدی ئەو کەسە نابیت کە پێش پرسیارەکە هەبوویت."
وڕ بووم بەو وتانە. چیدی من ئەو کەسە نابم؟ ئەوە مانای چ دەگەیێنێ؟ ئەمە چ شوێنێکە منی لێم؟ لە پڕێکدا خۆم لە بەردەم لێواری کەندەلاّنێکی مەزندا بینیەوە. دلّنیا نەبووم ئایا ئەمە مانای ئاراستەیەکە بەرەو مردن یاخود بەختیاریەکی هەتاهەتایی.
" بەلّێ جۆرێکە لەوە، بەلاّم زۆر بە خەستیش نا." کەیسی بە خەندەیەکەوە ئەمەی گوت.
ویستم پێی بلّێم باشە تۆ چۆن زانیت من ئاوها بیرم لێکردەوە، کەیسی لەسەر ئاخاوتنەکەی رۆیی، " رێم بدە با پێت بلّێم چۆن بە بێ ئەوەی هەنگاوی کردەیی بۆ بنێیت. پرسیاری یەکەم بخوێنەرەوە لەسەر ئاشنامەکە، بەلاّم بە جیا لەوانی تر بیخوێنەرەوە هەر وەک چۆن بە چاوخشانێک سەردێڕی هەوالّەکانی رۆژنامەیەک تەی دەکەی."

سەرم خوارکردەوە و سەیری پرسیارەکەم کرد بە تەنها کەچی لە پڕدا ئەو پرسیارە **(تۆ بۆچی لێرەیت؟)** نەمابوو کە پێشتر دەمخوێندەوە. ئێستا ئاوها دەیخوێنمەوە **( ئایا من بۆچی لێرەم؟)**
هەر ئەوەندەی لە خوێندنەوەکەی تەواو بووم کەچی گۆڕایەوە و بۆوە بە هەمان پرسیاری پێشوو (تۆ بۆچی لێرەیت؟)
" ئەوە چی بوو روویدا؟" هاوارم کرد. " ئایا خۆراکنامەکەت لێم گۆڕی؟ چۆن ئەوەت کرد؟"
کەیسی وتی، " جۆن. لەوە ئەچێ تۆ ئامادەیی ئەوەت تیا نەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە."
من هەر بە هاوارە وتم، " مەبەستت لە چیە؟ چۆن ئەوەت کرد، چۆن توانیت ئاشنامەکە بگۆڕی؟"
هەنوکە من بە تەواوی شڵەژام لەوەی ئەوە چی بوو روویدا. ویستم خۆم کۆ بکەمەوە تا بە تەواوی لە شتەکان تێ بگەم. دیار بوو کەیسی کەوانی لە حاڵەتەکەم گرتبووم، پرسیارێکی کرد:
" جۆن. دیتت چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر دەقی خۆراکنامەکەدا هات؟"
" بێگومان. شتێک بوو کە ئەوەی یەکەم جار خوێندمەوە لە دووە جاردا گۆڕا بەوەی ئێستە لەبەردەستم دایە. ئاخر بۆچی و چۆن روویدا؟" من وتم.
کەیسی خۆراکنامەکەی لەبەردەممدا رێکخستەوە و ئامازەی بە خوارەوەی کرد کە نووسرابوو ( تا ئەوەندەی چاوەڕیی خواردنەکەت دەکەیت ...هتد) و گوتی " هەر ئاوها جۆن. ئەو پرسیارەی تۆ دیت، لەگەڵ ئەمەیان جیاوازە-" قسەکانم پێ بڕی " ئەوەی کە گوتم (بۆچی من لێرەم؟)"
" بەڵێ. ئەوە پرسیارێک نیە کە بە خێرایی بەسەریا گوزەرکەی. چاوخشاندن پیایدا تەنها شتێکە بەڵام کاتێک دەچیتە ئەودیو چاوپێداخشانەوە ئەوکاتە حەقیقەتی ئەو پرسیارەت بۆ دەردەکەوێت، جیهانە تایبەتەکەی خودت دەگۆڕێ. ئەزانم تۆزێک دژوارە، بۆیە ئەو پەیامەمان لە سەر بەرگی سەرەکی خۆراکنامەکە نووسیوە."

---

**حەوت ~**

که خۆم ئاوها دەدیت لە ناخەوە بەم حاڵەی خۆم پێدەکەنیم. لە قاوەخانەیەکی دوورە ڕێ، کات نیوەی شەوە، ناشزانم ناوچەکە کوێیە. گوێ لە پەیامێک بگرە کە لە خۆراکنامەی بەردەم مشتەری دایە و یارمەتی گۆڕینی جیهانی میوانەکان دەدات! ئەمە چ ئێوارەیەک بوو لە ناو چێشتخانەیەکدا دەستی پێکرد بۆ گیانی من.
" دەبینیت،" کەیسی بەردەام بوو " کاتێ پرسیار دەکەی و بە دوای وەڵامەکەدا دەگەڕێی ئەوە بەشێکە لە بوونت. تەنها لەوەدا خۆت دەدۆزیەوە کە لە بەیانیەوە لە خەو هەڵدەستیت دەست بکە بە پرسیار کردن، ڕۆژانە و بە بەردەوامی بە شەوقی پرسیارکردن خانەکانی مێشکت ڕۆشن بکەرەوە. لەوانەیە هەمویانت نەیەنەوە یاد بەڵام لە خەویشدا بیریان لێدەکەوێتەوە. وەکو دەروازەیەک وایە، هەر ئەوەندەی کردتەوە خۆی بانگت دەکا. هەر تەنها ئەو جارەشە، کە کرایەوە ئیتر داخستنی گەلێک گرانە."

لە هەوڵی ئەوەدابووم هۆش بە بەرخۆمدا بهێنمەوە و لەو پرسیارە (تۆ بۆچی لێرەی؟) تێ بگەم کە نەمدەزانی ئەوەندە قوڵ و من بە ئاسانی تێم پەڕاند کە یەکەم جار دیم. لە قسەکانی کەیسی دا بۆم دەرکەوت کە بنەڕەتی ئەو پرسیارە لەوەدا نیە تۆ بۆچی لەم قاوەخانەیەدای.
لەم بیرکردنەوەیەدا بووم کەیسی پێی بڕیم و گوتی، " ئەوە دروستە. مەسەلەکە تەنیا قاوەخانەکە نیە، بەڵکو پرسیارکردنە لە بوونی کەسێک بە مانا فراوانیەکەی."

پشتم دایەوە بە کورسیەکەمدا، وڕ و کاس ببوم، بە سەرسوڕمانەوە گوتم، " ئەمە چ شوێنێکە منی لێم؟"
تەماشایەکی کەیسی م کرد، وتم : " ئەمانە شتی زۆر بەدوومن."
دەمویست هزری پەرپەرتم کۆ بکەمەوە، بەوردەوام بووم، " ئەوەی تۆ فەرمووت کە ڕۆژانە و بە بەردەوامی بە شەوقی پرسیارکردن خانەکانی مێشکت ڕۆشن بکەرەوە، ڕاستە. من دڵنیانیم لەوەی بۆ شتێکی ناحەز بووە

کەسێک ئەم پرسیارە لە خۆی بکات. من هەرگیز ئەم پرسیارەم لە خۆم نەکردووە و حاڵیشم باش بووە."
کەیسی خۆراکنامەکەی لەسەر مێزەکە دانا، وتی "ئایا تۆ؟... تۆ بە راستی باشیت؟."
وشەی "باش"ی بە باری هاورێیەتی و کەمێک بە مەکرەوە بەکارهێنا وەک ئەوەی پاڵم پێوە بنێت پێناسەی وشەکەی بۆ بکەم، بەڵام خۆی بەردەوامی پێدا "زۆر خەڵک هەیە باشن. بەس هەندێ هەن لە سەروی (باش)شەوە دەگەڕێن بە دوای شت گەلێکی تردا کە زۆر بەرز و مەزنن."
منیش بە گاڵتەجاڕییەکەوە وتم، "ئینجا دین بۆ ئەم قاوەخانە دوورە رێ یە؟"
بە نەرمیەک و دەنگێکی هێواشەوە وەڵامی دایەوە، "بەڵێ هەندێکیان وا دەکەن. وەک چۆن تۆ هەنوکە لێرەی."

تۆزێک گەڕامە دواوە. نەمزانی چلۆن وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە. تەئکید نەبووم من لێرە چی ئەکەم، بگرە دڵنیا نەبووم لەوەش ئاخۆ ئەم جێگەیەی من بۆی هاتووم چییە."

ئەگەر راستگۆ بم لەگەڵ خۆمدا، دان بەوەدا دەنێم کە تاکو ئێستا هەر ژیاوم و بەس، وە هەرگیز ئەوە تێ رانەماوم لە ژیان. ژیان زۆر خراپ نەبووە. بەڵی زۆر جاران پەستی و بێزاری تێدا بووە بەتایبەت لەم ئیمڕۆدا. بەڵام کاری باشم هەبووە و هاوڕیی ئازیزشم هەبووە. ژیانم خراپ نەبووە و تا بڵێی باش بووە.
من هێشتا، لە گەڵ هزری خۆمدا دێم و دەچم و ناتوانم شتەکان بە تەواوی و روونی ببینم.
"هەر ئەم هەستەیە وا لە مرۆ دەکات ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە لە بەردەمتدایە." کەیسی گوتی.
متقم لێ بڕا. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو هەمدیسان مێشکی خوێندمەوە، بەڵکو هەست کردنم بەو تەنیاییە کە ئێستە تێیدام توشی شڵەژانی کردم. سەرسام بووم بەوەی کە درک پێکردنەکانی ئەو هەمووی راست بێت.
بڕیارمدا پەرێشانیەکەم بۆ چەند خولەکێک بخەمەلاوە و هەڵ بدەم باشتر لە قسەکانی کەیسی بکۆڵمەوە.

"کەیسی، دەتوانی زۆرتر لەسەر پرسیارەکە بڕۆی؟" بە نزمیەکەوە پێم گوت.
"بەسەر چاو. وەک گوتم پرسیارکردن دەروازەکەت لە زۆر رووەوە بۆ دەکاتەوە؛ وەک عەقڵی کەسەکە، روحی، هەر شتێکت تۆ بە خەیاڵ و دڵتا بێت. پرسیارەکردن هەمیشە لە پێشی پێشەوە ژیانی ئەو کەسەدا دەبێت تا لە بوونی خۆی تێدەگات."
"دەتەوێ بڵێی کەسێک گەر یەک جار ئەو پرسیارە **(من بۆچی لێرەم؟)** لە خۆی بکات ئیدی ناتوانێ وەلای بخات؟"
"نا نا ئەوە مەبەستەم نیە. هەندێ کەس تەنها چاوی پێدا دەخشێنێ و تەنانەت لەوانەیشە بینێت، بەس دوایی لە بیری دەکەن. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە پرسیارەکە حەیرانی دەکا و دەیەوێت بە راست مینەی تێگەیشتنەکەی بکات، ئەوە زۆر ئەستەمە خۆیانی لێ وێڵ بکەن."
"باشە گەر کەسێک پرسیارەکەی کرد و وەڵامەکەی دەستکەوت، ئەو کاتە چی دەبێت؟" من لێم پرسی.
"ئەوە خەبەرێکی تازەیە و لەوانەشە ململانێیەکی تازە بێنێتە ئاراوە." بە خەندەیەکەوە کەیسی وەڵامی دایەوە.
"وەک پێشتر ئاماژەم پیدا گەر بێتوو کەسێک لەو مینەی پرسیارکردنەدا وەڵامی چنگ کەوت؟"

کەیسی وتی، "گەر کەسێک وەڵامەکەی گیر کەوت ئەوا هێزێکی چوونیەک لەوێدا دەردەکەوێت. تۆ سەیرکە، کاتێک کەسانێک زانیتیان بۆ لێرەن، بۆ هەن، هۆکەی چیە ئەوان بۆچی و چۆن دەژین، ئەوا دەیانەوێت لە هۆکاری (بەدەستهێنانەکان) بگەن. مەسەلەکە ئاوهایە، گریمان لەسەر نەخشەیەک بە پیتی (ئێکس) شوێنی گەنجینەیەک دیاری کراوە، کاتێک تۆ پیتی (ئێکس)ەکە دەبینی ناتوانی ئیهمالی بکەی. ئەستەمە خۆت لە گێلی بدەیی و دوای نەکەویت. لەم حاڵەتەی ئێمەدا ئەوەیە گەر کەسێک زانیتی بۆچی لێرەیە ، جگە لە ئاستی هزریدا لە رووی دەروونی و جەستەیشەوە زۆر بۆی زەحمەت دەبێت گەر بێتوو نەکەوێتە دوای هۆکاری بەدەسهێنانەکان"

دووبارە پاڵم دایەوە بە کورسیەکەمدا و ویستم بکەومە سەر رەوتی ئەو قسانەی کەیسی دەیانکات. وتم؛

"کەواتە، هەندێ شت وا لێ دەکات خراپ بن. هەر وەک پێشتر گوتم، کەسێک لەوانەیە لای باش بێت ئەو پرسیارە هەرگیز لە خۆی نەکات. وەک چۆن هاتوون ئاوها بەڕێی بکەن و خۆیان لە گێلی بدەن، ئەگەر دەربڕینەکەم دروست بێت."

کەیسی سەیرێکی کردم "هەندێ کەس ئەوەیان هەڵبژاردووە. ئەوە شتێکە هەر کەسێک، کاتێک دەگاتە ئەو پنتە، دەبێت بڕیاری خۆی بدات."
هێشتا هەر دڵنیا نیم لەوەی چ بکەم، چ بڵێم و چۆن بیری لێ بکەمەوە، وتم "ئەم شتانەی تۆ دەیڵێیت زۆر گەورەن زەحمەتە من بتوانم بەرەو روویان ببمەوە."
"هیوادارم هەر (بەرەو روویان نەبیتەوە) بەڵکو لەوە زیاتر بیان دە بەر رووناکی و راستیەکانیان لەسەر هەڵماڵە." کەیسی وەڵامی دایەوە و بەردەام بوو "دەزانی تۆ ئێستا چۆن هەستی خۆت دەربڕی؟ ئەوە شتێک نیە پێت وترابێ یاخود بیسەپێنن بەسەرت دا، هەچ کاتێکیش بڕیار بدەی لێی رابکەی ئەوە ئارەزووی خۆتە، بڕیاری تەنها لە دەستی خۆتدایە و بەس."

کەیسی لەسەر مێزەکە و هەستا و گوتی، "هەر بەدەم ئەم قسەکردنانەی خۆمانەوە با بچم خەبەرێکی خواردنە تایبەتەکەت بپرسم."

من بە تەواوی لە بیرم چوبۆوە چیم داوا کردووە. ئێستا ئەو هێنایەوە یادم، بە هێمنی کەوتمەوە سەر ئەوەی ئایا ئەوە من نەبووم لە برسانا خۆم کرد بەم چێشتخانەیەدا.

***

**هەشت ~**

عەقڵم وەک خەڕەکی لێ هاتبوو. تەماشایەکی خۆراکنامەکەم کردەوە و یەکەم پرسیارەکەم خوێندەوە.
تۆ بۆچی لێرەی؟
ئێستا کە دەیخوێنمەوە مانایەکی زۆر جیاوازتری هەیە وەک یەکەم جار خوێندمەوە. دەموێ رێک ئەو وشانە بهێنمەوە یادم کە تۆزێک پێش ئێستە کەیسی دەیوتن "مەسەلەکە تەنیا قاوەخانەکە نیە، بەڵکو پرسیارکردنە لە بوونی کەسێک بە مانا گشتیەکەی." لە ئاستێکدا بە تەواوی شتێکم بۆ روون نەبۆیەوە.هەستی کرد شتێک پاڵم پێوە دەنێت پرسیارێک بکەم، ئەو پرسیارەی بەری دەمێک لەسەر ئاشنامەکە بەر دیدەم کەوت کاتێک کەیسی قسەی دەکرد. دێتوە بیرم چی بوو.
من بۆچی لێرەم؟
هەروەها لێدوانەکەی کەیسی شم دێتەوە یاد لە بارەی پەل و پۆ هاویشتنی زیاتر کە بەهۆی ئەو پرسیارەوە دێنە ئاراوە.

" ئەمە شتێکی شێتانەیە." بە خۆم گوت و لەگەڵیدا چاوەکانم هەڵگلۆفی " ئەوەی من پێویستیم پیی بوو کەمێ خواردن، هەندێ بەنزین و شوێنێک بۆ قون بادان. من چیم داوە لەم هەموو بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم شتانە."

نیوەی گلاسە ئاوەکەم خواردەوە، لەو کاتەی خەریک بوو دامدەنایەوە، مایک بە سوراحیەکی پڕ لە ئاوەوە لە بەردەم مێزەم راوستابوو، گوتی،
" دەخوازیت بۆت پڕ بکەمەوە. لەوەدەچێ پێویستیت بە ئاوی زیاتر هەبێت."
لوتفەکەیم قبوڵ کرد و گلاسەکەی بۆ پڕ کردمەوە لە ئاو. وتی " ناوم مایک" ە
منیش گوتم، " خۆشحاڵم بە ناسینت مایک. منیش ناوم جۆن" ە هەستامە سەرپێ و تەوقەیەکمان بەیەکەوە کرد.
" چۆنی جۆن باشیت؟ کە هاتم بۆ لات دیار بوو غەرقی بیرکردنەوەیەکی قوڵ ببویت."
" بەڵێ شتێکی لەو بابەتە." من گوتم و ئینجا دانیشتمەوە "کەیسی تێکستی بەرگی پێشەوەی خۆراکنامەکەی بۆ روون کردمەوە، بەلام هێشتا هەر لێکی دەدەمەوە و بزانم هیچ شتێک دەبەخشێ بۆ من."

کاتێک قسەکانم تەواو کرد وام هەست کرد مایک ئاگای لەوە نیە من و کەیسی چ گفتوگۆیەکمان کردووە. تەنانەت وام دانا کە ئەو تەنها خاوەن شوێنەکەیە و ئەرکی کەیسی یە پرسیارەکانی سەر خۆراکنامەکە بۆ مشتەری رۆشن بکاتەوە. کەچی مایک بۆ چرکەیەک رانەوەستا و یەکسەر گوتی،

"بەڵێ، ئەوە قورسترینیانەهەر کەسە و بە جۆرێک لێی دەڕوانێ. هەندێک وەک منداڵ پاک و پیسی بۆ دەکەن. بەڵام ئەوانەی باڵقن یا گەورەترن، قەد شێر و خەتی وەها ناکەن. شتێکی سەیرە، ها."

وام دانا بوو تا ئەوەندەی کەیسی دێتەوە، هەندێ پرسیار و کلکە پرسیاری تر قوت بکەمەوە سەبارەت بە ئاشنامەکە، بەڵام دیارە مایک درکی ئەوەی کردووە کە من چۆن بیر دەکەمەوە، بۆیە هەر پرسیارێک لە مێشکمدا هەیە با لەمی بکەم.

" مایک. کەیسی بۆی روون کردمەوە کە پەل و پۆ هاویشتنی ئەو پرسیارە بەندە بە بەرجەستەیی کەسێتی کەسەکانەوە کاتێ ئەو پرسیارە دەبینن." ئینجا ئاماژەم بە پرسیارەکەی ناو خۆراکنامەکە کرد و گوتمەوە " بەڵام پێم سەیرە دوای ئەمە چی دەکەن ؟"
مایک نیگایەکی لە خۆراکنامەکە کرد و وتی،" مەبەستت دوای پرسیارکردنەکەیە، یان، دوای دۆزینەوەی وەڵامەکەیە؟"
بۆ چەند ساتێک متقم لێ بڕا لەو کاتەی لە خەیاڵی بیرکردنەوەی پرسیارەکەی دابووم، گوتم،
" رەنگ بێ هەردووکیان. من و کەیسی زۆر رۆنەچوینە نێو وردەکاریەکەیەوە یاخود چی دەکەن کاتێک وەڵامەکە بزانن. کەیسی تەنها روونی کردەوە چی دەبێ گەر جارێک بزانن."

" ئەوەندەی بگەڕێتەوە بەوەی چۆن وەڵامەکە دەدۆزنەوە ئەوا بە پێی جیاوازی کەسەکان دەبێ چەند رێچکەیەک هەبن بۆ کارکردن لەم بارەیەوە. هەر یەک لە ئێمە لا ژیان نزیک دەبینەوە بە پێی رێچکەی خۆی. دەتوانم پێت بڵێم چەند کەسێکی میکانیکی کە من دەیانناسم وەڵامەکەیان دۆزیەوە."

خەریک بوو وەڵام بدەمەوە بەڵام دانم بە خۆمدا گرت و بێدەنگیم لێکرد بۆ ماوەیەک. بە لامەوە سەخت بوو بەوە بڕوا بکەم چونکە خودی پرسیارکردنەکە زۆر قورسە ئاخۆ دەبێ وەڵامەکەی چۆن بێت."
"ئەوە راستە." مایک گوتی. "بەو چەند تیئۆرییەی کەیسی بۆی شیکردیتەوە."
توشی سەرسوڕمانێک تازەتر هاتم لەوەی ئەمیش وەک کەیسی دەزانێ من چی لە دڵ و مێشکمدایە پێش ئەوەی بیانخەمە بەردەم.

تیامابووم، حەزم دەکرد وەک ئەو کەسانەی پێش من لێرە بوونە، شتی زۆرتر فێر بم. دوای ئەم ویستنە، هەر دڵنیا نەبووم دەتوانم پرسیارەکە بکەم یان نا. وتی پێی،
"مایک، ئەی لەبارەی باشەکەی ترەوە، کەسێک چی بکات دوای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی چنگ کەوت؟"

مایک سوکە خەندەکیەکی کرد، "ئەزانی چی، وەڵامی ئەمەت دەدەمەوە بەڵام جارێ با بچم تەماشایەکی خواردنەکەت بکەم بزانم بە چی گەیشتووە" دوای چەند خولەکێک بە کۆمەڵێ قاپەوە هاتەوە، وتم
"ئەوە هەمووی هی منە؟"
سەیرە تا ئێستا بە تەواوی لە هەموو جۆرە خواردنەکانی ناو ئاشنامەکەم نەڕوانی کەچی ئەو هەموەم داوا کردووە.

"بێگومان، ئەوە هی تۆیە. قاپێک قاوەڵتی بە کۆی هەموو شتەکانیەوە: هێلکە و پەنیر و سەوزە، نانی گەرم و برژاو، گۆشت و سەوزەی تێکەڵ کراو بەسەر یەکدا، پسکیتی بەرچایی، پارچە تەنکی گۆشتی سوورەکراو، شلکێنە و میوەی تازە بابەت."
بە چواردەوری خۆمدا روانیم وتم بەڵکو دوو سێ کەسی تر لەو ناوەبن بەشداریم لەگەڵدا بکەن.
مایک هێشتا تەواو نەبوو بوو گوتی،

"هەر وەک زیادە خزمەتێکیش، خۆمان ئەمانەم بۆ داناوی: جەلاتین بۆ سەر نانە برژاوەکە، دۆشاو بۆ شلکێنەکە، هەنگوین لەگەڵ پسکیتەکە، و هەروەها زەلاتەیەکی تایبەتیش. من خۆشحاڵم کە جەنابت بەو شێوەیە برسیتە."
"ئەی کەسی تر نیە لەم ناوە برسی بێت؟" من وتم.
"چیە، سەیرە بەلاتەوە، جۆن؟ هەندێ جار مرۆ خۆی نازانێت ئایا چەند ئامادەیی بۆ شتێک تێدایە." مایک ئەمەی گوت و هەموویانی لەسەر مێزەکە دانا "جۆن. تا ئەوەندەی تۆ خەریکی نان خواردنەکەت دەبیت. من دەچم بۆ لای ئەو دوانەی ئەوسەر. دوایی دێمەوە بۆ لات قسەکانمان تەواو دەکەین ئەگەر پێت خۆش بێت."

"بە دڵنیاییەوە." وەڵامم دایەوە کاتێک من هەر لە قاپەکانی بەردەمی خۆم دەڕوانی. سەیرم کردن و گوتم،
"کێشەیەک نیە، چی بکەم."

..............................................................

**نۆ ~**

دەستم کرد بە راونانی خواردن لەسەر مێزەکەم. ئەوەندەی خەریکی نوک لێدان لەم قاپ و ئەو قاپ بووم تا جێژەکانیان تاقی بکەمەوە، کەیسی هات بۆ لام.
"جۆن. نوکە کەیفت چۆنە."
پەنجەی دۆشاو مژەم بۆ بەرزکردەوە، کە ئەو پەنجەیە رەمزێکی جیهانیە بۆ تاقیکردنەوەی خواردن بە تایبەت شلەمەنیەکان. گوتم؛
"زیاد لە پێویست دەمم پڕکردووە، کە بۆ کەسێکی ئەستەمە ئاوها نان بخوات، لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی بیرکردنەوەم و داڵغەم لە لای قسەکانە. جا بۆیە یەک چرکە بووەستە تکایە." دوای چەند چرکەیەک ئاسایی بوومەوە بۆ وەڵامدانەوە، گوتم،

"باشم، زۆر باشم. تا بڵێی خواردنێکی بە لەزەتە."

"لەوە دەچێ ئێستە کەمێک حاڵت باشتر بێت."

"بەڵێ لە حالەتێک باشتردام." ئەو نائارامیانەی بە لێشاو رووی تێم کردبوو پێش ئەوەی بێمە ئێرە خەریکە بەرەو کاڵ بوونەوە دەچێت. لە راستیدا تێڕامانم لە پرسیارەکە (تۆ بۆچی لیرەی؟) و ئەو گفتوگۆ بە بەرهەمەی بەهۆیەوە هاتە کایەوە، هەموو شتێکی تری لە لام کردووەتە لاوەکی. تەنانەت ئەو هەموو خواردنەش گەر بخۆم لەوانەیە بێ تاقەتم نەکات.

"حەز دەکەی بە تەنها نان بخۆی یان هاودەمێکت لەگەڵدابێ؟." کەیسی وتی.

"هاودەم" بە خۆشیەکەوە وتم "بێگومان حەزدەکەم هاودەمێک لەگەڵمدا دانیشێ. لە راستیشدا، ئارەزوو دەکەم لە باس و خواسەکەی پێشترمان بەردەوام بین. من هێشتا هەر ورم سەبارەت بە هەندێ شت."

"چیتر دەخوازی بیخەینە بەر رۆشنایی قسەباس." کەیسی وتی.
"هەر لە بابەت ئەو پرسیارەی نێو خۆراکنامەکەوە. کاتێک کەسانێک پرسیار لە خۆیان بکەن بۆچی لێرەن، و هۆکارەکەشیان دۆزییەوە کە بۆچی لێرەن،دەتوانن چی بکەن بەو زانیارییەی دەیزانن." من پێم گوت.
کەیسی کەمێک وەستا و گوتی، "یەکەمین شت، دەتوانن هەر شتێکی پێ بکەن کە خۆیان مەبەستیان بێت. ئەوان ئاشکرایان کردووە و موڵکی خۆیانە. هەموو ماف و رەوایەکی رەهایان هەیە چۆن دەیلێن و چۆن بەکاری دەهێنن."

نەختێک بیرم لە قسەکانی کردەوە و پێم وت،
"گریمان کەسانێک خواستیانە لەو هۆیە حالی بن کە بۆچی لێرەن، ، بەڵام دەیانەوێت باشترین رێگە بدۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو هۆیە. پرسیارەکە ئەمەیە، چۆن بتوانن ئەمە بکەن؟ "

سەرنجێکم دا لە کەیسی و لە سیمایدا نیشانەی ئەوەم بەدیکرد کە ئەو وەڵامەکە دەزانێ بەڵام چاوەڕێی ئەوە دەکا من خۆم لێکی بدەمەوە و لێی حاڵی بم. دوای کەمێک کەیسی گوتی،

" ئەوە، شتێکی تایبەتی یە و پەیوەستە بە ئاستی خودی کەسەکە خۆیەوە."
سەیرێکم کرد و وتم،
" ئاماژە پێدانێک لەو بارەیەوە؟"

کەیسی گوتی، " پێدەچێ هێنانەوەی نمونەیەک یارمەتیدەر بێت. گریمان تۆ لە کاتەکانی دەستبەتاڵی خۆتدا حەز دەکەی نیگار بکێشی. بە چی کلێشەیەک دەتوێت تابلۆیەک بکێشی؟"
تۆزێک وەستام و گوتم،
"نازانم. لەوانەیە بکەوێتە سەر ئەوەی چ کلێشەیەک من دەمەوێت لەو کاتەدا بەکاری بهێنم. کەیفی خۆمە هەر شێوازێک حەزم پێی بێت لەو دەمەدا." لێرەدا وەستام و چاوەڕێی لێدوانی کەیسی م دەکرد بەڵام هیچ خەبەر نەبوو بۆیە خۆم بەردەوام بووم،
" ئاوها بە ئاسانی... کاتێک کەسێک زانیتی بۆچی لێرەیە، هەموو شتێک دەکەن تەنها بۆ ئەوەی بگەنە بەدەستهێنانی هۆیەکە. وا نیە؟"
کاتێک ئاوها دەئاخاوتم خۆشیەک بە هەموو گیامندا تێپەڕی دەکرد. وەک ئەوەی شتێکی دەگمەن و گرنگم دۆزیبێتەوە و جەستەم رایبگەیێنێ. دیار بوو قسەکانم زۆر سادە و ساکار بوون، زەحمەت بوون زۆر راستیان لێ هەڵوەرێ. بەلام هەر گوتم و هەموو شتێکیش دەڵێم و دەکەم بۆ ئەوەی لە گەڕان و زانینی بە دوای ئەو گریمانەی هۆیە بێبەش نەبم.
" باشە من لێرەم بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵک بدەم. درێغی نەکردن لە یارمەتیدانی خەڵک پێناسەی بوونی من دیاری ناکات؟" بە گەشیەکەوە ئەمەم وت. بۆ گەرمترکردنی مشت و مڕەکەمان. کەیسی زوو وەڵامەکەی لە دەمم وەرگرتەوە و گوتی،
" ئەوە دروستە. ئەگەر کۆمەکی تۆ بۆ خەلک لەوەدایە باری تەندروستیان باش بکەی، بیکە. گەر دەتەوێ باڵاخانەی بەرز بۆ لانەوازن لە ناوچەکەی خۆتدا دروست بکەی، بیکە. تەنانەت ئەگەر توانیت عەرز و حاڵیان بۆ بنوسی و ئەوە بە یارمەتیەک دابنێن، بیکە."

مێشکم خەڕەکی ڕێسایەوە. لە گشت ژیانمدا هێندە توشی وروژاندنی هزر نەبوومە وەک لەم نێوەدا تێی کەوتوم. زۆربەی کاتەکانی پێشووتری زندەگیم بریتی بووە لە وەڵامدانەوە بە هەندێ هۆکاری تر وەک: کێشەی خێزانی، گرفتی کەلتووری و بیروبۆچوبی جیاوازی خەڵکی. بەڵام ئەمەی نوکە شتێکە زۆر جیاوازە. گوتم،

" باشە گەر من ئەم گریمانەیەم بۆ بە ملیۆنێر کردنی خۆم بەکارهێنا؟"
" کەواتە بیکە مادامەکی باوەڕت بە بوونی خۆت هەیە و پێت وایە پێناسەی بوونی تۆ لەوەدایە ببیت بە ملیۆنێر، ئەگەر دەشزانیت ئەمە پێویستی بە تێکەڵاوبوونی ملیۆنەرەکان هەیە، بیکە. تەنانەی گەر دەتوێت کار بکەی تا ملیۆنێ دۆلار کۆ دەکەیتەوە، بیکە؛ هەر وەک چۆن بەری ماوەیەک لە نمونەکاندا باسکرا، هەڵبژاردن لای کەسەکان خۆیانە."
" ببی بە ملیۆنێر. گوێ لێ بوون لەم وشەیە زۆر خۆشە." من وتم بە شۆڕ و شەوقێکەوە " لەوانەیە ماشینی نوێ بکڕم، لەوانەیە دوو خانوو بکڕم."
کەیسی بە دەنگێکی هێمنەوە گوتی،
" لەبەر ئەمانەیە تۆ دەتوێ بزانی بۆچی لێرەی؟"
پرسیارەکەی مێشک و جەستەمی تەزاند، وتم
" نازانم."
کەیسی گوتی، " من و مایک هەندێ ئەکرۆنیم*مان هەیە بەکاری دەهێنین پەیوەندی بەو پرسیارانەوە هەیە کە بە کورتی و پوختی لەسەر خۆراکنامەکە نوسیومانە. (ئەکرۆنیم:کورتەی چەند ووشەیەکە لە پیتی یەکەمی وشەکان پێکدێت. وەرگێڕ)

تەماشایەکی خوارەوەی ئاشنامەکەم کرد و کەوتمەوە خوێندنەوەی پرسیارەکە:
تۆ بۆ لێرەی؟
کاتێک کەسانێک هۆی ئەوە دەزانن بۆ لێرەن، پێناسی خۆیان لە هاوکێشەیەکدا ئاوها دەکەن: مەبەست لە بوونمان چیە؟ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بەرەبەرە یەکێک، دوان، دە، بیست یان سەد دەدۆزنەوە وەک خۆیان تا بە دوای ئەوەدا بگەڕێن بەدەستهێنانی (مەرام لەم بوونەیان چیە). دەتوانن ئەوە بکەن. زۆربەی مشتەریەکانی ئێمە زیندووتری بەڵگەن بۆ

ئەمە، هەموو بوارێکیان لە مینەکردن تاودا تاکو گەیشتن بەوەی نیاز لەم بوونە چیە."

من پرسیم، " ئەی کەمترین ئەو مشتەرییانەتان کە نەیانتوانی لەو هاوکێشەیە بگەن؟"

" زۆر شت دەکەن بۆ ئەوەی پێی بگەن." کەیسی وتی.

کەیسی نەختێک راوەستا، بازێکم دایە ناو بیرکردنەوەکانی ناو مێشکم و گوتم،

" زۆر شت دەکەن لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو شتانە بەشێک نەبن لە دەستەواژەی (مەبەست لە بوونیان چیە)"

کەیسی بزەیەکی گرت و درکی کرد کە گەیشتن بە کۆتاییەکی ئاوها دەبێ خۆم بە تەنها بیگەمێ. وتم،

" کەیسی، یەگەر پرسیارێک لە خۆم بکەم، و لە ئاکامدا لە (نیاز لە بوون چیە) تێگەیشتم، ئایا چۆن فێربم چ شتیک یارمەتیم دەدا تا پێی بگەم؟ لەوانەیە ئەو شتە خەڵک بێت، سەفەرکردن، چالاکی نواندن، ئەزمون وەرگرتن، و هەر شتێک لەم بابەتانە. وابزانم کەمێک قەڵەباڵەغم کرد؟

کەیسی بە پرسیارێک وەڵامی دامەوە. لە سەرەتاوە خۆم ئامادە کرد بۆ تێبینی وەرگرتن چونکە ئەو هەر بە پرسیار جواب دەداتەوە. وتی،

" جۆن. گریمان تۆ قەرارت گرت (مەبەست لە بوونی خۆت چیە) لە دروستکردنی ماشیندا دەخەیتە گەڕ و بڕیارت دا لەوەی کە تۆ دەتەوێت گریمانەی بوون خۆت لەوێدا دەست کەوێ. ئایا چی دەکەی؟"

تۆزێک وەستام و گوتم،

" دەبێ پەڕاوێکی زۆر لەسەر سەیارە دروستکردن پەیدا بکەم، لەوانەشە سەردانی شوێنی سەیارە دروستکردنیش بکەم، پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەگرم کە شارەزاییان لە ئیش و کاری ماشێندا هەیە و ئاموژگاریەکان وەردەگرم. هەر کاتێکیش ئامادە بووم لە هەموو بوارێکدا ئەوا دەست بەکار دەبم."

" هەر لە یەک جێگەدا خۆت قەیس دەدەی؟" کەیسی وتی.

وتمەوە " نەخێر، گەر بمەوێ بزانم چۆن ماشێن دروست بکەم، دەبێ سەردانی چەند جێگایەکی ماشینکاری لە جیهاندا بکەم. نامەوێت تەنها لە

یەک ڕێگەوە فێری شت ببم. پێم وایە، بۆ وەڵامی پرسیارەکەی خۆم، کەسەکە دەبێ زۆر شت فێر بێت بەهۆی گۆڕانی زیاتر و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زێدەتر بۆ ئەوەی بگا بە مەرامی هۆی بوونیی لەم جیهانە."

" تۆ حاسڵت کرد." کەیسی گوتی. " ئێمە هەمووومان دەست کورتین بەم ئەزمون و زانیارییەی ئێستامانەوە. گرنگتری ووشە (ئێستا)یە. ئەوەی ئێمە دەربارەی مێژووی جیهان دەیزانین، لە ئێستەدا لە هەر کات زیاتر، هەر یەک لە ئێمە، دەبێ بە دوای تەقینەوەی زانیارییەکاندا بین لە بارەی خەڵک و کەلتور و ئەزمونە جیهانیەکانەوە." کەیسی هەر بەردەوام بوو " ئێمە لە دەمێکدا لە هەوڵداین ڕێیەک بۆ بەجێهاتنی (مەبەست لە بوونمان چیە) بدۆزینەوە، دەستکورتیمان لەمڕۆدا زۆر کەمە لە کارکردن بۆ نزیک بوونەوەی ئەو ئامانجە، ئەو دەستکورتیانە خۆمان سەپاندومانە بەسەر خۆماندا."

" تۆ راست دەکەی." من گوتم، " دیارە من هێشتاش ناتوانم سوود لەو نزیک بوونەوەیە وەربگرم بە تەواوی. کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە چۆن کاتەکانی رۆژانەم ببەمە سەر، کەچی هەموو رۆژێ هەر یەک شت دووبارە دەبنەوە."
" بۆچی ئاوها؟" ئەو پرسیاری کرد.
سەیرێک خۆراکنامەکەم کرد
تۆ بۆ لێرەی؟
" پێدەچێ لەبەر ئەوەبێ کە وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم." من وتم لەو ساتەشدا ئاماژەم بۆ ئاشنامەکەم کرد. " بە بێ زانینێکی فراوان (بۆ من لێرەم) و دەمەوێ چی بکەم، من بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر وادەزانم دەبێ ئەوە بکەم کە زۆربەی خەڵک دەیکەن."

کەیسی، دووبارە کردیەوە بە پرسیار و گوتی،
" لە دنیا دیدەیی تۆدا، ئەوە دەکەی کە (زۆربەی خەڵک) دەیکەن، ئایا ئەو خەڵکە دەتوانێ یارمەتیت بدات بە گەیشتن بە (ئامانج لە بوونی تۆ چیە)؟"

~ ده

پرسیارەکەی کەیسی وای لێکردم غارغارێن بکەوێتە ناو مێشکمەوە. ئایا ئەوە بکەی وەک زۆربەی خەڵک دەیکا کۆمەک دەکات بە گەیشتن بە (نیاز لە بوونی چیە؟) پێش ئەوەی بتوانم وەلام بدەمەوە، کەیسی دەستی کردەوە بە قسەکردن،

"جۆن. ئایا قەد کیسەڵی دەریایی سەوزت دیوە؟"

"کیسەڵی دەریایی؟" بە سەرسوڕمانێکەوە وتم.

"بەڵێ. کیسەلی دەریایی بەتایبەت کیسەڵی دەریایی گەورەی سەوز لەگەڵ پەڕە و پەڵەی سەوز بە بان سەریەوە."

"گەر درۆم نەکردبێ وابزانم یەک جار بە وێنە دیومە. بەڵام بۆ؟" من پێم وت.

"لەوانەیە بە لاتەوە غەریب بێت." کەیسی دەستی پێکرد "لە کیسەڵی دەریایی گورەی سەوزەوە یەکێک لە گرنگترین دەرسەکانی ژیان فێر بووم لە بارەی ئەوەی چی شتێک هەڵدەبژێری بۆ هەر رۆژێک کە دەتەوێ بیکەی."

"کیسەڵەکە چی پێت وت؟" ئەم پرسیارە بە خەندەیەکی ژاکاوەوە کرد چونکە هەر زوو زانیم خەندە کردنەکەم ئاسایی نەبوو.

"پێخەنیناویە، ها." کەیسی خەندەکەی بۆ فرێ دامەوە و گوتی "شتێکی وەها تایبەتی پێ نەوتم، بەڵام مامۆستایێتی کردم لە بەنرخترین وانە و مامەڵەدا. لە کەنار دەریای دوورگەی هاوایی * (دوورگەیەکی گەشتیاریە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا –وەرگێڕ) مەلەم دەکرد لە ژێر ئاودا، رۆژێکی تا بڵێی دڵگیر بوو. لە ژێر تەنکە دەریایەکی ئەو رۆژە دڵگیرەدا مارماسی و هەشتەپێم دیت کە یەکەمجار بوو بیان بینم. هەروەها بە هەزاران هەزار ماسی رەنگاڵەیی هەبوون، نمایشی هەموو جۆرە رەنگێکیان دەکرد، هەر لە رەنگی شینی تۆخی نیۆنی ئاسمانیەوە تا دەگات بە سووری قەترانی.

نزیکەی سەد پێییەک لە کەنارەوە دوور بووم، لە تەنکەی ئاوەکەدا مەلەم دەکرد، بەسەر وردە کۆمەڵە بەردێکی ژێر دەریاکەدا دەمڕوانی، کاتێک بەلای راستدا لام کردەوە کیسەڵێکی گەورەی سەوزم دیت بە مەلەکردن بەرەو رووم دێت. ئەوە یەکەمین جار بوو شتی وەها لە دەرەوە بە چاوی خۆم ببینم. ئەو ساتە زۆر شەیدایی بوو. بە پەلە هاتمە سەر رووی ئاوەکە و بە چاویلکە مەلەوانیەکەم سەیری ژێر ئاوەکەم کردەوە و کەوتمە رۆشن کردنەوەی ئاوەکەی بەرچاوم تا بتوانم بە روونی بیبینم.
کیسەڵەکە رێک بە ژێر جەستەمدا رەت بوو لەو ساتەی من ویستم سەیری خوارەوە بکەم. هەر ئاوها مامەوە تا توانیم تەماشام کرد، بەختم هەبوو چونکە ئەو زۆر بە خاوی مەلەی دەکرد. هەندێ جار بە قاچەکانی سەوڵی لێدەدا و هەندێ کەڕەتی تریش سەر ئاوەکە دەکەوت، نەمدەتوانی رێکا و رێک لەگەڵیدا بڕۆم و تێی بڕوانم. پێڵاوی قاچە ماسیم لە پێدا بوو کە هێزی زیاتری پێدام بۆ مەلەکردنی بە گوژم بە ناو ئاوەکەدا، ئەو هەر بە باشی دەڕۆیی و زۆر لە من دوورکەوتەوە. هەر بەردەوام تا بیگەمی بەڵام دوای دە دەقە لێم بزر بوو. ماندوو و بێ ئومێد بووم لەوەی نەمتوانی هاوشانی کیسەڵێک مەلە بکەم یان بگەمە کیسەڵیک لە مەلە کردندا، گەڕامەوە قەراغ ئاوەکە و هاتمەوە کەنار دەریاکە.
رۆژی داهاتوو گەڕامەوە بۆ هەمان شوێن بە هیوای بینینی کیسەڵی زۆرتر. بە دڵنیاییەوە زیاتر لە سی خولەک بە قەراغ لمی ئاوەکەدا سوڕامەوە و چوومەوە ناو ئاوەکەوە، لە ناچاریدا کەوتمەوە تەماشاکردنی پۆلێک لە ماسی خنجیلانەی شین و زەرد و دیتنی یەک کیسەڵێکی دەریایی تر. سەیرم کرد بۆ ماوەیەک تا ئەوەندەی سەوڵی لێدەدا بەلای (شیلان)*ێکدا (شیلان ئەو گیانەوەرە دەرياييەيە كە شیلان/مەرجان دروست دەکات –وەرگێڕ) هەوڵمدا دوای بکەوم تا لە قەراغ ئاوەکەیە. هەمدیسان، بۆم دەرکەوت کە توانای ئەوەم نیە فریای مەلەکردنەکەی بکەوم. کە بە تەواوی هەستم کرد من فریای ناکەوم بە سوکی هاتمە سەر رووی ئاوەکە و کەوتمە تێڕوانینی. ئا لەو ساتەدا، لە کیسەڵەکەوە فێری گرنگترین وانەکانی ژیان بووم."
کەیسی لە ئاخاوتن کەوت. دوای تۆزێک پێم وت،
"کەیسی، چۆن لێرەدا چیرۆکەکە تەواو بوو. ئاخر ئەو چی فێر کردی؟"
لێی روانیم و بزەیەکی گرت و گوتی،

"وامزانی تۆ لەوانەی باوەڕت بەوە نەبێ کیسەڵی دەریایی بتوانێ شتێکت پێ بڵێ."
منیش بە بزەیەکەوە وتم،
"هێشتا هەر گومانم لە بەشێ (پێ بڵێ) کەی هەیە، بەڵام وەک ئەوەی چیرۆکەکە بەردەوام بوو، وا خەریکە بڕوا دەکەم بە فێر بوونی وانەی ئەستەمی بوون. ئەی دوای ئەوە چی تر هەیە؟"
کەیسی دەستی پێکردەوە، "لەو دەمەی سەرئاوەکە کەوتم، هەستم کرد کە کیسەڵەکە جوڵەی خۆی بە جوڵەی ئاوەکەوە گرێ دەدا. کاتێک شەپۆلەکان بەرەو کەنار دەڕۆن، کیسەڵەکە خۆی دەخاتە سەر رووی ئاوەکە و بە قاچەکانی سەوڵ لێدەدا تەنها بۆ ئەوەی جێگەکەی خۆی لە دەست نەدات، کاتێکیش شەپۆلەکان دەگەڕێنەوە ناو زەریا ئەم خێراتر سەوڵ لێدەدا. کەواتە ئەم جوڵەی ئاوەکە بە قازانجی خۆی بەکاردەهێنێ.
کیسەڵ هرگیز شەڕی شەپۆلەکان ناکات. بگرە لە جیاتی ئەوە بەکاریان دەهێنێت. هۆی ئەوەش کە من نەمتوانی فریای کیسەڵەکە بکەوم ئەوە بوو کە من هەموو کاتەکە هەر سەوڵم لێدەدا ئیتر نەمدەزانی شەپۆل چۆن دێت و چۆن دەڕوات. یەکەم جار باش بوو توانیم لەگەڵیا هەڵ بکەم، تەنانەت هەندێ جار سەوڵەکانم خاودەکردەوە، بەڵام راستی هۆیەکە ئەوە بوو کە من شەڕم لەگەڵ ئەو شەپۆلانەدا دەکرد کە دەهاتن. ئەوە مانای ئەوە بوو کە من وزەی زیاترم نەبوو چونکە نەمدەزانی چۆن سوود لە ئاوەکە وەربگرم.
تا ئەوەندەی شەپۆلەکان دەهاتن و دەڕۆیشتن من شەکەت تر دەبووم.
کیسەڵەکە بۆ جوڵەی خۆی سوودی لە جوڵەی ئاوەکە وەردەگرت بۆیە ئەو دەیتوانی پەلەتر لە من مەلە بکات."
"کەیسی" من وتم "رێزم ئەو چیرۆکی کیسەڵە هەیە......"
کەیسی پێی بڕیم و وتی "چیرۆکی کیسەڵی دەریایی سەوز،" بە خەندەیەکەوە.
"وایە، چیرۆکی کیسەڵی دەریایی سەوز. رێزم هەیە بۆ ئەو چیرۆکی کیسەڵی دەرسیایی سەوزە بە تایبەت کە من زۆر حەزم بە زەریایە، بەڵام قورسە بۆم تێبگەم ئەمە چۆن پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵک رێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی رۆژەکانی خۆیانی پێ بەڕی بکەن."
"هەروەها ئومێدێک زۆرم بۆت خواست." کەیسی هەمدیس بە خەندەیەکەوە ئەمەی وت.

"باشە، باش،" من وەڵامم دایەوە. "یەک دەقە بوارم پێ بدە" هات بە مێشکمدا بیمەوە سەر ئاخاوتنەکەی پێش ئەم چیرۆکە، ئینجا دەست بە قسان کرد، "تۆ پێشتر گوتت گەر کەسانێک زانیتیان بۆ لێرەن-دەزانن (مەبەست لە بوونیان چیە)- ئەو دەم دەتوانن کاتەکانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن تاکو دەگەن بە ئامانجەکەی. هەروەها تۆ گوتت ئەوانەی نازانن (مەبەست لە بوونیان چیە) کاتەکانی خۆیان بە زۆر شتەوە بەسەر دەبەن. لێرەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنم ئەو شتانەی کاتەکانی خۆیانی تێدا خەرج دەکەن، شتگەلێکن کۆمەک ناکات بەوەی بە دوای بتوانن (نیاز لە بوونیان چیە) بەدەستبهێنن."

"لەوەدەچێ کارکردنەکە زوو رەنگ بداتەوە، وابزانم دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە چی لەو سەری کۆڵانەکە هەیە." کەیسی گوتی.

"بەڵێ تۆ دەتوانی،" من گوتم، و خەندەیەکم کرد سەبارەت ئەو تۆزە فشەیەی. "وابزانم،کیسەڵەکە -کیسەڵی دەریایی سەوز- فێری کردیت کە تۆ لەگەڵ ئاوازی شەپۆلەکاندا نەبووی و زۆرێک لە وزەی خۆت بە فیڕۆدا.گەر دەرفەتێکی تری ئاوهات بۆ رێ بکەوێتەوە ئەوا چیتر کاتی زۆری بۆ بە فیڕۆ نادەیت."

"زۆر جوانە." کەیسی وتی. "هەروەها سوپاسی ئەوەت دەکەم کە دەستەواژەی ، کیسەڵی دەریایی سەوز،ت لە بری ،کیسەڵ، بە تەنها ناوبرد." خۆ ئەوە کردی بە راست، من لە دڵی خۆمدا وتم.

کەیسی بەردەوام بوو "بە راستی ئەوە مەزنترین کات بوو لە ژیانی مندا. بە دڵنیایەوە یەکێک بوو لەو ساتە دەگمەنانەی کە کاتێک مرۆڤ بە شتێکی جوان و خۆش سەرسام دەبێت وشەی (ئاه) بە کاردەهێنێت، بۆ منیش ئەوە بە دەگمەنترین ساتی ژیانم بوو کە تێیدا بڵێم (ئاه).

هەموو رۆژێ خەڵک هەوڵ دەدەن رازیت بکەن کە کاتیان بپ تەرخان بکەیت و وزەیان بۆ بە خەرج بدەی. بیر لەو هەموو نامە و فلایەرانە*(کاغەزی پڕوپاگەندەی هەمەچەشنە) بکەرەوە کە رۆژانە و هەفتانە بۆت دێت، ئەگەر بێتوو بەشداری لە هەموو چالاکیەک، کڕین و فرۆشتنێک، خزمەگوزاریەکانیاندا بکەیت ئەوا هیچ کاتێکت بۆ سەربەستی خۆت بۆ نامێنێتەوە. ئەمە تەنها پۆستە. وەرە تەلەفزیۆنیش بخەرە بانی، پیشاندانی رێستورانتەکان، جێگەی گەشتوگوزارەکان، ....هتد

گەر بە پێی ئەمانە بڕۆی کاتێک خۆت دەبینیەوە ئەو شتانە دەکەیت کە زۆربەی خەڵک دەیکەن، یاخود ئەوان دەیانەوێت بیکەی.
بەهەرحاڵ، کاتێک گەڕامەوەبۆ کەنار دەریا، دوای ئەوەی لە دووەم رۆژدا بۆ جاری دووەم کیسەڵم دیت چاوەکانم تێر بوون لە بینین. لەسەر پارچە بەرەکەم دانیشتم و دەستم کرد بە نووسین لە دەفتەری یادنامەکەمدا.
هەستێکم لا دروست بوو لە ژیانمدا،، شەپۆلە هاتووەکان هەموو ئەو خەڵک، چالاکی و شتانە دروست دەکات کە هەوڵ دەدەن کاتەکانت و تێبینیەکانت و وزەت بۆ خۆیان ببەن نەک ببنە هاوکارێک بۆ گەڕان بە دوای (مەبەست لە بوونمان چیە)
شەپۆلە رۆیشتووەکان خەڵک و چالاکی و شتەکانن کە وام لێدەکەن بە مەرامی خۆم بگەم لەوەی مەبەست لە بوونی من چیە لێرە. لەبەرئەوە، ئەو کاتە زۆر و وزە زیادەیەی بە خەسارمدا لە شەپۆلە هاتووەکاندا، کەمترم بە خەساردا لە شەپۆلە رۆیشتووەکان لەو جارەدا.
کاتێک بیر لەو وێنەیە دەکەمەوە لە زەینی خۆمدا، بە راستی دەمخاتە بەردەم روانگەی جیاجیاوە. یەکبینە بژارەی دەکەم چەند 'سەوڵ'م لێدا، بە چ مەرام و هۆیەک."
"زۆر بە تام و چێژ بوو،" من وتم.بەهۆی رەنگدانەوەی چیرۆکەکەی ئەو، وە چۆن کاتەکانی رۆژانەم بەسەر دەبەم، وتم "نوکە تێدەگەم چ مامۆستاییەک کرایت لەسەر دەستی کیسەڵی سەوزی دەریا."

کەیسی لەسەر مێزەکە راسا. وتی "وابزانم لە نان خواردنەکەشتم کرد. بۆچی من بەجێت نەهێڵم تا  نان خواردنەکەت تەواو بکەیت و دوای نەختێ تر دەگەڕێمەوە لات بزانم لای تۆوە چۆن دەگوزەرێ."
"کەیسی، پێش ئەوەی بڕۆی، دەتوانم ئەو قەڵەمە و پارچە کاغەزێکت بۆ ماوەیەک بە قەرز لێ وەربگرم ؟"

"بەوپەڕی دڵنیاییەوە،" پێنوسەکەی لە بەرسینەی کردەوە و لاپەڕەیەکیشی لە پەرتوکە بچوکەکەی دەستی، کە داواکانی موشتەری تێدا دەنووسی، لێکردەوە و هەردووکیانی لەسەر مێزەکە دانا.
"وەڵامەکان سەرسامت دەکەن." بە چاوداگرتنێکەوە ئەمەی گوت و رۆیشت.

"چۆن دەزانیت؟.." دەستم کردەوە بە پرسیار کردن، بەڵام ئەو پێش وەختە لە نیوەی رێ بوو بۆ لای ژووری خواردن دروستکردنەکە.

دەستم کرد بە نوسینی هەندێ سەرەقەڵەم.
تێکڕای چاوەڕوانی کردن لە تەمەن بۆ حەفتا و پێنج ساڵ ... بیست و پێنج ساڵان بووم کاتێک پەیمانگەم تەواوکرد ... شەش رۆژی هەفتە نامەم پێ بگات ... رۆژانە شانزە سەعات بەخەبەر ببە... رۆژی بیست دەقە بە فیڕۆ بدە لەگەڵ نامەکاندا ...
کاتێ هەموو لێدانەوەکانم تەواو کرد، نەمتوانی باوەڕ بە وەڵامەکەی بکەم.
هەمدیسان لێکم دانەوە، هەمان وەڵامم چنگ کەوت.
ئینجا زانیم کەیسی گاڵتە ناکات لەبارەی کارکردی شەپۆلە هاتووەکانەوە.
لەو کاتەوەی پەیمانگەم تەواو کردووە تاکو تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵی، هەر رۆژەی بیست خولەک بە دیار کردنەوە و خوێندنەوەی نامە و سەیرکردنی فلایەرەوە کە هەرگیز تێبینیم نەکردووە، لە کۆتایی لێکدانەوەکەدا بۆم دەرکەوت لەو ماوەیەدا من ساڵێکی رەبەق لە ژیانم بە دیار ئەو کاغەزە پڕوپوچانەوە دەڕوات.
بۆ سێیەم جار سەیری لێکدانەوەکەم بێت. راست بوو. بۆی هەیە کە پەنجا و سێ ساڵ دوای ژیانی پەیمانگە، ئەگەر ئاگام لە خۆم نەبێت، ئەوا ساڵێکیان بە تەنها بە سەیرکردنی فلایەرەوە دەکوژم.

"خەبەرت؟" کەیسی بوو لە ژووری خواردنگەکە گەڕابۆوە، بەڵام ئەوەندە چوو بوومە ناو ئەو حساباتی تەمەنەوە هەستم بە هاتنی نەکرد تا هاتە بەردەمم.
"تۆ راست دەکەی کەیسی،" من وەڵامم دایەوە. "سەرم سوڕماوە تێدا، تەنانەت ئەم لێکدانەوەیە هەڵی داومەتە پشت سەرسوڕمانیشەوە و بەرەو راتەکاندنی مێشک بردوومی. دەزانی تەنها ئەو نامە و فلایەرە نەگریسانە ساڵێکی رەبەق لە ژیانم دەبەن بۆ خۆیان.؟"
کەیسی خەندەیەکی کرد، "هەموو نامەیەک نەگریس نیە، جۆن."
منیش گوتم، "دەزانم وایە، بەڵام بۆ من وەهایە. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە تەنها نامەکان نین. ئەوەندەی لێرە دانیشتووم دەبێ چ ماتریاڵێکی تر

دەبێتە شەپۆلە هاتووەکان، هەر ڕۆژە کاتی تر و وزەی ترم لێ داگیر دەکات."
" ماتریاڵ هەیە دەتوانێ وات لێ بکات بیر بکەیتەوە." کەیسی گوتی. " هەر وەک چۆن کاتەکانم لەگەڵ کیسەڵی سەوزی دەریاییدا وای لێ کردم تێ رابمێنم." دیسانەوە خەندەیەکی کردەوە و بەجێیهێشتم و چوو بۆ لای کەسەکانی ئەوسەری قاوەخانەکەوە.

................................................................

**یانزە ~**

دەستم کرد بە خواردنی شلکێنەکە، وەک هەموو شتەکانی تری بان مێزەکە زۆر خۆش بوو. لە ساتانەی نانم دەخوارد بیرم لە پرسیار و گفتوگۆ و قسەکانی کەیسی و مایک دەکردەوە.
تۆ بۆ لێرەی؟ چ دەکەی گەر بزانی تۆ بۆ لێرەی؟ لە کیسەڵی دەریایی سەوزەوە دەتوانی چی فێر بێت؟ ئەم پرسیار و دەمەتەقێیانە لە هی شوێنێکی وەک قاوەخانە ناچێ.
لەو دەمەی خەریکی خواردنی میوە بووم مایک هاتە سەر مێزەکەم و لێی دانیشت، گوتی،
" خواردنەکەمان چۆنە؟"
" تا بڵێی بە لەزەتە. ئەمە شوێنێکە تۆ دەتوانی دەسکەوتی باشترت لێ دەست بکەوێت، دەشێ بیر لە بەختێک یا سامانێکی باشتر بکەیتەوە."
" من پێشوەختە سامانی خۆمم هەیە." مایک گوتی. منیش یەکەسەر وتم،
" ئەی بۆ لێرە کار دەکەی...؟" هەڵوێستەیەکم کرد بە خۆم، بەڵام تازە لە دەرمم دەرچوو. " ببورە مایک، مەبەستم لەوە نیە کە ئەم شوێنە گرنگ نیە. ... مەبەستم تەنها.... بە ڕاستی نازانم مەبەستم چیە.؟

"گوێ مەدەرێ." مایک گوتی. "زۆر جاران ئەو پرسیارەم لێکراوە." دوای نەختێک "جۆن. ئەو حیکایەتەت بیستووە کە کابرای بزنسمان دەچێ بۆ پشوودان بپ جێگەیەک و لەوێ ماسیگرێک دەناسێ؟"
"نەخێر گوێم لێ نەبووە."
"بەری دوو سێ ساڵ ئەمە چیرۆکێکی باناوبانگ بوو. ئەمە پەیوەندی بەو قدەیەوە هەیە کە جەنابت لەمەڕ سامانەوە بە منت گوت."
"بەڵێ فەرموو،" من وەڵامم دایەوە.
مایک دەستی پێکرد، " کابرای بزنسمان رۆیشت بۆ پشوودان تا دوور بکەوێتەوە لە هەموو سەرقاڵیەکانی، بە کورتی دەیوست وچانێک بە خۆی بدات لە ژیان. بۆ جێگەیەکی زۆر دوور سەفەری کرد و دڵی چووە سەر گوندێک و بڕیاریدا لەوێ کەمێک بحەسێتەوە. بۆ چەند رۆژێک لەسەر یەک، تەماشای ژیانی ئەو خەڵکەی دەکرد. چاوی چووە سەر ماسیگرێک کە بە سیمایدا دیار بوو لە هموو ئەوانی تر بەختیارتر بێت. ئەمەی بەلاوە غەریب بوو، لە کابرای ماسیگر نزیک بۆیەوە و پرسیاری لێکرد کە ئەم هەموو رۆژێ چی کردووە.
کابراکە وەڵامی دایەوە: هەموو رۆژێ لە خەو هەستاوە و نانی بەیانی لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا خواردووە، پاشان منداڵەکانی چوونە بۆ قوتابخانە و ئەمیش چووە بۆ ماسی گرتن و خێزانەکەشی خەریکی وێنەکێشان بووە.
رۆژانە بۆ چەند کاتژمێرێک خەریکی راوەماسی بووە و بەشە ژەمی ماڵەوەی لێهێناوەتەوە، و سەرخەوێکی شکانووە. نانی نیوەرۆ خواردووە و دواتر، لەگەڵ ژن و منداڵدا، چوونە بۆ پیاسە بۆ لای قەراغ ئاوەکە، تا ئەوەندەی منداڵەکانیان خەرکی مەلە کردن بوونە، خۆی و ژنەکەی بە دەم پیاسە و دواندنی یەکتریەوە تەماشای خۆرئاوابوونیان کردووە.
کابرای بزنسمان بە واق وڕمانێکەوە پێی دەڵێ 'تۆ هەموو رۆژێ ئەمە دەکەی؟ 'ئەویش دەڵێت 'زۆربەی رۆژەکان. 'هەروەها دەڵێت 'هنەدێ کەڕەت شتی تریش دەکەین بەڵام ئەوە زۆربەی کاتەکانی رۆژانی ژیانمانە. '
بزنسمانەکە لێێ دەپرسێتەوە 'ئەی هەموو رۆژێکیش دەتوانی ماسی بگریت؟
'ماسیگرەکە دەڵێت 'بەڵی. ماسی لە ناو دەریادا زۆر زۆرن. 'بزنسمانەکە لە پرسیارەکانی بەردەام بوو، پێی گوت 'دەتوانی زیاد لە پێویست ماسی بگری لەو رێژەیەی خۆت رۆژانە دەیگریت؟ 'ماسیگرەکە بە خەندەیەکوە تەماشای بزنسمانەکەی کرد و گوتی 'ئا بە دڵنیاییەوە. زۆر کەڕەت زیادم

گرتوون بەڵام بەرەڵام کردوونەتەوە ناو ئاوەکە. دیوتە من ماسیم چەندە خۆش دەوێت. '

کابرای بزنسمان بە جدیەکەوە دەستی بە قسان کردەوە 'باشە رۆژانە بۆ ماسی زۆر ناگری مادامەکەی دەتوانی، ئەو دەم پارەیەکی زۆرت دەست دەکەوێت. لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانی بەلەمێکی تایبەتی ماسی گرتنت بە خۆت هەبێت، دوایی دەتوانی بیکەی بە دوو بەلەم، بگرە سیانیش و ئینجا ماسیگری باش بە کرێ بگرە تا هەموو رۆژێ ماسی زۆرت بۆ بگرن. لە چەند ساڵێکدا دەتوانی نوسینگەیەکی بازرگانی تایبەت بە ماسی فرۆشتن بکەیتەوە لە ناو شاردا، بگرە دەتوانم پێت بڵێم ئەو دەم توانای کردنەوەی کۆمپانیایەکی جیهانی ماسی فرۆشتنیشت دەبێت.'

کابرای ماسیگر بە پێکەنینێکەوە تەماشای دەکات و دەڵێت 'باشە من بۆ ئەم هەموو شتە بکەم.'بزنسمانەکە دەڵێت 'بۆ پارە. تۆ دەتوانی پارەیەکی فرە کۆ بکەیتەوە و ئینجا خانەنشین بە.'کابرای ماسیگرە هەر خەندە دەکا و دەڵێت 'ئەی چی بکەم کاتێ خانەنشین بووم؟ 'بزنسمان دەڵێت 'پێم وابێ هەر شتێک تۆ دەتەوێت.'کابرای ماسیگر دەڵێت 'یەعنی دەتوانم نانی بەیانیش لەگەڵ ماڵ و منداڵدا بخۆم؟ 'کابرای بزنسمان هەست دەکات ئەم ئاخاوتنە بۆ ئەو کەمێک ناحەزە،بەڵام هەر دەڵێت 'بێ گومان. 'ماسیگرەکە هەمدیس دەڵێتەوە 'باشە من حەزم بە راوەماسیە، یەعنی دەتوانم رۆژانەش ماسی هەربگرم بەو رێژە زیادەیەی کە تۆ ئێستا دەیڵێیت.'کابرای بزنسمان بە خاویەکەوە دەڵێت 'بەڵێ دەتوانی لە راوە ماسی خۆت هەر بەردەوام بیت، بەڵام بۆ رێژەکەی دڵنیانیم چونکە ئەو دەم ماسی زۆر نامێنن وەک ئێستا.'

کابرای ماسیگر دەڵێت 'کەواتە واباشتر نیە من کاتەکانی خۆم هەر وەک جاری جاران بەسەرببەم. بەشە ژەمێکی خێزان راوە ماسی دەکەم، ئێواران لەگەڵ ژنەکەمدا پیاسەی لێوار ئاو دەکەین و منداڵەکانیش با مەلەی خۆیان بکەن؟ 'بزنسمانەکە دەڵێت 'با بۆ نا. ئەوەی تۆ دەتوێت. تا ئەو دەم منداڵەکانیشت گەورە دەبن.'

کابرای ماسیگرە بە خەندەیەکەوە سەیرێکی کابرای بزنسمانی کرد و تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵدا کرد و ئومێدی خواست پشوویەکی هێمن و خۆش بەسەر بەرێت.' "

مایک چیرۆکەکەی تەتواو کرد و تەماشایەکی منی کرد و گوتی،
" تۆ چۆن بیری لێ دەکەیتەوە، جۆن.؟"
" لەوە دەچێ، من زۆرتر لەگەڵ کابرای بزنسمانکە بم. ماوەیەکی زۆر بەخەستی کاردەکەم تا ئەوەندەی پارەیەکی زۆرم دەبێت و خۆم خانەنشین دەکەم."
" منیش یەکەمجار کە گوێم لێ بوو هەمان رەئی تۆم هەبوو." مایک وتی.
ئینجا بەردەوام بوو، وتی
" بەڵام دوایی هاتمەوە سەر عەقڵی خۆم. خانەنشین ئەو کاتە بوو لە ئایندە گەر کاتێک پارەم هەبوایە ئەوەی بمویستایە بمکردایە. ئازاد دەبووم لەوەی بەشداری لەو چالاکیەکانەدا بکەم کە خۆم حەزم پێیە، و هەر رۆژە خەرج دەکەم لە پێناو ئەوەی دەمەوێ بە دەستی بهێنم.
ئێوارەیەکیان، دوای رۆژێکی بێزار لە ئیش کردن، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە رێگەیەکی باشتر دەبێ هەبێ. لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا تێگەیشتم کە گیرۆدەی هەندێ شپرزەیی بووم لەوەی هەندێ شت دەبێ چۆن بیت. زۆر سانا بوو، شتێکی شێتانەش بوو کە توشی شپرزەیی بوو بووم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر گیرۆدی بووم."
مایک لە قسەکانی بەردەوام بوو منیش هەر خەریکی خواردنی خۆم بووم، " حاڵی بووم لەوەی کە هەر رۆژە بۆخۆی دەرفەتێکە چت دەوێ بیکە. هەموو رۆژێ دەرفەتی ئەوەم هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو وەڵامەی کە جەنابت لە پشتی خۆراکنامەکە دیدەکانت لێ گیر کردووە. پێویستم بەوە نیە لە چاوەڕوانیدا بم تاکو 'خانەنشین' دەبم."
چنگاڵەکەی دەستم دانا و پاڵم لێدایەوە. قیجەک سەرسام بووم لەوەی چۆن ئاوا بە ئاسانی ئاخاوتنەکەی کۆتایی پێ هێنا، وتم، " ئەوە زۆر ئاسانە. باشە کە ئەوەندە سانایە بۆ هەموو کەسێک پیادەی ناکات."
مایک گوتی، " لەوە ناچێ من بە ناوی هەموانەوە بتوانم بدوێم. تۆ ئەوە دەکەی کە دەتەوێ بیکەی، جۆن؟"
چاوەڕێی ئەوەم لە گفتوگۆکە نەدەکرد بەو ئاراستەیەدا بڕوات. بە هیوا بووم مایک بەردەوام بێت لە قسەکانی و منیش تەنها گوێ بگرم. بۆ چرکەیەک بیرم لە پرسیارەکەی کردەوە.
" نەخێر. نا،"
" بۆ نا ؟ " مایک گوتیەوە.

ئەوە ئەوپەڕی ئاسانترین ئاست بوو لە پرسیار و گفتوگۆ کە هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد تێی بکەوم،
" بە راستی پێت بڵێم، من دڵنیا نیم. کاتێک چوومە پەیمانگە نەمزانی چ بابەتێک بخوێنم. لە کۆتاییدا، گەیشتمە ئەو باوەڕەی  بچم بابەتێک بخوێنم کە خۆم تۆزێک حەزم پێی دەکرد و خەڵکیش پاڵیان پێوەدەنام بچمە ەئو بوارەوە چونکە وتیان دوای تەواوکردنی خوێندن کار بە ئاسانی دەستدەکەوێت لەو بوارەدا. کاتێک قوتابخانە تەواو بوو دەستم کرد بە کارکردن، یەکبینە لە یەک روانگەوە ئیشم دەکرد ئەویش ئەوەبوو چۆن پارەی زۆر کۆبکەمەوە یان کارێک بکەم پارەکەی باش بێت. ئەوەبوو پارەیەکی نەختم کۆکردەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بووم بە کەسێکی نموونەیی لەو بوارەدا.
بەڵام هەر دڵنیا نیم ئایا تا چەند چەند بیرم لەو پرسیارە کردبێتەوە.
(دەستم بۆ خۆراکنامەکە راکێشاو) مەگەر تەنها ئەمشەو."
مایک دوا، " وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەوە وەک شۆخیەک وایە و نازانرێت چۆن دەگاتە لای کەسەکان، بێگومان بە جیاوازیەکانیانەوە."
" ئەمەوە بە راستی شێتانەیە،" من وتم.
" مەبەستت چیە؟" مایک وتی.
" مەبەستم لەم شتەیە کە قسەیان لەبارەوە دەکەین. بۆچی ئێمە کاتێکی فرە بەفیرۆ بدەین لە ئامادەکاری شتێکدا  گەر بمانەوێ بیکەین، لە بری ئەمە با ئەوە بکەین کە ئێستە دەمانەوێت بیکەین.."
" پێم وایە تۆ لەوانەیە کەسێک ببینی کە دەتوانێ کۆمەکی زیاترت پێ بکات بۆ ئەوەی هەندێ  فکرەی بە بایەخت بداتێ، مایک وای وت و هەستاو رۆیشت بۆ لای ئەو مێزەی کەیسی لەگەڵ مشتەریەکانی تردا دەئاخاوت. نەمدەتوانی گوێم لێیان بێت لەمەڕ چیەوە قسان دەکەن، بەڵام لە ماوەی چەند چرکەیەدا کەسێک لەوانە هەستایە سەرپێ و لەگەڵ مایک هەنگاویان بەرەو رووی من هەڵهێنا.

........................................................

## دوانزە ~

کاتێک گەیشتنە لای مێزەکە، مایک ناساندمی بەو ژنەی کە هاتبوو لەگەڵیدا.

" جۆن، حەز دەکەم ئەم هاوڕێیەمت پێ بناسێنم، ناوی (ئاننا )یە." سەیرێکی 'ئاننا ' شی کرد و گوتی،

" ئاننا، ئەمە 'جۆن' ە. ئەمە یەکەم شەوێتی بێتە ئێرە."

ئاننا خەندەیەکی کرد و تەوقەمان کرد بەیەکەوە.

" خۆشحاڵم بە بینینت،" من بەردەوام بووم و گوتم، " لە پێ ناساندنەکەی مایک دا دیارە بەڕێزتان زۆرجار نانی ئێواران لێرە دەخۆن."

" ئەوەی راستی بێت جار نا جارێک،" ئاننا وەڵامی دایەوە و بەردەوام بوو " ئەمە یەکێە لەو جێگایانەی کە زۆرجار روحت پێویستی پێیەتی."

" من واخەریکە بە تەواوی درک بەوە دەکەم." من وتم.

مایک گوتی، " ئاننا، من و جۆن گفتوگۆمان لە بارەی یەکێک لەو باباتەوە کە لای تۆ چێژی هەیە. بۆیە، وابزانم پێویست دەکا را و بۆچوونی کەسێک شارەزای وەک تۆی تێدا بێت."

ئاننا دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی، " زۆر چاکە، بەس من دڵنیا نیم لەو شارەزایی بوونەی ئامازەت پێدا، بەڵام من هرگیز خاوەنی راوبۆچوونی کورت بینانە نیم." سەیرێکی هەردووکمانی کرد و بەردەوام بوو " لەمەڕ چییەوە دەدوان؟"

مایک گوتی، " جۆن، پسیاری ئەوەی کرد، بۆچی ئێمە کاتێکی فرە بەفیڕۆ بدەین لە ئامادەکاری شتێکدا گەر بمانەوێ بیکەین، لە بری ئەمە با ئەوە بکەین کە ئێستە دەمانەوێت بیکەین.

" ئاە، ئەوە یەکێکە لەو بابەتە بەچێژانەی حەزم پێیەتی" ئاننا بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت.

ئاننا، تریقەی پێکەنینەکەی دەهات و بە ئاسانی دەنگەکەی دەگەیشتە گوێ، یەکسەر حەزم بە دانیشتنی کرد و گوتم،

" ئاننا، ئاسودە ئەبم گەر دانیشی. حەز دەکەم گوێم لە دیدی تۆ بێت، هەروەها تۆش مایک ، ئەگەر خواستە کاتمان لەگەڵدا بەریتە سەر."
بە هەردووکیان و من، بازنەیەکی خڕمان بە دەوری مێزە خڕەکەدا دروست کرد. مایک بێژای ،
" پێشئەوەی ئاننا دەست پێ بکات، دەکرێ هەندێ شت لە بارەی ئانناوە بزانی. ئاننا، بەرزترین پلەی لە باشترین قوتابخانەی بازاڕداری لە سەر ئاستی جیهاندا هەیە. هەروەها لە بواری راگەیاندنی جیهانیدا یەکێک لە جێگە بالاکانی هەبووە لە بەڕیوەبەرێتیەکەیدا بۆ چەندان ساڵ."
"واو،" من وتم، " ئەوە شتێکی زۆر بە شکۆیە."
" نا، بەو ئەندازەیەش نا،" ئاننا هەمدیس بە خەندەیەکەوە وتی. " ئەوە تەنها لەسەر کاغەز گرنگە." ئاننا زیاتر لەسەر کورسیەکە جێی خۆی خۆشکرد. " جۆن، ئایا قەد سەیری تەلەفزیۆنەکان دەکەی، گۆڤارەکانت دەخوێنیتەوە، یان گوێ لە رادیۆکان دەگریت؟"
" هەندێ جار. بۆ؟" من وتم. ئاننا قسەکەی لێ وەەرگرتمەوە و بێژای،
" بەشێک لە وەلامەکەت بۆ پرسیارەکە: بۆچی ئێمە کاتێکی فرە بەفیڕۆ بدەین لە ئامادەکاری شتێکدا  گەر بمانەوێ بیکەین، لە بری ئەمە با ئەوە بکەین کە ئێستە دەمانەوێت بیکەین. ئەمە پەیامێکە رۆژانە دەخرێتە بەردەممان. دەبینی، راگەیێنراوەکان دەمێکە ئەوە دەزانن ئەگەر چاپوکانە لە ئامانجی خەڵک بدەی، بۆ نمونە رەواندنەوەی ترسەکانیان... بەدی هێنانی حەزەکانیان، ئەوا هانیان دەدەن لەوەی هەندێ شت بکەن. ئەگەر تۆ دەتوانی کار بکەی لەسەریان لەبارەی ترس و سام یان ئارەزووەکانیان ئەوا پێیان دەڵێیت بچن ئەو شتانە بکڕن یاخود هەندێ بواری خزمەتگوزاری بەکاربهێنن."
" دەتوانی نمونەیەکم بدەیتێ." من بێژام.
" باشە. ئایا هیچ کات نەتدیوە یان نەتبیستووە، ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەیەک بریتی بێت لە چڕکردنەوەی بابەتێک لەسەر ئەوەی تۆ بۆچی بەختیار نیت یان بۆ دەترسیت؟ یاخود هەندێ لەم پەیامانەت گوێ لێ بووە ' ئەگەر ئەم بەرهەمە بکڕیت ئەوا ژیانت باشتر دەبێت؟' "
" دڵنیانیم، بەلام پێم وایە" من وتم.
" بە گشتی ئەوە بە شێوەیەکی شارەزایانە دەڵێن،" ئاننا گوتی. " زۆربەی جارەکان قسەی  کۆمپانیاکان راست دەرناچێ و خەلاندنەکانیان زۆر دروست

نیە. کاتێک تۆ بزانیت سەیری چی دەکەی، یان، ببینی بە کۆمەڵێ
پڕوپاگەندە ئابلۆقە دراوی، مبەست لە پەیامەکە ئەوەیە بۆ ئەوەی رازیت
بکەن و پێت بڵێن تۆ لە رێگەی ئەم بەرهەمە تایبەتەوە ئاواتەکانت دێنە
دی. بۆ نموونە، لێخوڕینی ئەم ماشینە مانای ژیانە.... گەر ئەم ئایس کریمە
بخۆی ئەوا ژیان بەرەو بەختیاری دەگۆڕێ... ئەگەر ئەم ئەڵماسەت هەبێ
ئەوا دەتوانی ئاسوودەییت هەبێ.
هەروەها، (ئاننا بەردەوام بوو)، با شتێکی گرنگت پێ بڵێم. چەند
شارەزایانە تر کار بکەن ئەوەندە کارکردنیان زیاتر دەبێت لەوەی رازی
بوونی خەڵکی لێدەکەوێتەوە. نەک تۆ خۆت بەرهەمەکە دیاری بکەیت بەڵکو
ئەوان بۆت هەڵدەبژێرن گەر تۆ نەزانیت کامیان دیاری بکەی، و بە
سووربوونەوە پێت دەڵێن ئاوها ئاواتەکانت دێنە دی، ئەگەرنا ئەوا هیچ."

بە لاقرتێیەکەوە تەماشایەکم کرد. "باشە ئاننا، تۆ بە خەڵک دەڵێی هیچ
شتێک مەکڕن، تەنانەت شتە تایبەتەکانیش؟ ئەوە رەئێکی رەها نیە؟"

"ئۆو، نەخێر." ئاننا گوتی. "بە هەڵە لێم تێ مەگە، هەر کەسێک دەبێ
بچێ شت بکڕێت. من ناڵێم خەڵکینە سەیارە مەکڕن، مەچن بۆ مۆڵەکان و
ئایس کریم مەخۆن.
تۆ پرسیارت ئەوە بوو : (بۆچی ئێمە کاتێکی فرە بەفیرۆ بدەین لە
ئامادەکاری شتێکدا  گەر بمانەوێ بیکەین، لە بری ئەمە با ئەوە بکەین کە
ئێستە دەمانەوێت بیکەین). بەشێک لە وەڵامەکە ئەمەیە ئەگەر ئاگامان لە
خۆمان نەبێت،. ئەوا دەبێ هەموو شتێک بکڕین و بازاڕەکە هەمووی بهێنینە
ماڵەوە چونکە ئەوان ئەوە دەکەنە باوەڕ کە بەختیاری و ئامانجی مرۆڤ
ئەوەیە کە شتەکانیان بکڕێ، ئەوەش مانای کڕینی هەر رۆژەی
شتومەکەکانیان. ئاکامی ئەم دۆخە ئەوە دەبێ کە خۆمان بخەینە بارێکی
ماڵی وەهاوە کە دەبێ هەر بەردەوام بین لەسەری، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە
نامانەوێت بیکەین."
"بە راست ناتوانم بە تەواوی تێبگەم." من وتم.
"با نمونەیەکی گشتیت بدەمێ،" ئاننا وتی. "ئەوە لەبەرچاو بگرە کە ئەم
نمونەیە بەسەر هەموو کەسێکدا دابین نابێ، بەڵام ئەوە روون دەکاتەوە کە
ئێمە لەبارەی چیەوە قسان دەکەین.

لە تەمەنی لاوی دا، ئێمە بە لێشاو بەرەو رووی پڕوپاگەندەکان دەچووین، راسپاردەی ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بۆ دەناردین کە خەونەکانتان لە رێی ئەم شتانەی ئێمەوە بەدی دیت گەر بیکڕن. کەواتە چی بکەین؟ خۆڕسکیانە ئێمەش دەچووین هەندێ ماتریاڵمان دەکڕی بەو هیوایەی راگەیاندنەکە راست بکات.

ململانێکە ئەمەیە، (ئاننا گوتی) کڕینی ئەو شتانە پارەی دەوێت. بۆ چارەسەری ئەو گرفتەش دەبێ کار پەیدا بکرێ. لەوانەیە ئیشەکان بە دڵی خۆمان نەبووبن کە کردوومانن، ئەو سەعاتی ژیانانەی لەو رۆژانەدا سەرفمان کردن بە هەدەر رۆی، بەڵام دەبوو کار بکەین چونکە دەبێ پارەی ئەو شتانەمان چنگ بکەوێ کە کڕیومانن. ئێمە بە خۆمان دەڵێین ئەم کارکردنە کاتیە و دواتر کارێکی تر دەکەین، ئەو (تر)ەی چەسپی کردین بەو کاتەی کە لە مانای راستییەکە دووری دەخستینەوە، راستی ئەوەی بە راست دەمانویست چ کارێک بکەین.

گرفتەکە لەوەدایە کە کارەکە بە حەز و ئیرادەی خۆمان نیە و بۆیە چەندە لەو کارە بەردەوام بیت ئەوەندە دوور دەکەویتەوە لە بەدیهێنانی حەز و ئامانجەکانت. هەر لە دەوروبەری خۆمان چەندان کەس چاوەڕیی ئەو رۆژە دەکەن تا خانەنشین بن و ئینجا بکەونە دوای ئەو شتانەی دەیانەوێت بیانکەن چونکە کارەکەیان مەودای پێ نەداون هیچ شتێک بکەن لەوانەی خۆیان بە دڵیان بووە.

پێش ماوەیەک، ئێمە دەستمان کرد بە هێنانە بەرچاوی ئەفسانەی کات کە لە ئایندەدا گەر نەمانەوێت ئیشێک بکەین، ئەوا لە بری ئەوە با کاتەکانمان بە کاربهێنین لە ئێستادا بیکەین. لە هەمان کاتدا، بۆ هاوسەنگ کردنەوەی حەقیقەتێک کە ئێمە نامانەوێت کاتەکانمان بە فیرۆ بدەین، دەچین هەندێ شت دەکڕین، بە ئومێدی ئەوەی پەیامی پڕوپاگەندەی راگەیاندنەکان راست دەرچێ. ئێمە هیوا دەخوازین ئەو شتانە لەگەڵ خۆیاندا ئاواتەکانمان بۆ بەدی بهێنن کە لە کاری رۆژانەی ئاساییدا دەستمان ناکەوێت.

بە داخەوە هەرچەندە شت زۆر بکڕین دەبێ زیاتر کار بکەین لە کاتی زیاتری خۆمان، چونکە سەعات کارە ئاساییەکە بەش ناکات. لە کاتەوەی ئێمە کارەکەمان بە دڵی خۆمان نیە تا بە دڵەوە کاتەکانمانی بۆ بە خەرج کردن بدەین چونکە بە فیرۆدانی کاتی زۆرتر لە کاری ئاوهادا مانای زۆرتر

بێ هیوایی لە گەیشتن بە ئامانجەکان، لەو شتانەی کە دەبوو بمان کردنایە."

من قسەکانم بڕی و گوتم، " ئەو شتانە واتای کڕینی زیاتری هەندێ شت." دوای هەڵوێستەیەکی خێرا بەردەوام بووم " وابزانم دیارە شتەکان چۆن دەڕوا. لەوەناچێ دەورەیەکی پۆزەتیڤی بێت."
" پۆزەتیڤ بێت یان نا،" ئاننا وەڵامی دایەوە " ئەنجامی کۆتایی ئەوەیە خەڵک بۆ دورەیەکی دوور و درێژ کاردەکەن، شتێک دەکەن کە ناتوانێ ' مەبەست لە بوونیان لێرە چیە' بسەلمێنێ.
لەهەمان کاتدا، چاویان بڕیوەتە ئایندە بە هیوای رۆژێک بێت و کارنەکەن و ئینجا ئەو شتابە بکەن کە لە مێژە حەزیان بووە بیکەن."
" واو، پێشتر هەرگیز بیرم لە شتی ئاوها نەکردبۆوە،" من وتم. پێم گوت، " ئاننا، ئەو هەموو شتانەی تۆ دەیڵێی دڵنیای لێی؟"
ئاننا و مایک هەردووکاین قاقایان لێدا، ئاننا گوتی،
" جۆن، من هەرگیز پێشنیاری ئەوە بۆ کەس ناکەم کاغەز و ماغەزی پڕوپاگەندە وەک شتێکی بە نرخ تەماشا بکەن، تۆ دەبێ وەک ئەوە بیانبینی کە هەن. حەزناکەم هەر شتێکیش من گوتومە تۆ بە سانایی قبوڵت بێت. کەیسی باسی کرد کە ئێوە قسەتان لەبارەی ئەوەوە کردووە کە چۆن هەموومان چانسی ئەوەمان هەیە هەوڵەکانی خۆمان فراوان بکەین بۆ گەڕان بە دوای شتەکاندا، ئاوها ئێمە لە مانای بوونی خۆمان تێدەگەین. بەشداری کردنی من لێرەدا تەنها وەک را و بۆچوونی هەر کەسێکی ترە. خۆ گوێت لێ بوو من چیم گوت. تۆ دەتوانی سەیری جیهان و دەوروبەری بکەی و بزانە هەندێکی، گشتی یان هیچی راست نیە."
" بەڵی، بە منسۆگەری ئەوەی وای لێکردم کە بە رێگەیەکی نوێ بیر لە کۆمەڵێ شت بکەمەوە." من وام گوت. " ئاننا پێم بڵێ ئەو نمونەیەی ئێستە هێناتەوە، ئایا خۆت پیایدا تێپەڕیوی ؟"

ئاننا، پێکەنی هەر وەک عادەتی خۆی، " بە دڵنیاییەوە، ئەم پێکەنینەم بۆ ئەو کاتە بوو، بەڵام ئەودەم بە گاڵتە نەبوو. بە راستی ناشاد بووم و هەمیشە هەستم پێدەکرد، نەمدەتوانی کۆنترۆڵی حاڵەتی بێزاری خۆم بکەم. هەموو رۆژێ چەندان کاتژمێری زۆر کارم دەکرد، هەوڵم دەدا کەم و

کوڕیەکانی خۆم لە کاتەکانی دەستبەتاڵیدا بە خەریک کردن بە شتەوە پڕبکەمەوە. لە هزری مندا ئەوە ژیرانەترین نزیک بوونەوە بوو لە ژیان.
رۆژانی پشووش کارم دەکرد، بە خۆمم دەوت شایەنی ئەوەی بە کەرەستەیەکی ترەوە خەریکت بکەم، جاری واهەبوو خۆم خەریک دەکرد بە ئامێرێکی ئەلەکترۆنی بێ بایەخەوە، یان، هەندێ شتی ناومالّی تازە.
گرفتەکە ئەوە بوو، ئەو کاتانەی ئیشم دەکرد زۆر دەگمەن کاتم بۆ دروست دەبوو خەریکی مامەڵەکردنی خۆم بم بە هەندێ شتەوە تاکو دەروونمی پێ بلاوێنمەوە. خەڵک دەهات دەهاتن بۆ ماڵەکەم و دەیانوت ئەو شتانە زۆر جوانە، بەڵام ئێجگار کاتی کەمم هەبوو تاکو بە دڵی خۆم لێی بڕوانم.
شەوێکیان، چاوم خشاند بە کۆمەڵێ نامەدا کە لە کۆمپیالە و پارەی قەرز و لیستی ئەو شتانەی کڕی بووم، دیقەتمدا دیسانەوە نیوەی مووچەکەم رۆیشتە گیرفانی ئەو کاغەزانەوە. گەڕامەوە ناو جێگەکەم و پاڵم دایەوە و چاوم بڕیە بن میچەکە. ئەوەی نەمتوانی رێی پێ بگرم فرمێسکەکانم بوو. درکم کرد وا خەریکە ژیان تێم دەپەڕێنێ، ئەو ژیانەی لە کارێکدا وا خەرجی دەکەم کە هیچ حەز و ئارەزوویەکم بۆی نیە و بەو شتانە دەمویست قەرەبووی ژیانی خۆم بکەمەوە، ئەو شتانەی کە هیچ گوێم پێی نەدەدا.
بۆ کاڵ کردنەوەی ئەو گرفتە، پلانێکم دانا کە بگەڕێمەوە بۆ کردنی ئەو شتانەی دەمویست بیکەم، کارێک کە خواست و حەزی خۆم بێت. ئەوەم کرد تاکو تەمەنم گەیشتە شەس و پێنج ساڵ و خانەنشین بووم. بە راستی ئەو کاتانە تا بڵێی بەد و پڕ لە پەستی بوون."

" دیاربووە ئەو کاتانە تۆ ئاوەزێکی ترت هەبووە بە بەراورد کردن بە ئێستا. ئەی چیتر لەو شەوەدا روویدا؟" من پرسیارم کرد.
ئاننا خەندەیەکی کرد و کەوتە وەڵام دانەوەم، " بەڵێ ئەوە ئاوەزێکی تربوو. ئەو ئێوارەیە، دوای ئەوەی بە بێ چاو تروکان سەیری بن میچەکەم دەکرد و هەوڵم دەدا لەو بارودۆخە تێبگەم کە چی منی گەیاندۆتە ئێستا، بڕیارمدا بچم پیاسەیەک بکەم.لە شارێکی گەورە دەژیام، شەقامەکان پڕ بوون لە خەڵک، سەیری هەر کەسێکم دەکرد گەر بە لامدا رەتبوایە، وامدەزانی ئەوانیش هەمان هەست و بێ تاقەتی منیان هەیە. ئایا بەختیارن؟ ئایا ئەوە دەکەن کە دڵخوازی خۆیان بێ؟ ئایا هەست دەکەن ئامانجەکانیان بەدی هاتووە؟

ئاخریەکەی لە بەردەم قاوەخانەیەکی بچووکدا خۆم دیەوە، زۆر بە بەردەمیا رۆیشتووم بەڵام قەد نەچوومەتە ژوورەوە. لە بەختی مندا ناسیاوێکم لەوێ دانیشتبوو. لە هەندێ بۆنەدا دیتبووم، سەرنجراکێشیەکەی لەوەدابوو کە دیار بوو زۆر سادە و ساکاربوو. پرسیاری لێکردم کە دانیشم لەگەڵیا، زیاتر لە سێ کاتژمێر و خواردنەوەی چەند قاوەیەک راگۆڕینەوەمان لەمەڕ چەند تیئۆریکەوە کرد لەسەر ژیان. کاتێک حاڵەتەلی خۆمم بۆ باس کرد پێکەنی و گوتی لەوانەیە کاغەز و ماغەزی پڕوپاگەندە و هەڕەنگە زۆر بخوێنیتەوە. پێک وت لێت تێناگەم مەبەستت چیە. ئەو دەورەیەی زندەگی بۆ باس کردم کە من تۆزێک پێش ئێستا بۆ تۆم باس کرد، رۆیشت و قسەیەکی تری پێ وتم کە تا هەنوکەش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. ئەو شتەی ئەو وتی 'ململانێ' بوو.

ئەو ململانێیەی پیشانی دەدا کە شتێک بەدەستهاتووە لەبەرئەوەی ئێمە وەک خودی خۆمان بەدستهاتووین، نەک کەسێک پێمان بڵێ ئەو شتە ئاوها بەدەست دێت.

ئەو شەوە کە چوومە ماڵەوە، دانیشتم و لە مێشکی خۆما رەنگم پێ دەدایەوە چی بەدەستهاتووە بۆ من وە بۆ. کەوتمە کێشە لەگەڵ خۆمدا کە لەمەودوا چۆن رۆژرکانم بەسەر بەرم. پێش ئەوە، پرسیارم لە خۆم دەکرد بۆ بەم شیوەیە رۆژەکانم بەسەر دەچن. لە کۆتاییدا، ئەو هێڵە لە بیرکردنەوە گەیاندمی بە ئێرە." سەرم خوارکردەوە بۆ سەر مێزەکە، دیتم ئاننا ئاماژە بە ئاشنامەکە دەدات.

تۆ بۆ لێرەی؟

" ئەوی دوای ئەوە؟" من پرسیم.

ئاننا دووبارە پێکەنی و گوتی، " وابزانم کەیسی پێشتر بۆی روون کردویتەتەوە جارێک پرسیار ئەوە لە خۆت بکەی 'من بۆ لێرەم؟ هەندێ شتی لای تۆ گۆڕی. بە بێ چوونە ناو فراوانیەکی بێ شومارەوە، دەتوانم پێت بڵێم لەو شەوە بە دواوە من ئانناکەی پێشووتر نەمام.

بە هێواشی دەستی پێکرد، بۆ من شتەکان بە خاوی، هەرهەفتەی کەمێک، دەچووە پێشەوە. وازم لە سەرزەنشکردنی خۆم هێنا کە پێشتر بە 'شتەکان' دەمویست دڵی خۆم بدەمەوە، لە ئەوەڵەوە کەمێک قورس بوو هەروەک کارەکەم، بەڵام دواتر بڕیارمدا لە بری ئەوە دەبێ مامەڵە لەگەڵ خۆمدا

بکەم وەک ئەوەی کە دەمەوێت. بۆ نموونە، جەختم لە خۆم دەکردەوە کە ڕۆژانە کاتژمێرێک تەرخان دەکەم بە شتێکەوە کە خۆم بە ڕاستی حەزم پێی بێ. هەندێ جار ڕۆمانم دەخوێندەوە چونکە چێژم لێ وەردەگرت، هەندێ جار دەڕۆیشتم بۆ پیاسەیەکی دوور و درێژ، یان خۆم بە وەرزشەوە خەریک دەکرد. لە دواییدا، کاتژمێرێک بوو بە دوان، بگرە بوو بە سیان، لەو میانەی ئەو سێ سەعاتەدا هەموو ئەو شتانەم دەکرد کە حەزم پێ بوو، دەمویست بیان بکەم. ئەو شتانەی وەڵامی ئەوەی بۆ بەدەست دەهێنام 'مەبەست لە بوونی من لێرە چییە؟'. "

***

**سیانزە ~**

ئاننا لایەکی لە مایک کردەوە و پێی وت، "ئەی لە بارەی مردنەوە هیچ باس و خواستان کردووە؟"
"لە بارەی چییەوە؟" من پرسیم. لە پڕێکدا هەستم بە ترسێک کرد.
ئاننا خەندەیەکی کرد و ئاماژەی بە خۆراکنامەکە کرد. "پرسیاری دووەم"
منیش سەیرێک کرد.
**ئایا لە مردن دەترسی؟**
خەریک بوو بە تەواوی دوو پرسیارەکەی ترم لە بیر دەچۆوە کە لەسەر بەرگی خۆراکنامەکە هەبوون. دوای ئەم هەموو گفتوگۆیە هەر لێم تێک چوو بوو، کامە یەکەمە و کامە دووەمە. دڵنیا نەبووم لەوەی ئامادەیی ئەوانی ترم تێدا هەیە یان نا.
"ئەوە پەیوەندی پێوە هەیە." مایک وتی.
دیسانەوە عەقڵیان خوێندمەوە، هەر وەک چۆن من یەکەمجار کە هاتمە ئێرە وتم ئەم قاوەخانەیە بۆ ئەوەندە ڕەمەکیە! پێم وابێ من هەرگیز شتی وام نەگوتووە. پریسارم لە مایک کرد، "مەبەستت لە 'پەیوەندی پێوە هەیە' چییە؟"

" ئایا لە مردن دەترسی؟" ئاننا پێی گوتم. " زۆربەی خەڵک لێی دەترسن. ئینجا لە حەقیقەتیشدا، ئەوە ترسێکە لە دڵی زۆربەی زۆری خەڵکدایە."
" ئەز، نازنم" من گوتم. " زۆر شت هەیە لە ژیانمدا دەمەوێ بیکەم، نامەوێ بمرم پێش ئەوەی ئەو شتانە ئەنجام بدەم. بەڵام مردن شتێک نیە کە رۆژانە بیرم لێ کردبێتەوە."
ئاننا، کەمێک راما و گوتی،
" ئەو خەڵکانەی ئەم پرسیارەیان لە خۆیان نەکردووە و هیچ هەنگاوێکیان نەهاویشتووە بە گەیشتن بەوەی 'مەرام لە بوونیان لەم دنیایە چیە' لە مردن دەترسن. بەڵێ، ئەو کەسانە لەمردن دەترسن."
ئینجا نۆرەی من بوو رابمێنم، تەماشای ئاننا و مایکم کرد، وتم
" تۆ وتت زۆربەی خەڵک رۆژانە بیر لە مردن دەکەنەوە؟ من بڕوا ناکەم وابێت. بە دڵنیایەوە پێتان دەڵێم هیچ رۆژێکم بە هەدەر نەداوە لەوە بیر لە مردن بکەمەوە."
مایک خەندەی کرد و بێژای،
" نەخێر. مەسەلەکە وانیە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ روونکردنەوەی لە بارەوە بدەین ئاستی ئەو لایەنە شاراوەیەیە کە لە دڵ و مێشکی مرۆڤدا هەیە سەبارەت بە مردن و ترسەکانی. خەڵکێکی زۆر خاوەن رێکەبیر*(مبدا) نین لەمەڕ مردنەوە تا رۆژانە بیدەنە بەرباس و خواس. بەڵام لەگەڵ رۆژانەی ژیانی خۆیاندا هەست بەو لایەنی شاراوەیە دەکەن کە ترس لە مردن خۆی تێدا مەڵاسداوە. ئەو رۆژە دێتە پێشێ لە مردن نزیک بوونەتەوە و چانسی ئەوەشیان نەبووە ئەو شتانە بکەن کە دەیانویست لە ژیانیاندا بیکەن. بۆیە دەبینی هەمیشە لەو رۆژانی ئایندەیە دەترسن کە ژیانیان بەرەو ئاوابوون دەبات چونکە تێر بە دڵێ خۆیان نەژیاون بۆ ئەو شتانەی کە حەزیان پێ بووە. لەو کاتە زۆر دەترسن کە رۆژێ دادێ بمرن تێیدا."
یەکسەر بیرم لەوە دەکردەوە کە مایک ئێستا دەیوت، رووم تێکرد و پێم گوت
" بەڵام مەرج نیە ئەوە وەهای لێ بێت، وانیە؟ ئەگەر کەسانێک پرسیاریان لە خۆیان کرد بۆچی لێرەن، شتگەلێک هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێت بیکەن لۆ بەدەسهێنانی تێگەیشتن لەوەی 'مەبەست لە بوونیان لەم ژینە چیە' و لە بنەڕەتدا لەوانەشە کردبێتیان، ئەی ئیتر بۆچی لە مردن بترسن؟ تۆ گەر دەرفەتێکیت بۆ رێ نەکەوتبێ بۆ بەدیهێنانی ئەو شتانە یاخود نەتتوانی

بێت چنگت لە هەموویان گیر کردبێ و لەوانەشە لە رابردوودا هەندێکیانت وەچنگ کەوتبی، ئیتر کێ دەڵێ تۆ لە مردن دەترسێی؟"
ئاننا خەندەیەکی کرد، " نەخێر تۆ ناتوانی."ئەمەی بە نەرمیەکەوە گوت.
لەسەر مێزەکە هەستایە سەرپێ و گوتی "گەلێک شاد بووم بە بینینت و بەم دانیشتنە، جۆن. بە داخەوە من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو هاوڕییەی ترم."
هەستامە سەرپێ و تەوقەیەکمان کرد بەیەکەوە و وتم " هەروەها منیش. سوپاس بەشداری کردنت و ئەو بیروبۆچوونانەی خستنە روو لەسەر میزەکەی من."
ئیتر ئاننا گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی پێشووی خۆی. پشتە تەقێیەکم کرد بە کورسیەکە و پاڵم داپێوەی. هەستم کرد زۆر جیاوازم لە پێشووتر. هەستم کرد شتگەلێکی بە نرخ فێر بووم کە بۆ گشت ژیانم بە کەڵک بێ.
مایک لەسەر مێزەکە هەڵسا و گوتی " جۆن. ئایا تۆ باشیت. هەست دەکەم قیچکێک واقت وڕمابێ."
" تەنها بیر دەکەمەوە." من گوتم. " ئەوەی تۆ و ئاننا قسەتان لێکرد لە بارەیەوە زۆر پڕ مانا بوون. من لەوە واقم وڕماوە کە بە درێژایی ژیانم نە گوێم لێی بووە و نە بیریشم لێکردۆتەوە."
" جۆن. هەموو شتێک لە کاتی خۆیدا دەبێ. لەوانەیە بە مێشکتدا هاتبن بەڵام لەو کاتانەدا ئامادەیی ئەوەت تیا نەبووە بیریان لێ بکەیتەوە." مایک بێژای.
مایک دەستی بۆ قاپە بەتاڵەکان برد و کۆیان بکاتەوە، " بۆ من ئەم قاپانە لا نەدەم کە هیچیان تیا نەماوە. هێشتا قاپی گۆشت و سەوزە جنراوەکە وەک خۆی ماوە، دەتەوێ خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەی، وانیە؟"
" بەڵێ، زۆر بەلەزتن." خۆم لەو بیری لێکدانەوەی شتانە دەرکرد و چیدی با بێمەوە سەر خواردنەکەم، " بێ هیچ ئەملاولایەک خواردنەکانت زۆر بە تامن، من هەر برسیمە و ناهێڵم بیان بەیتەوە تا گشتیان تەواو نەکەم."
هەر ئەوەندەی مایک مێزەکەی بەجێهێشت، کەتمە وێزەی هەموو ئەو شتانەی ئاننا و مایک و خۆم باس و خواسمان لەسەر کرد. ئەوەندە زۆر بوون کە نەدەکرا ئاوا بە پەلە هەرس بکرێن. بیرم لە چیرۆکەکەی ئاننا، دەربارەی پڕوپاگەندەی راگەیاندن، دەکردەوە. چەندە پێناسێک هەڵدەگرێ بۆ سەرکەوتنەکانم، بەختیاریەکانم و ئامانجەکانم کە پێشتر لە لایەن خەڵکی ترەوە بڕیاری لەسەر دەدرا وەک لەوەی خۆم بڕیاری لەسەر بدەم. بۆ بەندە

قورس  بوو ئەمە بزانێ. بڕیارمدا هەر بەرەو پێشەوە بچم، کۆشش بکەم لەوەی  چیدی دەبێ بە ئاگا بم لە پەیامانەی لە پشتەوە خەڵک شت دەدەن بە گوێتدا.

مشتومڕ سەبارەت بە مردن بە تەواوی جیاواز بوو. دەمزانی هاتوومەتە نێو قولایی باسەکەوە و خواستمە زوو لێی تێبگەم. چیدی ئەوە کەسە نەمام بریتی بێت لە تۆپەڵێ سوزی بێ ورەیی کە لەمەڕ مردنەوە ڕاڕابێت.

تەنانەت شتێک نیە کە هەندی جار بیرم لێ دەکردەوە. بەڵام ڕێکەبیری ژیانێک کە بژیم بۆی و ئامانجەکانم بەدی بهێنێ، ئەو کاریگەرییەی دەبێ هەر رۆژە چاوی پێدا بخشێنمەوە، زۆر ژیرانە لەگەڵ مندا دێتەوە.

" تۆ ناتوانی بترسیت لەوەی چانست نەبووە شتگەلێک بکەیت ئەگەر پێشوەختە ئەنجامت دابن، یان، رۆژانە بیانکەی،" بە خۆمم گوت.

خۆزگە زوتر بیرم لێ بکردانایەتەوە یان گوێم لێیان بوایە. "هێشتا تێیدا ماوە،" خۆم دڵی خۆمم دایەوە. "هێشتا بەس نیە بۆ زانین لە بارەی مەبدەئەوە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە ئەو شتگەلانە بکە کە خۆت حەزت لێیە."

***

**چواردە ~**

هەمدیسان تەماشای خۆراکنامەکەم کردەوە.

**تۆ بۆ لێرەیت؟**
**ئایا تۆ لە مردن دەترسیت؟**
**ئایا مەرامەکانت بەدیهاتوون؟**

ئێستا پرسیارەکان ناحەز و غەریب نین لەبەرچاوم وەک یەکەمجار هاتمە ئێرە و دیتمن لەسەر بەرگێ خۆراکنامەکە. لەوە زیاتر ئێستا زۆر گرنگن بە لامەوە.

**ئایا مەرامەکانت بەدیهاتوون؟**

" تاکو نەچیتە ئەودیو دەرگای زانینەوە کە تۆ بۆ لێرەی، و بەراستی کاری تێدا نەکەی و نەچیتە پێشەوە لێی، باوەڕناکەم مەرامەکانت بێنەدی،" لەگەڵ خۆم ئەدوام.

" بەڵام کارکردن بۆی ئەوەندە ئاسان نیە، وانیە؟" کەیسی پرسیاری کرد.

کە سەیرم کرد کەیسی نزیک پەرداخە ئاوەکەی ئەوسەر مێزەکە بوو. " نا، نا ..نەخێر، ئەوەندە ئاسان نیە،" من گوتم، " بیر لە حاڵی خۆم دەکەمەوە. دەزانم هەموو رۆژ دەبێ چی بکەم. ئازارەکەی دەچێژم. چی دەبێ گەر لە خۆم بپرسم بۆ من لێرەم، پەنجە بخەمە سەر ئەو شتەی دەمەوێ بیکەم، بەڵام دوایی نازانم چی بکەم بۆ ئەوەی ئەو شتانە بکەم، یان، ناتوانم کارێکم دەست بکەوێ تا بتوانم بیانکەم؟ چی بکەم بۆ پارە؟ چۆن خۆم بژێنم و چۆن پلەی خانەنشینی بۆ خۆم مسۆگەر بکەم؟ چ دەبێ گەر من نەتوانم باش بم بۆ هەموو ئەو شتە نوێیانەی لەوانەیە بێنە ڕێم؟ یان، ئەو شتانە شتگەلێک بن و ببنە جێی قۆشمەیی خەڵک ی رێزی لێ نەگیرێ؟"

کەیسی چاوەڕێی کرد تا من تەواو بووم. "جۆن، پێت وایە کەسێک هەموو ئەو هەنگاوانە ببڕێت تا خۆی پیشاندا گوایە دەزانێ بۆ لێرەیە و ئیتر بە وەڵامی راستیەوە دێتە دەرێ، ئیدی ئەوە ئەوپەڕی خۆسیە کە ئەو شتەیان دۆزیوەتەوە؟"

بۆ چرکەیەک وەستام و خۆم کوتایە ئەوەی شتەکان گرد بکەمەوە تا بزانم وایە. " بە دڵنیاییەوە. هیواخوازم وابێت،" ئەز گۆتم. " ئەگەر بە راستی حاڵی ببن لەوەی بۆ هەن، پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر خۆشە."

" پێت وایە، وەک یەک هەست بە خۆشی ئەو شتانە دەکەن کە یارمەتیان دەدات بگەن بە هۆکاری هەبوونیان لێرە؟" کەیسی وتی.

من دووبارە سوکە وەستانێکم کرد. دیارە پرسیارکردن زۆر ئاسانە. " بە دڵنیاییەوە من شتێکم لە بیر کردووە،" بیرم کردەوە. " بە دڵنیاییەوە،" من وتم. " بۆ دەبێ وابن؟ ئەوان دەبێ زیاتر ئاسوودە و مەست بن لەهەر کەس و شتێکی تر."

" ئەی بۆ پێت وایە کەسەکە لەوانەیە بڕوخێ؟" کەیسی گوتی.

سەیرێکم کرد. پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی، "ئایا هیچ کات کەسێکت دیوە بە تەواوی شەیدای ئەو کارە بێ کە رۆژانە دەیکا؟ پێت وایە ئەو هەموو کاتەی خۆیان بەسەر بەرن لەگەڵ شتێکدا بە تەواوی پێی ئاسوودە ببن؟"

دیسانەوە بێستەیەکم کرد. "هەموو کەس نا،" من وتم. "بەڵام هەندێ کەس دەناسم رێکاورێک بۆ ئەو قاڵبە دەبن."
"ئایا زۆر باشن لەوەی دەیکەن؟" کەیسی پرسیاری کرد.
"ئا، بەڵێ." کەمێک بە گاڵتەوە وتم. "لەگەڵ ئەو هەموو کاتەی بۆی خەرجی دەکەن، دەبێ باش بن تێیدا. دەتوانن بخوێننەوە، تەماشای تەلەفزیۆن و بەرنامەکانی دەکەن و گفتوگۆشی لەبارەوە دەکەن....... بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم شتانەی دەیکەن، دەکرێ باش بن لەوەی دەیکەن."
"ئەی ماندوو نابن تا ئەوەندەی دەیانکەن؟" کەیسی هەر پرسیاری کردەوە.
"نەخێر،" من وەڵامم دایەوە. "لەوەناچێ زۆر پێیانەوە دیار بێت. دەڵێی بە زەوقەوە کارەکە دەکەن، و..." وەستام بۆ دۆزینەوەی رستەیەکی تر.
کەیسی خەندەیەکی کرد و گوتی، "ئایا گرفتی زۆریان دەێتە رێ کاتێ بیانەوێ کار بدۆزنەوە؟"
هەمدیس بێستەیەکم کرد." نەخێر، ئەو خەڵکانەی من دەیانناسم نا، پڕ زانیارین لە بارەی کاری خۆیانەوە و تا بڵێی حەزیان بە کارەکەی خۆشیانە، بە جۆرێک کە خەڵک دەچێ بۆ لایان بۆ راوێژ و پرس پێکردن."
"لەوەئەچێ خەڵکانێکی زۆر شاد بن،" کەیسی وتی. "لەوەناچێ زۆر لە کارەکەیان دووربکەونەوە و پێویستیان بە وچانێک بێت."
لێگەڕام کەیسی بدوێ. تام لەوە دەبینم لەو رێگەیەوە سەیری ستەکان بکەم. ژیان چۆن دەبێ گەر رۆژانە ئەو شتە بکەم کە خۆم خواستمە؟ چ دەبێ گەر کاتەکانی ژیانم لەو شتانەدا بەرمە سەر کە خۆم شەیدایانم؟ "بەڵام ئەی بۆ پارە چی بکەم؟" پرسیارم کرد.
بەسی لەبەر ئەوەی ئێوە لە شتێکدا باشن و زانیاریتان هەیە لە بەرەیەوە بەو مانایە نیە ئێوە نابێ باجێکی زۆر نەدەن بۆی. لەوانەیە ئێوە بتوانن هەردەم کار پەیدا بکەن، بەڵام دەبێ باجی شتی ترێکی بۆ بدەن؟" هەستم کرد تۆزێ دابەزیمە سەر خۆم بەم رستەیەی دوایی. "دوای هەموو ئەمانە،" من بەردەوام بووم "کێ دەزانێ چ جۆرە شتێک مەرامی کەسەکان بە بایەخەوە بە دەستی دێت."
"دیارە، دەبێ وابێ،" کەیسی وتی. "با بیر لە خراپترین سیناریۆ بکەینەوە لەمەڕ پارەوە. لەوانەیە کەسێک رۆژانە بژی و ئەوە دەکات کە مەرامیەتی و ئەوە دەکاتە پێناسی 'مەبەست لە بوونی لەم ژینە چیە'. بەڵام پارەیەکی

فرەیان دەست ناکەوێت. ئەمە لەوانەیە بۆیان کارەسات بێت، ئەو حاڵەتە بیهێنە پێش چاوی خۆت. دەکرێ تۆ رێگەیەکت دۆزیبێتەوە بۆ پیادەی مەرامەکانت و لەوێوە 'مەبەست لە بوون لێرە چیە' ببینی. دەکرێ تۆ هەموو ژیانت تەرخان بکەیت بۆ شتگەلێک کە خۆت دەتەوێ بیانکەیت،
لەبەریەوەی تۆ حاڵی بووی لەوەی تۆ بۆچی لێرەی، بەڵام" بێستەیەکی کرد و بەردەوام بۆیەوە "لەوانەیە تەمەنت گەیبێتە شەست و پێنچ ساڵی و پارەی پێویستت بۆ خانەنشینیەکەت لانەدابێتە لاوە."
" ئەی دوای ئەوە چ دەکەی؟" بە دەنگێکی تەمسیلاویەوە کەیسی هەر خۆی پرسیارەکەی کرد و بەردەوام بوو " شایەد تۆ بتوانی هەر بەردەوام بە لەسەر کردنی ئەو شتانەی خۆت دەتەوێت بیانکەیت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە کارەساتباریەکە بۆخۆی."
پێکەنیم و گوتم، "کەیسی، تۆ دەتوانی ببیتە کەسێکی قسە لە روو هەر کات بتەوێ."
خەندەیەکی کرد و گوتی، " من دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم دەتوانم بە تەواوی لە تەوەری بیرکردنەوەکانت بدەم."
" حاڵی بووم، حاڵی بووم" من وتم " ئەوە بۆ چیرۆکی ماسیگرەکەی مایک دەگەڕێتەوە. بۆ چاوەڕێ دەکەی لەوەی چیت دەوێ بیکەی، بۆ ئەوە ناکەی کە ئێستە دەتوانی بیکەی." " ئەوە وایە، بەڵام شتێکی تر" کەیسی وتی. " باسەکەی ئاننات لە بیرە لە بارەی ئەوەی بۆ هەندێ خەڵک یەکبینە شت و مەک دەکڕن؟"

هێژام، " بێگومان، لە بارەی ئەوەوە قسانمان دەکرد کە هەندێ خەڵک چەندە پارەی زۆر پەیدا بکەن دەتوانن شتی زیاتر بسەنن. ئومێدی ئەو شت کڕینانە لەوەدایە بەڵکو حەزەکانیان دابمرکێتەوە پێی، ئەمەش لەو دەرنەجامەوە دێت کە ئەو شتانە ناکەن کە دەبێ بیکەن رۆژانە. قوڕبەسەریەکە ئەوەیە کە چەند شت و مەکی زیاد بکڕن دەبێ زۆرتر کاربکەن تا پارەی زۆرتری بۆ پەیدا بکەن. ئەگەر ئاگایان لە خۆیان نەبێت ئەوا سەری تێدەنێن."
بێستەیەکم کرد. هەستم کرد شتێک ماوە بیڵێم. سەیرێکی کەیسیم کرد، ئەویش هەر تێی دەڕوانیم. گوتم، " بگرە، بەرەو ڕووی خراپترین سیناریۆ دەبنەوە، وانیە؟"

کەیسی سەری لەقاند. هەستم کرد شتێکم لە بیر چووبێ، "وابزانم لە حاڵەتی سیناریۆ رەشەکاندا ، واباشترە کەسەکان خۆیان بە شتگەلێکی ترەوە سەرقاڵ بکەن."
کەیسی هەمدیس سەرێکی لەقاندەوە، منیش هەر بەردەوام بووم، " هەرچەندە ئەوەش بۆخۆی سیناریۆیەکی ئەستەمە، بەڵام لە راستیدا سیناریۆی باشتر هەیە. خەڵکێک لەوانەیە بە کڕینی شتی گرانبەها کە پارەیەکی زۆری دەوێت ئامانجەکانیان لەوەدا ببیننەوە و بەمەش دەتوانن وەڵامی ئەوە بدەنەوە بۆچی لێرەن؟"
کەیسی دیسانەوە سەری لەقاندەوە. زانیم هێشتا نەمتوانیوە بگەمە ئەو خاڵەی کە دەبێ پێی بگەم. دوو سێ قوم ئاوم خواردەوە و پاڵێکم دایەوە بە کورسیەکەمدا ، چاوەڕێی دەرفەتێکم دەکرد کەیسی بێتە ناوەوە بەڵام لە پڕێکدا بۆم هات، " لەوانەیە پارە پەیوەندیەکی کەمی پێوە هەبێت، مەبەستم لەوەیە کەوتۆتە سەر کەسەکە و حاڵەتەکە. لە گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکەی نێوان من و ئاننا، ئەوەمان دەگووت بۆچی خەڵک کاردەکات. گفتوگۆمان لە بەشێک لەو راستیە دەکرد کە هۆکارە لە پشت کارکردنی خەڵکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان."
" دەتوانی نموونەیەکم بدەیتێ لەوبارەیەوە؟" کەیسی گوتی.
ئەز گوتم، " باشە، هۆی کارکردنم ئەوەیە تا پارە پەیدابکەم. پێویستە پارەی ئەو شتانە بدەمەوە کە کڕیومن. کاتێک بیر لە کڕینی ئەو شتانە دەکەمەوە، لەو بڕوایەدام وەک ئەو خەڵکانە خۆم دێتە پێش چاو کە من و ئاننا لەبارەیەوە دەدواین. شتگەلێک هەن پاڵم پێوەدەنێن هەڵبێم بۆ ماوەیەک، شتگەلێک وام لێدەکەن هێور ببمەوە و باشتر هەست بە دەوروبەرەکەم بکەم. ئەوەی سەرسامم دەکات ئەوەیە، چەندی ترم لەو شتانە دەوێت تاکو چیتر پێویستیم بە "هەڵهاتن" و "هێور" بوونەوەی وا نەبێت؟ ئەگەر هەمیشە بە دوای ئەوەوە بوومایە کە خۆم دەمویست، لەوانەبوو کەمتر پێویستیم بە هەڵهاتن هەبوایە، بگرە لەوانەشە ئەوەندە عەوداڵی هێوربوونەوە نەبومایە بۆ خاڵی کردنەوەی مەراقەکانم. من ناڵێم دەچووم لە کوخێکدا دەژیام، بەڵام سەیرم لەو کەسە دێت پێناسەی خۆی بە هەبوونی پارەی زۆرەوە دەکات و چەند دەبێ بژین تاکو بەدەستهێنانی ئامانجی 'مەبەست لە بوونیان لەم ژیانە چیە'. "
کەیسی ئەمجارەش هەر سەری لەقاند بەڵام پرسیارێکی لەگەڵدا کرد، وتی

"کەواتە تۆ پێشنیار دەکەیت کە چیدی خەڵک بە دوای پەیداکردنی پارەی زۆرەوە نەبن؟" بە دوای چەند وشەیەکی پڕ بە پێستدا دەگەڕام تا وەڵامی بدەمەوە، گوتم،
"نەخێر، من واناڵێم. من تەنها دەمەوێ ئەوە بە خۆم بڵێم، ئەگەر تێبگەیشتمایە من بۆ لێرەم، شتگەلێکم دەکردن بیسەلماندایە بوونی من لێرە چیە، ئەو دەم کەمتر گوێم بە پارە دەدا وەک ئێستا دەیدەم. ئەوە کورتەی بیرۆکەکەی منە کە دەمەوێ بیڵێم."

کەیسی هەڵسایە سەرپێ و دوان لە قاپە بەتاڵەکانی بەردەمی هەڵگرتم و بێژای،
"بیرۆکەیەکی خاسە، جۆن."
سەیری کەیسیم کرد کاتێک رووی خۆی وەرگێڕا و هەنگاوەکانی بەرەو چێشتخانەکە هەڵنا، گوتم، "ئەم شوێنە زۆر سەرنج راکێشە."

***

**پانزە ~**

کاتێک کەیسی گەڕایەوە، گڵاسێکی تری پڕ ئاوی بۆ هێنام و لەبەردەممدا داینا و بەرامبەرم دانیشت. گوتی،
"جۆن، کاتێک قاوە بەتاڵەکانم بردەوە بۆ چێشتخانەکە، مایک شتێک وەبیری هێنامەوە لەوانەیە تۆ حەزی پێ بکەی. پەیوەندی بەو باسەوە هەیە کە ئێمە پێشتر لێی دەدواین وەک ئەوەی خەڵک چۆن کێبرکێ دەکەن لەو کاتانەی دەیانەوێت بگەنە ئەو ئاکامەی 'مەبەست لە بوونیان چیە لێرە'. "
گوتم "یەعنی وەک ئەو باسەی من کردم خەڵک چۆن پارە پەیدا دەکەن؟ "
کەیسی وتی "ئەوە بەشێکێتی بەڵام هێشتا زۆرتر هەنە."
سەیرێکی کەیسیم کرد و وتم "حەز دەکەم گوێم لێی بێت."
کەیسی دەستی پێکرد "بۆ ئەمەیان پێویستیم پێتە لە گەڵما بیر بکەیەوە لەمەڕ ئەو خەڵکانەی تۆزێک بەر لە ئێستا قسەمان لە بارەوە دەکردن."

گوتم " تۆ مەبەستت لەو کەسانەیە کە من دەیانناسم و تا بڵێی شەیدای ئەو شتانەن کە رۆژانە دەیکەن؟ ئەوانەی کە کاتەکانی خۆیان لەو شتانەدا خەرج دەکەن کە بە راستی تامی لیدەکەن؟
" ئەوانەی تۆ دەیانناسیت هیچ تێبینیەکت لەبارەیانەوە هەیە؟" کەیسی وتی.
" بەڵێ. ئافرەتێک لەو کەسانە خەریکی فرۆشتنی ..." لە گێڕانەوەی نمونەکەم دابووم کەیسی قسەکەی پێ بڕیم " جۆن. لە راستیدا، فراوانتر لەوە بیربکەرەوە کە چیان دەکرد رۆژانە. چ تێبینیەکی گشتیت کرد لە بارەیانەوە؟ "
پشتم دایەوە بە کورسیەکەمدا و تۆزێک چاوم لێکنا. لە مێشکمدا کەوتمە وێنەگرتنی ئەو خەڵکانە. ئینجا دوام " جا، هەر وەک چۆن ئامارژەم پیدا، هەموویان وادیارن بەختیار و دڵشادبن. لەوەدەچێ ئەوەی دەیکەن زۆر بە کەیف بن پێی. هەروەها زۆر باوەڕ بەخۆن بێ ئەوەی لاف و گەزاف لێدەن. زۆرتر ئەوە وایان لێدەکات کە ئەوەی خۆیان دەیانەوێت ئاوها بۆیان دێتەپێش. ئەمەیە لەوانەیە تۆزێک سەیر بێت، بەڵام ئەوە سیفەتی هەمیشەییانە کە هەموویان هەردەم شادن. یەکبینە شتی باش دێتە رێیان، ئەوەی ئەوان چاوەڕێی ناکەن."
" دەتوانی نموونیەکم بدەیتێ لەو بارەیەوە؟" کەیسی گۆتی.
یەکسەر وەڵامم دایەوە، " بۆ نا، نموونەی ئافرەتێکت بۆ باس دەکەم کە تۆزێک غەریب دێتە پێش چاوم دوای ئەوەی لەگەڵ ئاننا گفتوگۆم کرد. ئەو خانمە لە بواری پەخش و پڕوپاگەندە کاری دەکرد. هەوڵیدا بزنسێکی گەورە بکاتەوە کە زۆر شت و بواری لە خۆی دەگرت وەک: ژمێریاری، مامەڵەی بازرگانی رەسمی، ،بەڵێندەرێتی و قەرز وەرگرتن لە حکومەت بۆ خانووبەرە و ئیش وکاری تر، لە نێویدا پرس و راوێژی یاسایی لەو بوارانەدا. پێش ئەو زۆر کەسانی تر خۆیان لە قەرەی ئەو بزنسە دابوو بەڵام تێیدا سەرنەکەوتبوون چونکە ئەوە ژمێریاریەکی گەورەی دەویست.
بڕیاریدا کە دەیەوێت ئەو کارە بخاتە سەرپێ. دوای دوو هەفتە لە کەرەسەی پڕوپاگەندە و نمایشکردن بۆی، لەلایەن هاوڕێیەکی دێرینی خۆیەوە، کە لە پەیمانگە بەیەکەوە قوتابی بوون، تەلەفۆنێکی بۆ کرا. لە مێژ بوو لەگەڵ ئەو هاوڕێیەیدا یەکتریان نەدیبوو. هەر ئەوەندەی بەیەک گەیستن یەکسەر کەوتنە باسکردنی پرۆژەکە، خانمەکە پێی گوت کە ئەم

چەندە شەیدایە گەر ئەم بزنسە سەربگرێت. لەم بێنە و بەردەی قسە و باسەیاندا هاوڕێکەی برادەرێکی خۆی هات بە بیردا کە لەو بوارەدا کاردەکات.
دوای چەندان تەلەفۆن کردن لەگەڵ یەکدیدا، هەر سێکیان یەکترییان دیت و لەسەر خوانی شێوان کەوتنە ئاخاوتن. دوای چەند هەفتەیەک لە پرس و راوێژ، خانمەکە پرۆژەکەی کەوتە سەرپێ و سەری گرت.
مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە کە چۆن شتێک لەو بڕوایەدا نەبوون پێی بگەن کەچی پێی گەیشتن و زۆریش پێی دڵشادن."
"جۆن. بۆ ئاوها بیر دەکەیتەوە؟" کەیسی پرسیاری کرد.
دوو سێ قومە ئاوم خواردەوە و کەوتمە وەڵام دانەوە، "بەشێک لە بیرکردنەوەکە ئەوەیە چ خۆشبەختیەکی بە رێکەوت بوو، بەڵام شتی گاڵتە ئەوەیە کە تۆ پرسیارت لێکردم لە بارەی ئەو خەڵاکنەوە شت بڵێم کە زۆر خۆشحاڵن بەوەی دەیکەن. کاتەکانی خۆیان لە شتگەلێکدا خەرج دەکەن، ئەوەندەی من لێی بزانم، ئەوەیان بۆ دەستەبەر دەکات کە دەیانگەێنێ بەوەی 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە'. ئەو جۆرە شتانە دەڵێی هەمیشە دێتە رێی ئەو کەسانە."

کەیسی خەندەیەکی کرد و تەماشایەکی کردم، "ئایا تەنها بۆ ئەو خەڵکانە شتی وەها دێتە پێش؟ ئەی ئەو جۆرە شتانە هیچ دەمێک نەهاتۆتە رێی تۆ؟"
هەمدیس پشتم دایەوە بە کورسیەکەدا و رووم لە نەخش و نیگاری ناو قاوەخانەکە کرد و گوتم، "با، بۆ نا. بە دیاریکراوی شتێکم نایاتەوە یاد لە ئێستەدا، بەڵام ئەو جۆرە شتانە هاتوونە رێم بە تایبەت لەو کاتانەی پێویستیم پێی بووە."
کەیسی گوتی، "هەوڵدە، گەر بتوانی یەکێک لەو شتانە بێتەوە بیرت ئەوا من دڵنیام دەتوانی لە بارەیانەوە بدوێی و بەراوردیشی بکەی لەگەڵ ئەوی ئەواندا."
گوتم، "وەک ئەو کاتانە دەڵێیت کە دەمەوێ شتێک بکەم، ئەو شتەی خۆم حەزم پێیە." کاتێک ئەدوام لە ناوەوە توشی پەشۆکی هاتبووم هەر وەک کەمێک بەر لە ئێستا توشی هاتم کاتێک هەندێ شتی گرنگ لەبارەی خۆمەوە فێر بووم.

لەم گفتوگۆیەی نێو دڵی خۆمدابووم، کەیسی دەستی بە قسان کرد "جۆن. ناتوانم راشکاوانە قسەت لەگەڵدا بکەم، بەڵام لێرە، لەم قاوەخانەیە، تێبینییەکی گشتیم لەسەر خەڵک پەیدا کردووە. ئەوانەی دەزانن 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە'، هەر شتێک لە دەستیان بێت دەیکەن تاکو وەچنگی بهێنن، ئەوانە زۆر بەختیار دیارن. لە ناکاودا، هەندێ شت بەرێکەوت رووی داوە بۆیان تەنها لەو کاتانەی لایان وابووە پێویستیان پێ بووە.

پرسیارم لە زۆربەیان کردووە لەم بارەیەوە، لەگەڵ ئەوەی پێداگیرییان لەوە دەکرد کە ئەوە بوونی هەیە، ئەو رێکەوت و شتە ناکاوانە، بەڵام بیر و رای جیاوازیان لە بارەی هۆی رووداوەکەی هەبوو. بێ پێچ و پەنا پێت بڵێم، زۆربەیان هەڵهێنانی ئەو مەسەلەیەیان زۆر بۆ گرنگ نیە و تەنها وەک بەشێک لە کارەکەیان سەیری دەکەن. دەزانن لەو کاتانەدا کارا دەبێت بۆیان کە گەیشتبن بە 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە'."

"غەریبە." من گوتم. "لە شتێکی شاراوە دەچێ."

کەیسی کەوتە روون کردنەوە و گوتی "هەندێ خەڵک وا دەڵێن. هەندێکی تر وەک بەشێک لە شتە سروشتیەکانی ئەم گەردوونەی تێدەگەن، یان، بە کاراترین کاری دادەنێن. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک هەر وەک بەختێکی باش تەماشای دەکەن. بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو شتە هەیە و هۆکارێکیشە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان."

"ئەی کەیسی، تۆ چۆن بیری لێدەکەیتەوە؟" من پرسیارم کرد.

ئەمجارەیان کەیسی بێستەیەکی کرد بۆ ماوەیەک و وتی، "راستگۆیانە، من نازانم. لەوانەیە هەموو ئەو شتانە بێت یان هەر یەکێکیان بێت. ئایا قەد گوێت لە تیئۆری "توان" یان "جا" ی بیرکاری بووە؟"

"زۆر دڵنیا نیم گوێم لێ بووبێ، دەتوانی رۆشنایی بخەیتە سەر؟" من بە کەیسیم وت.

کەیسی بێژای "بێگومان. هەر زۆر ئاسانە. نموونەیەک بۆ دەڵێم. تیئۆری "توان" یان "جا" ی بیرکاری ئەوەیە ئەگەر تۆ شتێک بە کەسێک بڵێی و بتوانی وا لەو کەسە بکەی بە کەسانی تری بڵێ، و ئەو کەسانەش بە خەڵکانی تری بڵێن و ئەوانیش بە خەڵاکنی تری بڵێن، بە درێژایی زەمەن، پەیامەکەت دەگاتە رێژەیەکی زۆر لە خەڵک کە تۆ پێشتر بە یەک کەست وتبوو."

" ئەمە لە نامەی رستەیی دەچێت، هەر کەس دەینێرێت بۆ کەسێکی تر پاش خوێندنەوەی. کاتێک بینێریت بۆ دەکەس و ئەو دەیەش بینێرن بۆ دەی تر، ئیتر ئاوها بەو شێوەیە بەردەام دەبێت" ئەز وتم.
کەیسی وەڵامی دامەوە، " هەر رێک وایە هەمان راستەڕێیە. هەرچۆنێ بێت، لە جیاتی نامە رستەییەکە، تۆ لە خەڵکی دەگەێنێ کە دەتەوێت مینەی ' مەبەست لە بوون لێرە چیە' بکەی تا پێی دەگەی. ئەگەر تۆ بە دە کەس بڵێی و ئەوانیش هەر یەک لە جێێ خۆیەوە بە دەوروبەریان رابگێنن، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات، ئاپۆڕەیەک لە خەڵک بە شاراوەیی یارمەتیت دەدەن بێ ئەوەی تۆ بیانناسی و بیانبینی یان بە خۆت بزانی."
بۆ نەختێک بیرم لێکردەوە ئینجا گۆتم " باشە بۆ یارمەتیم دەدەن کە من نایان ناسم و نەمبینیون؟ مەبەستەکەم ئەوەیە من کەس لەوانە ناناسم کە نامە رستەییەکەم بۆ بگێنن. چی شتێک پاڵ بە خەڵکی ترەوە دەنێت تا لە بارەی ئەو شتەوە بدوێن کە من بە تەمام بیکەم؟"
کەیسی تەماشایەکی منی کرد و هیچی نەبێژا. لە فیکەکەی خۆم تێگەیشتم کە دەبێ خۆم وەڵامی پرسیارەکەی خۆم بدەمەوە. بیرم لە بێنە و بەردەی تیئۆرە بیرکاریەکە دەکردەوە کە ئێستا کەیسی بۆی شەرح کردم، بەڵام حەلەکەییم هەر دەست نەکەوت. بە کەیسیم گوت
" بە تەواوی تێ نەگەیشتم کەیسی، دەتوانی کەمێکی تر لەسەری بڕۆی؟"
کەیسی وتی، " جۆن. لە سەرەتای ئەم گفتوگۆیەی ئێستامانەوە باسی هەندێ کەست کرد. ئەو کەسانەی کاردەکەن تا بگەن بە مەرامی ' مەبەست لە بوونیان چیە لێرە'، هەست بە چی دەکەی گەر تۆش بتوانی ئاوێتەیان بیت؟"
" هەست بە مەزنێتی دەکەم. تۆ ناتوانی یارمەتیان بدەیت، بەڵام گەر توانیت فریای بەشداری کردن لە شەیدایی و پەرۆشیان بکەویت لەوەی دەیکەن ئەوا هەست دەکەی دەتوانی یارمەتیان بدەیت." من وام گوت و کەمێکیش راوەستام تا بزانم کەیسی چ دەڵێت. ئەو فزەی لێ نەهات و خۆم بەردەووام بووم.
" تکایە بەسیەتی کەیسی. تۆ دەتەوێ پێم بڵێی ئەوە وەڵامەکەیە؟ دەی باشە چۆن چۆنی دەسەپێ بەسەر مەسەلەی پەیامەکەی نامە رستەییەکە؟"
" جۆن. نوکە تۆ گوتت شەیدایی و پەرۆشیان وات لێ دەکات یارمەتیان بدەیت. گەر ناتوانی ئەو یارمەتیە پێشکەش بکەی، خۆ خەڵکی تر هەن دەتوانن ئەو یارمەتیە بدەن، دەتوانی پەیوەندیان پێوە بکەی؟"

گوتم، " بە دڵنیایەوە. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرۆشی و شەیدایی ئەوان. ئەوان کەو.. کە....." بێستەیەکم کرد و بە دوای وشەیەکی راست و گونجاودا دەگەڕام.
" کەوتونەتە سەرپێی خۆیان؟" کەیسی بۆی تەواو دەکردم.
" بەڵێ شتێکی لەو بابەتە. ئەوان کەوتونەتە سەر پێی خۆیان، ئەرکی تۆ تەنها یارمەتی پێشکەش کردنە."
دیسانەوە کەیسی پرسیاری لێکردم " ئەی ئاگابیان بدەیتێ لەوەی خەڵکانی تر هەن ئامادەبیان تێدایە یارمەتی پێشکەش بکەن، چۆن لە بارەیانەوە دەدوێیت؟"
خەندەیەکم کرد، نیوەیەکی بۆ خۆم و نیوەکەی تری بۆ کەیسی، گوتم " لەگەڵ یەکێکدا دەدوێم کە هەمان شەیدایی و پەرۆشی هەبێ هەر وەک ئەوان لە زاری خۆیانەوە پێیان گوتووم. ئاوها دەگیری ئەوە بە دیار چیرۆکەکەوە دەمێنێتەوە کە غەرق بووە تێیدا یان پێویستی پێیەتی بیزانێت."
" پێدەچێت ئەوە وەڵامەکە بێت." کەیسی گوتی. لەگەڵ گوتنەکەیدا هەستایە سەرپێ و ئەو یەک دوو قاپە بەتاڵەی لەسەر مێزەکە مابۆیەوە خەریکی کۆکردنەوەیان بوو " جۆن، ئێستا بە دڵمی." دوای ئەوەی قاپەکانی خستە سەر دەستەکانی و گوتیەوە " لەوەدەچێ تۆ زۆر برسیت بێت."
" ئەوە خواردنە. زۆر باشە بۆ بەردەوامی ژیان." من وەڵامم دایەوە.
چاوێکم خشاند بە لای ژووری چێشتخانەکەدا و مایکم دیت. مایک دەهات و دەچوو، لەم دەست بۆ ئەو دەست شتی دەکردە ئەمەوە و شتی لەوە دەردەهێنا. پێش ئەوەی کەیسی بڕوا پێم گوت " کەیسی، باوەرناکەم پارچەیەکی تر لەو حەلوای شلیک و رێواسە مابێت. وانیە؟"
دەستی کرد بە پێکەنین. " سەرێکی چێشتخانەکە دەدەم و بزانم شتێکت بۆ ناکەم."

## شانزه ~

دوای چەند خولەکێک، مایک گەیشتە لای مێزەکەم و بەلەمێکی پڕ لە کێک – حەلوای لەسەر دەستی بوو، لەوە دەچوو بۆ چوار کەس ئامادەکرابێ. گوتی " ئەوە بەلەمێک لە کێک-حەلوای شلیک و ریواس."
گوتم " مایک ئەوە زۆرە زۆرە و لەو بڕوایەدانیم بتوانم هەمووی بخۆم."
" بە سەبر بکەوە سەری، هیچ پەلەی لێ مەکە." لەگەڵ ئەم قسەیەدا مایک دەستەیەکی تر لە کلێنس و چنگاڵێکی خاوێنی تری لەسەر مێزەکە دانا و گوتی " گفتوگۆیەکەتان چۆن بوو لەگەڵ کەیسی دا؟"
لەم ساتەدا پڕ جنگاڵێک زیاتر لە کێک حەلواکەم خستبووە ناو دەممەوە و خەریکی خواردنی بووم. بە شێوازێکی دوور لە فەرهەنگیانە بە پەنجەکانی چنگاڵەکەی دەستم یارمەتی دەمم دەدا تا چی زووترە کێک- حەلواکەم قوت بدەم، ئەوە بوو لەگەڵ هەندێ قومە ئاودا ئاودیو بوون و ئینجا وەڵامی مایکم دایەوە، " تا بڵێی بە سوود بوون. ئێمە لە بارەی ئەو خەڵکانەوە دەدواین کە دیاربوو وەڵامی پرسیارەکەیان وەرگرتبۆوە." لەگەڵ ئەم قسەیەمدا دەستم بۆ پرسیارەکەی نێو خۆراکنامەکە درێژ کرد.
لە چرکەیەدا وشەکانی نێو ئاشنامەکە خۆیان برد بۆ لای پرسیاری ( بۆچی من لێرەم؟) پاشان خۆیان گواستەوە بۆ لای پرسیارەکەی تر ( تۆ بۆچی لێرەی؟) ئەم جارە سەغڵەت نەبووم بە بینیان وەک یەکەم جار دیتمن.
" ئا ئەمە، ئەمەیان" من گوتم. " ئەو خەڵکانە چەند سیفەتێکی هاوبەشیان دیارە دەزانن کە دەزانن بۆچی لێرەن، تیگەیشتوونە لەوەی کە چ شتگەلێک بکەن تاکو هۆکاری ئەو مەبەستە بەدەست بهێنن، هەروەها تا بڵێی باوەڕیان بە خۆیان هەیە و دەتوانن ئەو شتانە بەدەست بهێنن کە دەیانگەێنێتە ئەو هۆکارە. لەو دەمەیشی دەیانەوێت ئەوە بکەن رووداوێک دێتە رێیان چاکتر دەتوانن بەرەو بەدیهێنانی ئەو خەونە بچن. کەیسی بۆی هەندێک لەو تیئۆرییەی بۆ روون کردمەوە کە چۆن چۆنی خەڵک دەبن بە پلیکان بۆ ئەو پەیژەیە."
مایک بزەیەکی گرت و گوتی " چەند تێڕامانێک هەیە لەو بارەیەوە. ریشەی ئەو باسە بۆ فەیلەسوفە دێرینەکان دەگەڕێتەوە."
قسەکەم پێ بڕی و گوتم " مایک، من لە یەک شت سەرم سوڕماوە. بۆچی هەموو کەس ناگەڕێت بە دوای 'مەبەست لە بوونی لێرە چیە'؟ ئەو شتە

چیە وایان لێدەکای نەکەونە وێزەی؟ پێش ئەوەی جەنابت دەست پێ بکەی، دەزانم دەبێ پرسیار لە بارەی خۆمەوە بکەم و کاریشم لەو کێڵگەیەدا دەکرد کە تۆ هاتی. بەس من حەزم پێیە شتێک بزانم ئایا هیچ گریمانەیەکی گەورەتر یان فراوانتر هەیە گەر تەنها بۆ خودی خۆمم بوێت."
مایک قومێکی لە کوپە قاوەکەی دەستیدا کە تا ئەوەندەی لای من بوو هەر بە دەستییەوە گرتبووی. لە کورسیەکەی بەرامبەرم لێی دانیشت و گوتی " بێگومان، هەر یەک لە ئێمە گریمانەیەکی بۆ خودی خۆی هەیە. ئەو هۆکارانەش هەر کەسە و دەبێ لەگەڵ خۆیدا بیکاتە گفتوگۆ لەو کاتانەی بە تەنها لەگەڵ حاڵەتەکانی خۆیاندا دەدوێن. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی هەندێ شت هەن گەورەترن و سێبەری زۆرتر داگیر دەکەن."
" نموونەیەکم لەو بارەیەوە بدەرێ؟"
" ئاە.. بۆ خەڵکانێک ئاسانترە وەک ئەو نەبوونی ئاوەزەی کە هیچ وەخت خاوەن دەستکەلایەکی هزری نەبوونە بۆ دەست راگەیشتن بە 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە' . خەڵکانی تر هەن تێدەگەن لەو دەسکەلا هزرییە بەڵام زۆر سوور نین لەوەی بزانن 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە' . خەڵکانی تریش هەن، بەهۆی چۆنێتی گەورەبوونیان، شوێنەکەیان یان لەوەیە بەهۆی باوەڕی ئاینییەوە بێت، باوەڕیان بەوە نیە سۆراغی ئەو گریمانانە بکەونە چونلە پێیان وایە ئەوان ئەو حەقەیان نیە ئەو مینەیە بکەن تا بزانن 'مەبەست لە بوونیان لم دنیایە چیە'."

" تەنانەت ئەو کەسانەشی هەستیان بۆ ئەوە هەیە 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە' و پێیان وایە مافی ئەوەشیان هەیە حاسڵی بکەن، بەڵام هەندێ جار دەزانن زانینی بەدەست کەوتنی ئەو شتە ئەوەندە ئاسان نیە وەک وایان دادەنا، ئیتر خۆڕسکیانە ئەوە دەکەن رۆژانە کە دەبێ بیکەن."

" ئەوە بۆهەندێ لەو خەڵکانە دروستە کە پێشتر تۆ و ئاننا باس و خواستان لە بارەوە کرد. زۆرێک لە خەڵک کە دەژین یان هێز پەیدادەکەن بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵکی بکەن بەو شتەی دروستیان کردووە یان ئەو شتەی دەیفرۆشن ئەوە جۆرێکە لە گەیشتن بەو رازە. بیهێنە بەرچاوی خۆت، ململانێ بۆ ئەوان ئەوەیە، تا خەڵک درکیان پێ بکات، کە هەر یەکەیان خاوەن پلەیەکە لەو گەیشتنە بەو مەبەستە. ئەو کەسانەی لە هەوڵ و

تەقەلا دان تا قەناعەت بە خەڵکی بکەن، ئەوا خۆیان هێزیان لە دەست داوە. ئەو جۆرە کەسانە توانای خۆیان لەدەستداوە لە بەرامبەرئەوانی تردا و دەیانەوێت لەو رێگەیەوە سەرنجراکێشی بۆ خۆیان پەیدا بکەنەوە."

بێستەیەکم کرد و گوتم،
"ئەو قسانە دەمباتەوە نێو گفتوگۆیەک کە ئەمشەو من لەگەڵ کەیسی دا هەمبوو. یارمەتی دام تێبگەم لەوەی کەسێک لە بارەی 'مەبەست لە بوونی لێرە چیە' وە دەزانێ، گەیشتوونە بە مەرامی خۆیان و دەتوانن هەر شتێک بکەن گەر خۆیان بیانەوێت، پێویستیان بە راز و خواسی کەسی تر نیە بۆ هەڵسان بەو کارانە."

" ئەوە راستە. لە سەروو ئەمەشەوە کەس ناتوانێ ئاراستە یان قەناعەتیان پێ بکا لەوەی ئەمە و ئەوەیان پێ بکەن. هەر یەک چارەنووسی لە دەستی خۆیدایەتی." مایک گوتی.

پاڵم دایەوە کەوتمە بیرلێکردنەوەی ئەم قسەیە. ئەم قسانەی مایک
رەنگدانەوەی هەبوو بۆ بیرکردنەوە لەو قسەوباسانەی ئەمشەو لەگەڵ
کەیسی و ئاننادا هەمبوو.
گوتم " ئەوەی تۆ رووناکی دەخەتە سەر زۆر جیاوازە لەو پەیام و
راسپاردانەی رۆژانە دەیبینم یا گوێم لێ دەبێت. ئێستا تێدەگەم لەوەی
بۆچی قورسە بۆ خەڵک لە مانای بوونیان لەم ژیانە تێ بگەن و
زەحمەتەیشە بۆیان خۆیان چارەنووسی خۆیان لە تەوێڵیان بدەن و لێگەڕێ
با بژین وەک چۆن هاتووین."

" بە دڵنیاییەوە، بەڵام ئەوە ئەستەم نیە. هەر بۆ دروستی ئەم حەقیقەتە، دوو هەفتە لەمەوپێش یەک دوو میوانمان هەبوو لێرە، هەر وەک جەنابت، چیرۆکێکی خۆشیان بۆ کەیسی و بۆ من گێڕایەوە لەمەڕئەوەوەی کە چۆن فێر بوون خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. گەر حەز دەکەی ئەوا بۆتی باس دەکەم."

" بێ شک، حەز دەکەم. بە وێنەی کابرای ماسیگرەکەی زۆر تێدایە؟"

مایک پێکەنی و گوتی " ئەمجارەیان نەخێر. بەڵکو ئەم کەرەتەیان وەرزشی تیایە. بە درێژایی چەندان ساڵ کابرا خەونی ئەوەبوو لە یاری گۆڵف دا چاک لە تۆپەکە بوەشێنێ. وەک میوانەکان باسیان دەکرد، لە کاتی بەخەبەریدا کابرا یارکەرێک باش نەبوو لە یاری گۆڵف دا بەڵام لە خەونیدا هەموو زۆرانبازێیەکی قورس و توانباڕی لەگەڵ ئەم تۆپەدا دەکرد تا رادەی بێ هیوابوون.

لە خەونیدا، تۆپەکەی لەسەر قەراغی پەنجەرەیەک دادەنا، یان لەسەر بەردێکی خلێسکێنەی گەورە، ئیتر لەهەر جێگەیەک کە ناقۆڵا و ئەستەم بوایە. هەر هەوڵی داوە و هەوڵی داوە کە خۆی نەلەنگێنێ و خۆی گورج و گۆڵتر بکاتەوە و جووتە پێکانی بە توندی لە زەوییەکە گیربکات تا بە ئەندازەیی لە تۆپەکە بوەشێنێ، بەڵام هەرگیز راستی لێ نەداوە و زانیوێتی وەشاندنەکەی کورت دەهێنێ یان پوچ دەبێتەوە. جا، چەندە راهێنانی زیاتربکردایە ئەوەندە زۆرتر توشی بێ ئومێدی و بێ تاقەتی دەبوو. لەگەڵ هەڵکشانی بێ هیوابیەکەی بە رادەیەکی زۆر، تێدەگەیشت کە ئێستا ئامادەیە بۆ وەشاندنێکی چاکی تۆپەکە. هەرچۆنێ بێ، دەستی دەکردەوە بە گورج و گۆڵ کردنەوەی خۆی بۆ وەشاندنێکی تر و لە جێگەیەکی عاسی تر، بەمە دووبارە دەست لە ملانی بگرەوبەردەیەکی تر دەبۆوە کە هەر نەیدەتوانی دەرۆستی بێت. بەم حاڵەتەی بناغەی بێ ئومێدی بێ ئارامیەکی تری هەڵدەکەند بۆخۆی. ئەم بازنەیە هەر بەردەوام لە خولانەوەدا بوو تاکو خەبەری دەبۆوە، کە هەڵدەستا لە خەو دڵی بە پەلەپەل لێی دەدا و دژواری سەراپای گیانی گرتبۆوە.

شەوێکیان هەمان خەونی بینیەوە، بەڵام لەو پنتەی کە خەریک بوو بێ هیوابیەکانی لێوە دەستی پێ دەکرد، لە خەو راپەڕی و یەکسەر دەستی دایە تۆپەکەی تەنیشتیەوە و وەشاندیە شوێنێک. هیچ ستێک نیە جێگەی مەترسی بێت، هەر خۆی بە تەنها زانیبیتی تۆپەکەی گرتۆتە کوێ و بۆ کوێی وەشاندووە. دوای ئەوە بە هۆشێکی ترەوە خەبەری بۆیەوە و دیدەکانی چوونە سەر شتێکی تر کە پێشتر لێڵ بوون لەبەرچاوی. لێرەدا میوانەکان چیرۆکەکەیان بۆمان تەتواو کرد و گوتیان 'سەرباری ئەوەی چیمان پێ وتراوە تا باوەڕ بکەین بە شتێک، یان ئەوەی لە پڕوپاگەندەی ئاڵا و واڵاوە گوێمان لێ دەبێت، یاخود توشی پەستی و دژواری دەبین لە سەر ئیش...

ئێمە دەتوانین جڵەوی هەر خولەکێک لە  خولەکەکانی ژیانی خۆمان بگرین. من ئەو شتەم لە بیری خۆم بردەوە و ئیدی گشت کاتی خۆم دادەنێم بۆ ڕێکخستنی هەموو ئەو جۆرە کارتێکردنانەی تر، هەر وەک چۆن پێشتر هەموو کاتەکانم والا کردبوو بۆ ئەو شتانەی گشت گیانمیان لە بێ ئارامی دا دانابوو.

هەر وەک چۆن بەس خۆم زانیم تۆپەکەم بۆ کوێ وەشاندووە و چۆتە کوێوە، ئاوهاش هەر تەنها خۆت دەزانی و هەر خۆت بەرپرسی لەوەی مەبەست لە بوونت چیە لەم ژیانە. هەرگیز ڕێ بە خەڵکی مەدە سوکانت بۆ بگرن بە دەستەوە و ئاراستەی چارەنوست بۆ دیاری بکەن. چوست و چالاک بە لەو ڕێبازەی هەڵی دەبژێری. تەنها لە تۆپی گۆڵفەکە بوەشێنە با تۆپەکە بڕوا." مایک چیرۆکەکەی تەواو کرد و سەیرێکی منی کرد "دیت، ماسیگرەکەی تێیا نەبوو."

"ڕاستە، ماسیگرەکەی تێدا نەبوو، بەڵام ئەمیش بۆخۆی چیرۆکێکی گەلێک گرنگ بوو. شەیدای ئەو پەیامەم لەم چیرۆکەوە خۆی دەهاوژێت." من گوتم.

"ئێ، کابرا لە دەستی هات و ئەوەی ویستی ئەنجامی دا. کابرا گووتبووی ئەو ڕاسپاردەیەی لە خەوما دیتم ژیانمی گۆڕی. لە پنتەکەوە، درکی بەوە کرد بوو کە چیدی ئەو خۆی و بەس بەرپرسە لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی. ئێستا، گەر بچەقێ لە هەر شتێکدا و دڵنیا نەبێ لەوەی چ دەکا، هەر ئەوە بە بیر خۆی دەهێنێتەوە کە لە تۆپەکە بوەشێنێ و تا تۆپەکە بجوڵێ. گووتبووی لەو شەوەدا گوێ بیستی هەندێ وشە بووە، لەوانە کە چیدی نەترسێ لە هەر شتێک بیەوێت بیکات" مایک قسەکانی تەواوکرد.

***

**حەڤدە ~**

سەرێکی کاتژمێرە دەستییەکەی خۆم کرد. کات پێنج و چارەکی بەیانی بوو.
" باوەڕ ناکەم، خۆ کاتی ئەوە هاتووە هەمدیس نانی بەیانی بخۆمەوە."
مایک خەندەیەکی کرد، " یەکەم شت تۆ دەبێ کێک حەلواکەت تەواو بکەی."
" ئەرکێک ئەوەندە ئاسان نیە بەڵام هەر تەواوی دەکەم." دەستم بۆ چنگاڵەکە برد. کاتێ لە خواردنی کێک حەلواکەدا بووم سەیرێکی مایکم کرد و گوتم " شتێک هەیە من هێشتا لێی حاڵی نەبووم بە تەواوی. لەگەڵ هەردووکتاندا، تۆ و کەیسی، قسەم لەبارەوە کردووە بەڵام هێشتا وەڵامێکی پڕ بە دڵم وەرنەگرتەوە."
هەمدیس مایک خەندەیەکی کرد، " چۆن. ئەگەر لە بارەی کێک حەلواکەوەیە ئەوا نهێنیە و ببورە گەر نەتوانم پێت بڵێم چۆن دروست دەکرێ. ئەمە تەنها شتێکە کە ئێمە ناتوانین لێرە لە بارەیەوە زابیاری بدەین."
بزەیەکم گرت، " گلەییت لێ ناکەم. بەختت هەیە کە من وەڵامم لەسەر شتێکی تر دەوێت. ئێمە دواین لەمەڕ ئەو خەڵکانەی لە خۆیان دەپرسن، " بۆچی من لێرەم؟" و من و کەیسی گفتوگۆشمان لەمەڕ لێ بوونەوەی لق و پۆپەکانی ئەو مەسەلەیە کرد. هەروەها ئەو خەڵکانە چ بکەن کاتێک وەڵامەکەیان چنگ کەوت. ئەوەی کە هێشتا من نایزانم ئەوەیە...... "
مایک پێی بڕیم " چۆن بەرەو رووی دۆزینەوەی وەڵامەکە دەچی؟"
" هەڵتهێنا." من گوتم.
" بۆ ئەمەیان واباشترە بانگی کەیسیش بکەم بەڵکو هەردووکمان پێکەوە بتوانین وەڵامێکی باشت بدەینەوە." مایک مێزەکەی بەجێهێشت و چووە ئەوسەری قاوەخانەکە، ئەو جێگەیەی کەیسی لەگەڵ دوانەکەی تر، ئاننا و هاوڕێکەی، دانیشتبوو. تۆ بڵێی تەتەڵە و بێژەی هەمان ئەو بابەتە بکەن کە من دەمەوێ لە بارەیەوە بزانم.
تۆزێک دوای ئەوە کەیسی لە شوێنەکەی خۆی هەستا و لەگەڵ مایک دا هەنگاوەکانیان بەرەو رووی من هەڵنا.
" کێک حەلواکە چۆن بوو؟" هەر کە گەیشتە لای مێزەکەی من کەیسی ئەو پرسیارەی کرد.
" زۆر بەلەزەت بوو. مڕ بووم پێی" من بە بزیەکەوە گوتم.
" کەیسی، جۆن پرسیاری کرد چۆن چۆنی کەسێک بگەڕێ بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا." مایک وتی لەگەڵ وتنەکەیدا پەنجەنومای خستە سەر پرسیارەکە " تۆ بۆ لێرەی؟" لە پشتی خۆراکنامەکە ئەمە گۆڕا و بوو بە "من

بۆ لێرەم؟" "پێم وابێ هەردووکام لە هەوڵدا دەبین تا وەڵامی ئەم پرسیارهت بۆ بدەینەوە."
"بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە،" کەیسی ئەمەی گوت و لەگەڵ مایک دا بەرەو رووم دانیشتن.
کەیسی رووی لە من کرد و زۆر بە قورسیەوە لێی پرسیم "جۆن. تۆ سندوقی پۆستەت هەیە؟"
"بێ گومان هەمە."
"کاتێک مانگ بە پڕی دەردەکەوێت و دواتر لە حەوت رۆژی یەکەمیدا دەکەوێت، دوای ئەوەی پرسیارەکەت کردووە، پڕیاسکەیەک دەگاتە بەردەم ماڵەکەت و دەکرێتە ناو سندوقی پۆستەکەتەوە. لەو پڕیاسکەیەدا بەڵگەنامە هەیە کە بە مۆمێکەوە گرێ دراوە و پەیامێکی شاراوەی تێدایە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە وەڵامەکە دەزانن. پەیامەکە دەتوانرێ یەکجار لە ژیاندا بخوێندرێتەوە ئەویش لەبەر رووناکی مۆمەکە. هەروەها لە حەوتەمین رۆژیشدا دەتوانرێ بخوێنرێتەوە."
خەریکی ئاوخواردنەوە بووم لەو ساتەدا بەلام لێ راوەستا بووم و گوێم رادێری بووە قسەکانی کەیسی بزانم چ دەڵێت.
"کاتێک پڕیاسکەکە دەکەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە ئەوە دانە دروستەکەیە، لەبەرئەوەی بە تاڵ تاڵی رەنگاوڕەنگ لە شێوەی قردێلەییدا پێچراوەتەوە و لە... "
لەم پنتەدا هەستم کرد مێزەکە دەجوڵێ. هەر بە راستی دەلەرزێت. پشتم قایم کرد لە کورسیەکەم و گوتم "ئەوە چی روو دەدات، کەیسی؟" بە سەرسامیەوە سەیری کەیسیم کرد "مێزەکە..."
کەیسی هەر بەردەوام بوو وەک ئەوەی نەزانێت مێزەکە دەهەژێت، "لە سەرووی دەستە چەپی پڕیاسکەکەوە بە چەند قوڵفەیەکی گەورەش گرێی لێدراوە."
سەیرێکی مایکم کرد. هەستم بە سووکە شەرمێک کرد بە هۆی ئەو حاڵەتەی توشم هات. مێزەکە دەهەژا و وامدەزانی دنیا ئاخردەبێت ، تومەس هۆکارەکە مایک بوو. لەو کاتەی کەیسی قسەکانی دەکرد مایک دەستی گرتبوو بە دەمیەوە، لە پرمەپرمی پێکەنینی خۆیدا کە هەموو جەستەی دەجولا لەگەڵیدا بە تایبەت کە هەردوو قۆڵی لەسەر مێزەکە دانابوو مێزەکە دەلەرزی.

دەستم کرد بە پێخەنین. کەیسی تەماشایەکی مایکی کرد و مستە کۆڵەیەکی نەرمی کێشا بە شانیدا و بە خەندەوە پێی گوت "تۆ هاوکارێکی باش نیت."
"داوای لێ بوردن دەکەم." مایک پێی گوت. "تۆ چیرۆکەکە هێندە بە تام و لەزەتەوە دەگێڕیتەوە هەر دەڵێی پۆستەکە گەیشتووە و وا ئێستە لەبەردەممانداییە، بۆیە نەمتوانی خۆم بگرم."
"دەی باشە." کەیسی گوتی. "کەمێک رۆشنتر و ئاوەڵاتر قسەبکەم لەوانەیە باشتر بێت بۆ وەڵامی پرسیارەکەت، جۆن."
"ئا، ئا، کەمێک." مایک گوتی. "زیاتر سەلیقەترانە بیگێڕەوە. بە تاڵ تاڵی رەنگاڵەیی لە شێوەی قردێلەدا، لە .... "مایک بە شۆخیەکەوە لاسایی کەیسی کردەوە و ئیتر هەر سێکمان دامانە قاقای پێکەنین.
"بە راستی تۆ چیرۆکەوانێکی گەلێک باشی." من گوتم. "بەڵام من هێشتا هەر وەڵامەکەمم چنگ نەکەوت."
"بۆ ئەوەی نەختێ تر بەختیاربین." کەیسی گوتی. "ویستم ئاماژە بە خاڵێک بدەم. هەندێ خەڵک، پرسیارەکە دەکەن و حەزیش دەکەن وەڵامەکەی بزانن بەڵام بۆ ئەمە چاوەڕێی کەسانی تر دەکەن ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرێت و وەڵامەکەیان بۆ بهێنێت."
"وەک ئەو پریاسکەیەی لەسەری حەوتەمین رۆژەکەدا گەیشت.." من بە خەندەیەکەوە وتم.
کەیسی یەکسەر قسەکەی لە دەم وەرگرتمەوە "بەڵێ، لەسەری حەوتەمین دا. ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە ئیرادەی ئەوەمان هەیە لەوەی چ بکەین بۆ ئەوەی وەڵامەکە بزانین، وە بشزانین چۆن خۆمان دەگرین لەوەی کە وەڵامەکەمان دۆزیەوە."
"کەواتە تۆ دەتەوێ بڵێی." من دەستم پێکرد. "هاویشتنی یەکەم هەنگاو لاوازترت دەکا گەر بێتوو بینێیت و هەر چاوەڕێ بیت لە دەوروبەر. گەر کەسانێک بیانەوێت وەڵامی ئەوە بازنن کە ئایا بۆ لەم ژیانەدان ئەوا دەبێ خۆیان هەوڵ بدەن لە دەستگیرکردنی وەڵامەکە."
"هەر رێک وایە." مایک وتی. "وە خەڵکی ئەوە دەکات بە رێگەی جودا جودا. خەڵکانێک، کات لە بیکردنەوە و قوڵ تێروانین دا خەرج دەکەن تا بزانن بۆ لێرەن. هەندێک هەن گوێ لە مۆسیقا دڵخوازەکانی خۆیان دەگرن تا بزانن مێشکیان بەرەو کوێیان دەبات. خەڵکێکی زۆر کاتی خۆیان بە تەنیا دەبەنەسەر لە نێو کەش و هەوایەکی سروشتیدا و هەندێکی تر ئاخاوتن

لەگەڵ هاورێ و خەڵکانی غەریبدا دەکات تا وەڵامەکە بزانێت. هەندێک خەڵک لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆک و کتێبە جۆراوجۆرەکانی ترەوە دەگەڕێن بۆ دەست کەوتنی وەڵامەکە."

" چ پێشنیارێکت هەیە لەوەی کام لەو ڕێگایانە باشترینیانە؟" من پرسیارم کرد.

کەیسی لای لێکردمەوە و گوتی " ئەوە کەوتۆتە سەر کەسەکە خۆی، جۆن. کلیلی شتەکە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بڕیار دەدەین لەوەی وەڵامەکەمان دەبێ چی بێت. ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە خەڵکێکی زۆر کاتەکانی خۆیان لە مینەی ئەو شتەدا تەرخان دەکەن."

" لەوە تێگەیشتم." من وتم. " بەڵام زۆر زەحمەتە بۆت کاتێک دەورەدرابی بەو هەموو زانست و زانیارییەی دەوروبەرت."

" ڕاستە." مایک وەڵامی دایەوە. " کاتێک خەڵک هەوڵدەدەن تەنیا ببنەوە و لە کەشێکی ئارامدا لە شتەکان تێڕابمێنن، مانای ئەوەیە دەیانەوێت رابکەن لەو قەرەباڵەغیانەی دەوروبەر تا بتوانن تەندروستتر چڕ ببنەوە لە بیرکردنەوە."

" ئەوە هەموو کارەکەیە؟" من پرسیارم کرد.

" نا، هەر هەمووی نیە." کەیسی وەڵامی دایەوە. " جۆن. لە یادتە باسی ئەوەمان کرد کە چەند سوودمەندە کاتێک ئاگاداری ئایدیا و فەرهەنگ و کەلتوور و گەشەی خەڵکانی تر بیت و ... "

" بێ گومان." من وتم. " کاتێ گفتوگۆی ئەوەمان دەکرد کە چۆن چۆنی کەسێک دەتوانێ لە ڕێگەی چەند شتێکی جیاوازەوە بگات بە مەراقی زانینی 'مەبەست لە بوونی لێرە چیە'."

" هەر ڕێک وایە." کەیسی قسەکەی لە دەم وەرگرتمەوە. " هەمان ئایدیا بەسەر ئەو خەڵکانەدا دەچەسپێ کە دەیانەوێ حاڵی ببن لە 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە'. هەندێ کەس لە ڕێی ئەزمونی نوێ و وەرگرتنی ئایدیای تازەوە دۆزیانەوە، بە مسۆگەریەوە ئەو ئایدیایە زرنگاوەتەوە لە مێشکیاندا. هەندێکی تر لە ڕێی ئەزمونی فیزیایی و پەرچەکردارەکانیەوە. خەڵکان هەبوون، موچڕکێک بە گیانیاندا هاتووە لە تەوقی سەریانەوە تا بنە پێیان. هەشبوونە، لە خۆشیدا گریاون کاتێ توانیویانە ئەو شتە تێ بپەڕێنن. بۆ هەندێکی تر، هەستی زانین سەراپای جەستەیانی گرتۆتەوە. ئەمانە هەموو دەتوانن ببنە کلیل بۆ یارمەتیدانی ئەو خەڵکانەی بە دوەای ناسنامەی

مرۆیی خۆیاندا دەگەڕێن لەوەی وەڵامی 'مەبەست لە بوونیان لێرە چیە' وەربگرنەوە."

بە خەندەیەکەوە سەیری کەیسیم کرد و گوتم، "دەزانم لە بارەی چیەوە دەدوێیت. ئەوە پێشتر لە مندا روویداوە لەو کاتەی شتێکم خوێندۆتەوە یان گوێ بیستی شتێک بووم و یەکسەر هەستم کردووە ئەو شتە بۆ من دەستدەدات. وەکو حەقیقەتێکیش دەبێ بیڵێم ئەمشەو زۆرێک لەو چرکە و خولەکانەم توش هاتن."

کەیسی خەندەکەی بۆ کردمەوە، "واتە وەڵامی پرسیارەکەتمان دایەوە، جۆن؟"

"پێم وایە، ئەگەر بە دروستی لێت تێگەیشتبم. تاقە وەڵامێک بە تەنها ناتوانێ بۆ هەموان وەک یەک شت بێ، بەڵام خۆ خستنە کونجێکەوە بۆ رامان لە پرسیارەکە یەکێکە لە رێگەکان. گرتنەبەری رێگەی جودا جودا لە ئەزمونەکان و فێربوون لە ئایدیاکانەوە و خۆ بینین گرتن لە پەرچەکردارەکانی کەسەکان پێدەچێ هەندێ رێ و شوێنی تر بێت بۆ بەکارهێنان."

"چاکت پێکا، جۆن." مایک گوتی.

کەیسی لەسەر مێزەکەمان هەستا و وتی، "من دەچم بزانم میوانەکانی تر هیچیان گەرەک نیە. چ شتێکی تر هەیە باسی لێوە بکەین، جۆن؟"

"لەوەناچێ. زۆر سوپاست دەکەم، کەیسی."

بە خەندەیەکەوە سەیرێکی کردم و گوتی "بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە، جۆن."

................................................................

## هەژدە ~

کەیسی لە لای ئێمە رۆیشت. مایک پرسیاری لێ کردم "جۆن. بە تەمای کوێ بووی بڕۆی وا لێرە گیرسایتەوە؟"

دەستم بە قسان کرد "ویستم پشویەک وەربگرم. هەستم کرد پێویستیم بەوەیە لە هەموو شتێک دووربکەومەوە بۆ ماوەیەک. بە نیازی ئەوەی

دەرفەتێک هەبێ بۆ بیرکردنەوە، لە هەمان کاتدا نەمدەزانی لە بارەی چی بیربکەمەوە. بەهەرحاڵ، لە دواییین... "لەم کاتەدا سەیری کاتژمێرەکەی دەستمم کرد "لە دواییین هەشت سەعاتی رابردوودا، چەند بیرۆکەیەکی گرنگم وەچنگ کەوت تا بتوانم بیریان پێ بکەمەوە."
بێستەیەکم کرد و گوتم "مایک، قەیناکە گەر پرسیارێکی شەخسیت لێ بکەم."
"بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە نەخێر قەیناکە، پرسیارەکەت چیە؟"
تەماشایەکم کرد "چ شتێک وای لێکردیت ئەم پرسیارانە لە خۆراکنامەکەدا دابنێیت؟"
پاڵێکی لێدایەوە و سیمای پڕ بوو لە خەندە "تۆ چ دەبینی لە زەینی خۆتدا بۆ ئەم خاڵە؟"

"تۆ، هەڵسوکەوتت، شوێنەکەت. زۆر دڵنیا نیم بەڵام هەست دەکەم تۆ رێک ئەوە دەکەی کە دەتەوێ ببیت، ئەوەی خۆت گەرەکتە. وای دادەنێم کە تۆ ئەو پرسیارانەت بە 'هۆ' وەیە و ئەم جێگەیەش ئاکامەکەیەتی."
مایک دووبارە خەندەی کردەوە. مژێکی دا لە کۆپە گەورەکەی دەستی و دەستی پێکرد "چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە ژیانێکی پڕ لە سەرقاڵیدا دەژیام. شەوانە دەچووم بۆ قوتابخانە بەڵکو خوێندنەکەم تەواو بکەم، تەواوی رۆژەکە کارم دەکرد، کاتەکانی ترم هەموو بە راهێنان و هەوڵدانی وەرزشی دەبردەسەر بەڵکو ببم بە وەرزشەوان. بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو، دەتوانم بڵێم هەر خولەکێکی رۆژانەم، لە قاڵب درابوو وەک خشتەکی قوتابی.
کە خوێندنم تەواو کرد، وازم لە کارەکەم هێنا و هاوینەکەیم دانا بۆ پاڵدانەوە بە هیوای دەست بەکارکردنی ئیشی تازە کە لە سەرەتای مانگی سەپتەمبەر دەستی پێدەکرد. من و هاوڕیەکم بڕیارماندا سەفەرێک بکەین بۆ کۆستاریکا بە بۆنەی تەواوکردنی خوێندنەکەمانەوە. من و ئەو بەیەکەوە قوتابخانەمان تەواوکرد.
چەن حەوتۆیەکمان لەگەڕان لەو وڵاتەدا بردەسەر، پیاسەکردن بە ناو دارستانی ئاورینگ باریندا، سەیرکردنی دەشت و دەر و ئاشنا بوون بە کەلتووری نوێ. رۆژێکیان کە لەسەر کۆتەرە دارێک دانیشتبووین، مانگۆ*ی تازەی لە دارەبوومان دەخوارد (مانگۆ ناوی میوەیەکی زەردی سووورباوە لە

کیشوەری ئەمریکا، بە تایبەت لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین هەیە) و تەماشای تەوژمی شەپۆلەکانمان دەکرد کە چۆن دژ بە کەنار خۆیان دەهاژوو. دوا نیوەڕۆکەی کە پلەی گەرما خۆی لە دەوروبەری چل پلە دەدا بە یاری ئاوەخلیسکێنەی کەناردەریاوە کاتمان بەسەربرد لەگەڵ روانین لە ئاسمانی شین و پاشان گوڕینی بۆ پەمەیی و پرتەقاڵی، دواتریش رەنگی سوور چونکە لەو کاتەدا خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو."

"دیارە، دیمەنی ئاوها گەلەک قەشەنگە." من وتم.

"بەڵێ، زۆر قەشەنگ بوو. لە یادمە لەو دەمەی سەیری ئەو دیمەنەم دەکرد ئەو تەمەنی دوو ساڵ و نیوەم دەهاتەوە بیر کە هەر خولەکێکی بەرنامەرێژی کرابوو، ئەو دیمەنە هەموو رۆژێ خۆی نمایش دەکاتەوە. بەهەشت تەنهاچەند کاتژمێرێک بوون، فرۆکەکەمان هەڵسایەوە و دوورکەوتینەوە لە رێگاوبانە سروشتیە قوراوی و خۆڵاویەکان، بە جۆرێک نەمزانی ئایا ئەو رۆژانە هەبوون یان نا. درکم بەوە کرد، نەک هەر ئەو رۆژانەی بۆ دوو ساڵ و نیو یەکبینە سەرقاڵ بووم تێیدا هەبوون، بگرە خۆر هەمیشە لەوێیە و شەپۆلەکانیش هەر تەوژم دەدەن بەرەو کەنار، ئەم بزاوتە بۆ ملیۆنان بگرە بلیۆنانان ساڵە هەر وایە.

کاتێک بەهۆی ئەو شتانەوە هەستێک سەراپای لەش و گیانمی داپۆشی، زانیم کە من زۆر چکۆڵەم. گرفتەکان و بێ تاقەتیەکان و دژواریەکان کە لە ئێستە و بۆ داهاتوو هەم بوون بۆم دەرکەوت زۆر گرنگ نین. زانیم ئەوەی لە ژیانمدا کردوومن یا نەمکردوون، ئەو بڕیارانەی داومن راستن یان هەڵە، یان لە نێوەنددان، هەموو ئەم شتانە لە ناو دەچن کاتێک ژیانم کۆتایی بێت. لەبەرامبەر ئەو دیمەنە شۆخ و رەهایەدا لێی دانیشتم و ئەو دەم زانیم ژیانم هێندە بچووکە هەر بە چاو نابینرێ لە ئاست گەورەیی دیمەنێکی ئاوهاوە. ئینجا پەلاماردرام بە چەند بیرۆکەیەک: **من بۆ لێرەم؟** ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە وامدەزانی گرنگن کەچی وەهاش دەرنەچوون، **بۆچی؟ مەبەست لە بوونم لێرە چیە؟ من چی ئەکەم لێرە؟**

کاتێک ئەو پرسیارە هاتە مێشکمەوە، بەرەو پیری شتێکی لەو جۆرە چووم کە کەیسی بۆی روون کردیتەوە. هەمیشە لە هزر و خەیاڵمدابوون تاکو وەڵامەکەم دەستگیر کەوت."

هەستم پێ نەکرد کە بۆ ئاوها خۆم لەسەر کورسیەکە قایم کردووە، بەڵام تا ئەوەندەی مایک قسەی دەکرد دەمویست بەرەو رووی هەر بەشێک لە قسەکانی بڕۆم کە دەیکردن. "گەلەک سوپاس، مایک. ئەوە چیرۆکێکی مەزن بوو."

"جۆن. خودی ژیان چیرۆکێکی مەزنە. سەرسوڕمانەکەی لەوەدایە خەڵک نازانن کە نووسەرەکەی خۆیانن و بەس، هەرچەندە ناتوانن یان نەزانن بینووسنەوە."

مایک لە سەر کورسیەکەی هاستایە سەر پا. "من دەبێ بچمەوە بۆ ناو چێشتخانەکە و هەندێ پاکی بکەمەوە. هیچ شتێکی تر هەیە بیدەینە بەرباس و خواس، جۆن."

"نەخێر، سوپاس. نەختێکی تر دەکەومە رێ. قسە لە بارەی چیترەوە بکەین، من بە تەواوی گوم بوو بووم کاتێک ئێرەم پەیدا کرد. بە راستی نازانم ئێستا بە چ ئاراستەیەکدا بڕۆم و ملی چ رێیەک بگرمە بەر."

مایک هەمدیس خەندەیەکی کرد "ئەوە پەیوەستە بەوەی دەتەوێ بەرەو کوێ بڕۆی."

مایک ویستی شتێکی تر بڵێ، بەڵام بێستەیەکی لێکرد نەوەک ناحەز بێت. کاتێک دەستی بە قسان کردەوە بە روونی شتێک تری گوت "ئەگەر لەسەر هەمان رێگەکەی خۆت بەردەوام بیت، ئەوا دوای چەند میلێک چوار رێیەک دێتە بەردەمت. بە دەستی راستتدا پێچ بکەرەوە، ئیدی دەتگەیێنێتە سەر گەورەڕێ. بەنزینخانەیەکیش هەر لەو سەر سووچەی ئەودیوەوە دایە، دڵنیام بایی ئەوەندە بەنزینت پێیە تا دەگەیتە ئەوێ."

نەمزانی ئەو چۆن دەزانێت من نەختەتە بەنزینێک لە ماشێنەکەمدا ماوە تا بەنزینخانەکە دەمبات، بەڵام زۆر گوێم پێ نەدا دیارە ئەو راستی کرد کە دەتوانم تا ئەو سەر پێی بڕۆم.

"مایک، زۆر سوپاست دەکەم. تۆ شوێنێکی گەلێک تایبەت و دەگمەنت هەیە لێرە."

دەستی گرتم و بە توندی گوشیتی "بەخێر هاتی سەرجاوم، جۆن. سەفەرێکی خۆشت هەبێ." لەگەڵ گوتنی ئەمەدا رووی وەرگێڕا بەولادا و هەنگاوەکانیشی هەڵنا بەرەو ژوورەکەی خۆی.

## نۆزده ~

سەیرێکی خۆراکنامەکەم کردەوە.

**تۆ بۆ لێرەی؟**
**لە مردن دەترسیت؟**
**ئایا مەرامەکانت بەدیهاتوون؟**

پرسیارگەلێکی ئێجگار قوڵ بوون. ئەگەر کەسێک هەر رۆژی دوای ئەوە پرسیاری لێم بکردایە لە سەریان، هەندێ شتم پێ رادەگەیاند لە بارەوەییان. ئەمێستاکە، لە کاتێکدا کە پشتی ئاشنامەکە دەخوێنمەوە، لەو باوەڕەدا نیم بتوانم چیدی رووی خۆمیان لێ وەرگێڕم.
کەیسی هاتە لای مێزەکە و پسوڵەی خەرجی خواردنەکەی خستە سەر مێزەکە و لەگەڵیشیدا دەفرێکی باغەیی بچوکی قەپاتکراوی لەبەردەممدا دانا و گوتی " ئەمە دوایین پارچە حەلوا کێکی شلک و رێواسە کە مایک بە دیاری بۆی داناویت. ئەمەش لە لایەن منەوە" ئەوەی کەیسی خۆراکنامەیەک بوو دایە دەستم. لە پەراوێزی خوارەوەی بەرگی یەکەمیدا نوسرابوو ( قاوەخانەکەی دوورە رێ) لەگەڵیدا کەیسی راسپاردەیەکی خۆی بۆ نووسی بووم کە هەر لەوێدا دووجارانم خوێندەوە. " ئەمە شتگەلێکی بچوکن وەک یادگاری لە لات بمێنن." کەیسی بە خەندەکەی خۆیەوە ئەمەی گوت.
" زۆر سوپاس، کەیسی. سوپاس بۆ هەموو شتێک."
" شایەنی نیە، جۆن. ئێمە بۆ ئەوە لێرەین، ئەوە ئەرکی سەرشانمانە."
بڕێک پارەم لەسەر مێزەکە بەجێهێشت. خۆراکنامەکە و دەفرە باغەییە گچکەکەم هەڵگرت و لە قاوەخانەکە هاتمە دەر بە هیوای دەستپێکردنی رۆژێکی نوێ.

خۆر تازە هەڵهاتبوو، تیشکەکانی خۆی بەسەر تەوای دار و درەختەکانی ئەو ناوەدا پەخش کردبۆوە. هەوای ئەو زەردەپەڕە هەم پاشماوەی هێمنی شەوەکەی بەرشنە دەدا و هەم پەیامی رۆژێکی نوێی دەدا بەو ناوەدا بڵاودەکردەوە.
هەستم کرد تازە بوومەتەوە و ژینم سەر لە نوێ دەستی پێکردۆتەوە. ئەو شتانەی لە دەستە راستمدابوون گواستمنەوە بۆ دەستە چەپم تا دەرگای ئۆتۆمبیلەکەم بکەمەوە.
"من بۆ لێرەم؟" بە خۆمم گوت. " من بۆ لیرەم؟"
بە راستی، رۆژێکی تا بڵیی تازەیە.

........................................................................

**پاشکۆ ~**

دوای بەسەربردنی ئەو شەوەم لە قاوەخانەکە، شتگەلێک لای من گۆڕان. ئەو شتانە لە تریشقە لێدانی ئاسمانەوە نەهاتوون و خۆیان تەنها خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، بەڵکو لە ئاکامی بزاوت و چوست و چالاکیەکی یەک لە دوای یەکەوە کارکردیان لەسەر ژیانی من دانا.
بە وێنەی ئاننا، بە هێواشی دەستم پێکرد. قاوەخانەکەم بە سەرسامیەوە بەجێهێشت، " من بۆ لێرەم؟" بە درێژایی کاتەکەم تێ ڕامابووم لەو پرسیارە. هەموو وەڵامەکەم لە هەفتەیەکدا چنگ نەکەوت. فێر بووم چۆن 'مەبەست لە بوونم لێرە چیە' بدۆزمەوە. ئەمە چەندا سەفەری تر لەسەرم کەوت تا بیرم لێکردەوە، ئەو کات گەڕامەوە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە ئەنجامم دابوون. وەک هەر شتێکی تری بە نرخ، ئەوە شایستەی ئەوەبوو زانینی بۆ پەیدا بکەی و چەندان هەوڵ و کۆششی دەوێت تا روو لەسەر وەڵامەکە هەڵدەماڵرێت.
ئەوە تێکەڵەیەکە لە چەند رەوت و رێبازێک کە لە کەیسی و ئانناوە فێر بووم و ئامادەیان کردم چۆن مینەیان بکەم. سەرەتا، لە تەرخانکردنی کاتێکی کەمەوە دەستم پێکرد لەو شتانەی کە خۆم حەزم پێی بوو کە زۆر لە

شێوازی بەکارهێنانەکەی ئاننا دەچوو. دواتر هەوڵم دەدا سوود لەو دەرفەتانە وەربگرم کە کەیسی قسەی لە بارەوە کرد و شتی نوێ تر لە گەڕانەکانمەوە فێربم. ئەمە پاڵی پێوەنام لە جیهانی ئەستەمەکاندا بگەڕێم بە دوای " من بۆ لێرەم؟" بەڵام ئەوەندە بە سەرەتایی نەهاتە پێش چاو وەک ئەو سەرەتایەی من سەفەرەکەم لێوە دەست پێکرد.

لە دوماهیا، 'مەبەست لە بوونم لێرە چیە' و ئەو رێگایانەی دەمویست لێیەوە بەدەستی بهێنم بۆم رۆشن بوونەوە، سەختترین زۆرانبازێی لێ خواستم تا حاسڵم کرد. کاتێک لەبەردەم دوو هەڵبژاردندا دەبیت، هەلبژاردنی ئەوەی تۆ دەتەوێ بزانی مەبەست لە بوونی تۆ لەم دنیایەدا چیە، ئەوی دیان ئەوەیە تەنها بژی و تەواو هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ، تۆ پێت وایە بڕیارەکە لەوانەیە ئاسان بێت.

بەڵام نەخێر هەرگیز وانیە.

لەگەڵ بەسەر چوونی کاتدا، بۆم دەرکەوت کە ئێرە تەنها جێگە و دواترین مەنزڵە تا خەڵکی بنە و بارگەی کاروانەکانی خۆیانی لێ بخەن. هەوڵ بدەن بە ورد و درشتی لە کەلەبەری دیوارێکەوە تەماشای ژیانیان بکەن، بەڵام لەبەرهەرهۆیەک بێ، دەرگاکە ناکەنەوە تا بچنە ناو حەوشەکەیەوە.

لە بنەڕەتدا، ئەمە کۆمەڵێ خەم و حەسرەتی بۆ من هانی، بەڵام وەک مایک گوتی، و باوەڕیشم بە قسەکەی هێنا، هەڵبژاردنی ئەم بابەتە وای لە خەڵک کردووە لە زۆربەی کاتەکاندا جیاوازبن لە ژیان و بوونەکەی. هەندێک دەستی پێدەکەن کاتێک منداڵن، هەندێکی تر دواتر، هەشە هەرگیز بە لایدا ناچێت. ئەمە بە تۆپزی نابێ و بڕیاری ئەم لە جیاتی ئەو نیە بەڵکو بڕیاری هەرکەسە لە دەستی خۆیدایەتی.

بۆ من، ئەو زانایریەی کە وەرم گرت " نابێ لەوە سڵ بکەیتەوە کە دەرفەتت بۆ نەهاتۆتە رێ  لەوەی بتەوێ کارێک ئەنجام بدەی یاخود هاتۆتە رێت و پێشوەختە کردووتە و دەترسی لەوەی بیکەیتەوە یان پێویستیت پێ نیە" وزەی دامێ دەرگاکە بکەمەوە. ئەمە بۆتە وتەزایەکی فەلسەفیانە کە هەردەم لەگەڵیا دەژیم.

لەو ساتەوە رۆژێ لە ژیانم نەگوزەراوە بێ ئەوەی بیر لە قاوەخانەکە نەکەمەوە. کەیسی و چیرۆکەکانی هەردەم لە یادمن، چیرۆکی کیسەڵی سەوزی دەریایی، کردنەوەی سندوقی پۆستەکە و ئەو کاغەزە رەنگاڵەییە پڕوپاگەندانەی کە زۆر پێویست نین. چیرۆکی شەپۆلە هاتووەکان هەردەم

زیندوون لە زەینمدا و تین و وزەم پێ دەبەخشن. هەست بە بوونی بەهێزی شەپۆلە رۆیشتووەکان دەکەم.
هەروەها بیر لە چیرۆکەکەی مایک دەکەمەوە کاتێک لە کۆستاریکا بووە و لە قەراغ دەریا دانیشتووە، روانین لە دەگمەنترین دیمەن، لابردنی حەسرەتەکان و نائارامیەکان، لێکدانەوەی هەڵبەز و دابەزەکان.
لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین ئەو شتە گرنگ و پڕ بایەخانە ببینین کە دۆزیومانەتەوە.
ئەگەر هەر پەشیمانیەکم هەبێ لەوەی نەمتوانی بێ گۆڕان لە ژیانمدا دروست بکەم، ئەوەیە مەگەر نەتوانم بە زوویی بەجێیان بێنم. لەو باوەڕەدام شەوی پێش چوونم بۆ قاوەخانەکە من ئەم ئامادەییەم تێدا نەبوو. نووکە، چەندان بە دوادا گەڕانم کردووە لە من بۆ لێرەم، بۆ ئەوە دەژیم کە ئەو مەبەستە بەدەست بهێنم. بە هیچ کلۆجێک جارێکی تر ناچمەوە ئەو دیو دەرگاکەوە.

نوسەر ئەم پرسیارە لە خوێنەر دەکا (وەرگێڕ)....

<u>پرسیارێک بۆ گفتوگۆ</u>:

پێش خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە چۆن وەڵامی ئەم سێ پرسیارەت دەدایەوە:

**تۆ بۆ لێرەیت؟**
**ئایا تۆ لە مردن دەترسیت؟**
**ئایا مەرامەکانت بەدیهاتوون؟**

دوای خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە ئایا هەمان وەڵامت دەدایەوە؟ ئەگەرنا، بۆ؟

لەسەر دوابەرگی ئەم کتێبە لەسەری سەرەوە نوسراوە
(خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەتوانێ ژیانت بگۆڕێ)

ئەم بڕگانەش، هەندێکیان لەسەر ناوەوەی بەرگی یەکەم و دوەم یاخود لاپەڕەکانی ئەمدیوئەودیوی سەرەتا و کۆتایی کتێبەکە نوسراون، داگرتنیان لەگەڵ کتێبەکەدا بەرهەمەکە بەپێزتر و دەوڵەمەندتر دەکات:

{پێدەچێ، ئەو قاوەخانەیە شوێنێکی زۆر تایبەت بووبێت کە خەڵکانێکی ئاوها سروش پێدەری لێیە، دەزانن تۆ بەرەو کوێ دەڕۆی و ئاراستەیەکی نوێت پێ نیشان دەدەن کە هەموو ژیانت بگۆڕێ. سەفەری ئاوها بەرەو میوانداریەکت دەبات کە ژیانت بە تەواوی و بۆ هەتا هەتایی بگۆڕێت. بێگومان، گۆڕینێک بەرەو باشتر.}

{لەوانەیە وەک "جۆن" تۆش بکەویتە ناوەڕاستی ڕێگەیەکەوە و وابزانت بە تەواوی بزربووی، بەڵام لە ناو دڵی خۆتدا دەزانی ئاراستەیەکی نوێتر دێتە بەردەم ڕێگەی ژیانت. تۆ تەنها لەوە دڵنیا نیت لە کوێ بڕوانی. بۆ "جۆن" سێ پرسیار وای لێکرد یارمەتی بدات لە سەرکەوتنی سەفەرەکەی: تۆ بۆ لێرەی؟ ئایا لە مردن دەترسیت؟ ئایا رازەکانت هاتونەتە دی؟ }

{لەوانەیە "جۆن" زۆر ئەم هۆنراوەیەی "دانتی" شاعیری ئیتالی بە دڵ بێت کە دەڵێت:

لە ناوەڕاستی ڕێگەی ژیاندا
خۆم لە شوێنێکی تاریکدا بینیەوە
کە نەمدەزانی ڕێگەی ڕاست لە کوێوەیە }